# کوردستان

دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالیدا

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٣   ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٤   ژمارە ٣٩٣   ١٥٠ تمەن

## هێرشکەرانی ١١ی سێپتامبر بە ئێراندا تێپەڕ ببوون

سەرپەرستیی کاتیی ڕێکخراوی ناوەندیی زانیاریی ئەمریکا (CIA) دەڵێ نزیکەی ٨ کەس لەوانەی لە هێرشە تیرۆریستی‌یەکانی ١١ی سێپتامبری ئەمریکادا، دەستیان هەبووە، بەر لە دەستپێکردنی ئەو هێرشانە، بە خاکی ئێراندا تێپەڕ ببوون. جان مەك لاگین، سەرپەرستی کاتیی CIA لە وتوویژ لەگەڵ رایەڵکەیەکی تەلەویزیۆنیی ئەمریکا، لە بەرەبەری بڵاوبوونەوەی راپۆرتێکی لێکۆڵەرانە لە بارەی هێرشەکانی ١١ی سێپتامبردا، وێڕای ئەئییدی ئەم زانیاری‌یە، رای گەیاندوە بەڵگەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە کە نیشان بدا کاربەدەستانی رەسمیی ئێران لەم هێرشانەدا دەستیان هەبووە. پێشتر هێندێك لە رۆژنامەکان بڵاویان کردبۆوە کە ئەندامانی رایەلکەی ئەلقاعیدە بەر لە وەڕێکەوتن بەرەو مەئموورییەتی خۆکوژی، بە ئێراندا ڕەت ببوون. بە گوتەی ئەو رۆژنامانە، راپۆرتی یەکجاریی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدراو لە لایەن کۆنگرەی ئەمریکا لە بارەی هێرشەکانی ١١ی سێپتامبرەوە کە بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە، هێندێك بەڵگەو زانیاری لە بارەی یارمەتیی دەوڵەتی ئێران بە ئەندامانی ئەلقاعیدە دەخاتەڕوو. لەو راپۆرتەدا هاتوە: سیاسەتی رەسمیی دەوڵەتی ئێران لە ئوکتۆبری ساڵی ٢٠٠٠وە ئەوە بووە کە رێگا بە ئەندامانی ئەلقاعیدە بدرێ بە ئازادی بە ئێراندا هاتوچۆ بکەن‌و مەئموورانی سنووریش دەستووریان پێ دراوە مۆری رابردن بە ئێراندا لە پاسپۆرتی ئەوان نەدەن تا سەفەرکردنیان بۆ ئەمریکا هاسانتر بێ. سەرپەرستی کاتیی CIA گوتویە هیچ سەیر نیە ئەگەر فڕۆکە ڕفێنەکانی بەشدار لە هێرشەکانی ١١ی سپتامبردا، هێندێك جار بە ئێراندا هاتوچۆیان کردبێ.

B.B.C

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لە پێرلاشێز

٣

لە یادی قوتابی‌یەکی شازی مەکتەبی دوکتور قاسملوودا

٤

ئەی ڕێبەر! مەرگ لە شکۆت دا، سەرشۆڕو شەرمەزار تێ‌دەپەڕێ

٥

هەواڵەکانی کوردستان‌و دەرەوەی ولات

٥

پەیامی حیزب‌و ڕێکخراو و کەسایەتی‌یە کوردستانی، ئێرانی خاریجی‌یەکان بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

٨

## ١٥ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە پێرلاشێزو کوردستان





سەعات ٧ی ئێوارەی رۆژی دوو شەممۆ ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی رێوڕەسمێکی تایبەتی بەبۆنەی پانزدەهەمین ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتوو و لێوەشاوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و سکرتێری کارامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوە چوو.


ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو شەهیدە سەربەرزانە دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە وتارێکی پێشکێشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کردو ڕێزی لە کەسایەتیی بەرزو خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرت. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا چەند پارچە شێعرو پەخشان خوێندرانەوەو چەند بەرنامەی هونەری بەڕێوە چوون. ڕێوڕەسمەکە سەعات ٨/٣٠ ئێوارێ کۆتایی پێ هات.

بۆ لاپەڕی ٢

به ئیبتکاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێدو بە هاوکاریی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس، دوانیوەڕۆی رۆژی سێ‌شەممە ١٣ی ژوئیەی ٢٠٠٤، ڕێوڕەسمێکی جوان‌و بەشکۆ بەبۆنەی یادی پازدە ساڵەی کارەساتی ڤییەن لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە بەشداریی حەشیمەتێکی زۆری لاوان‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی سکاندیناوی، بەتایبەتی لە سوئێد کە پاش دوو رۆژ ڕێگا گەیشتبوونە پاریس‌و هەروەها ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی فەرانسە بەڕێوە چوو.

بۆ لاپەڕی ٣

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کۆتایی‌هاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی



سەعات ٧ی ئێوارەی رۆژی پێنج‌شەممۆ ١٣٨٣/٤/١٨ی هەتاوی، بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، ڕێورەسمێکی تایبەتی بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە یەکێك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەڕێوەچوو. لەو ڕێورەسمەدا هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتارێکدا شێوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب‌و ئاکامەکانی راگەیاندو خاڵە بەهێزەکانی کاری کۆنگرەی خستەڕوو و لەسەر یەکریزیی تێکۆشەرانی حیزب پێی داگرتەوەو پێویستیی چالاکی نواندنی زیاترو پەرەپێدانی کارو تێکۆشانی حیزبی دووپات کردەوە.

لەو ڕێورەسمەدا چەند پارچە شێعرو پەخشان خوێندرانەوەو هاوڕێیانی کۆڕی هونەریی حیزب چەند بەرهەمێکی هونەریان پێشکێش کرد.

## سمینارێك بۆ ڕێزنان لە یادی شەهید د.قاسملوو لە هەولێر





سەعات ٥/٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٨٣، لە لایەن کومیتەی خوێندکاریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بۆنەی پازدەهەمین ساڵیادی تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، بە نیشانەی ڕێزگرتن لە خەبات‌و تێکۆشانی ئەم مرۆڤە مەزنە، سمینارێکی ڕێزلێنان لە ساڵۆنی رزگاریی زانستگەی موهەندیسیی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان‌و خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین‌و هەروەها هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران پێك هات.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە چەند بەشێك لە وتە بەنرخەکانی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو دەستی پێ‌کرد، پاشان پەیامی ئامادەکاری سمینار لە لایەن کاك زاهیر خەلیفانی‌یەوە پێشکەش کرا.

بەشێك لە کاری سمینار تەرخان کرابوو بۆ وتاری پرۆفیسۆر دوکتور مارف خەزنەدار، مامۆستای زانکۆو دۆستی لەمێژینەی دوکتور قاسملوو. دوکتور مارف سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور قاسملووو هەروەها لە بارەی بیرەوەری‌یەکانی خۆی کە کردبوونی بە دوو بەش، قسەی بۆ بەشداران کرد.

لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا کاك سۆران عەلیپوور، بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی یەکیەتیی لاوانی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

شاعیری گەورەی گەلەکەمان، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، بە بۆنەی یادی ١٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو وتارێکی ئەدەبیی نووسیبوو کە لەلایەن کاك رەحیم رەشیدی‌یەوە خوێندرایەوە.

پاشان هاوڕێی بەڕێز، کاك حەسەن شەرەفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە ژیان‌و تێکۆشان‌و هەروەها تایبەتمەندی‌یەکانی مامۆستای نەمر، دوکتور قاسملوو وتارێکی بەپێزی پێشکەش بە ئامادەبووانی‌سمینارەکە کرد.

شاعیری بەهەست پۆلا سەعید بەو بۆنەیەوە پارچە شێعرێکی بۆ کۆڕەکە ناردبوو کە لە لایەن یەکێك لە ئامادەبووانەوە خوێندرایەوە.

بەشێکی سمینارەکە، تایبەت بوو بە نیشاندانی فیلمی "نرخی ئازادی" لە دەرهێنانی هونەرمەند فەرهاد ئەرشەدی کە بەشی فیلمی کومیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرهەمی هێناوە.

لە کۆتایی کاری سمیناردا هاوڕێی بەڕێز کاك جەلیل گادانی‌و چەند کەس لە بەشداربووان لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبیی دوکتور قاسملوویان هێنایە بەرباس.

لەم کۆڕەدا کتێبێك بە ناوی "تاقگەی حەقیقەت" کە وتارو باسە تیئۆریکەکان‌و بەرهەمەکانی دوکتور قاسملووی لەخۆ گرتووەو لە لایەن هاوڕێ کاك کاوە بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادە کراوە، بە بەشداران ناسێندراو راگەیەندرا کە لە چەند رۆژی داهاتوودا دەگاتە دەستی خوێنەرانی.

شایانی باسە ساڵۆنی بەڕێوەچوونی سمینار بە دەیان وێنەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو رازابووەوەو لەسەر پارچەیەك بە خەتی گەورە ئەم دێڕە نووسرابوو: "**پێغەمبەری ئاشتی‌یان کوشت بەڵام کاروانی ڕێبوارانی بەرەو ئاشتی هەر بەڕێوەیە**".

سمیناری پانزدەهەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو سەعاتی ٩/٥ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

## کۆبوونەوەی گرووپی کاری ئەنتێرناسیونال سوسیالیست بۆ کێشەی کورد لە دیاربەکر

رۆژی پێنجشەممە ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، گرووپی کاری ئەنتەرناسیونال سوسیالیست لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا، لە شاری دیاربەکر (کوردستانی تورکیە) کۆبوونەوەیەکی پێك هێنا. نوێنەرانی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتیکی گەل "DEHAP" لە کوردستانی تورکیە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون. بەرنامەکە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی بە وتەکانی ئاغای کۆنی فردریکسۆن (سەر بە حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد) بەرپرسی گرووپی کاری ئەنتەرناسیونال سوسیالیست لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا دەستی پێ‌کرد. ناوبراو وێڕای سپاس‌و دەستخۆشانەگوتن بە حیزبی دێموکراتی گەل وەك حیزبی خانەخوێ‌و بەخێرهێنانی نوێنەری حیزبە بەشداربووەکان بەرنامەی کاری گرووپی بەم شێوەیە راگەیاند:

١ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەداری ناوەندی دیاربەکرو دانیشتن لەگەڵ جێگری یەکەمی شارەداری ئاغای یوسف ئارگۆن‌و ژمارەیەك بەرپرسانی شارەداری.

٢ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیکی گەل‌و کۆبوونەوە لەگەڵ ئاغای نەزمی گور، جێگری سکرتێری ئەو حیزبەو هەروەها ئاغای بیرتانە، بەرپرسی یەکەمی ئەو حیزبە لە شاری دیاربەکر.

لەو دوو چاوپێکەوتنانەدا، بەرپرسەکان لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفت‌و کارو چالاکی‌یەکانی خۆیاندا راپۆرتێکی تەسەلیان پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا، گرووپی کاری ئەنتەرناسیونال سوسیالیست باسێکی لەسەر چۆنیەتیی چالاکترکردنی "گرووپ" پێشکەش کرد. لە درێژەی کارەکاندا بەڵێنی درا کە گرووپی ناوبراو پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە چوار وڵاتی عێراق، ئێران، تورکیەو سووریەدا، لە یەکێك لە وڵاتانی ئوورووپایی کۆبوونەوەیەکی بەربلاو پێك بێنێ. بەرپرسی گرووپی کار، ئاغای کۆنی فردریکسۆن سەرەڕای راوێژکردن لەگەڵ سکرتێری گشتیی ئەنترناسیونال سوسیالیست‌و نوێنەرانی حیزبەکانی دیکەی ئەندام لە گرووپی کاردا رای گەیاند کە ئەو کۆبووونەوەیە لە سێ ـ چوار مانگی داهاتوودا پێك بێن.

هەر لەو بەشەدا، لەسەر داوای بەرپرسی گرووپی کارو نوێنەرەکانی دیکەی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٣و بڕیارە جۆراوجۆرەکانی بەتایبەت گۆڕینی دروشمی ستراتیژیی حیزب لە خودموختاری‌یەوە بۆ فیدرالی وەك گونجاوترین ڕێگەچارەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانداو هەروەها هەڵبژاردنی هاوڕێی تێکۆشەر، کاك مستەفا هیجری لەلایەن کومیتەی ناوەندی‌یەوە وەك سکرتێری گشتیی باسێکی پێشکەش کرد.

شایانی باسە هەیئەتی بەشداری حیزب لەو کۆبوونەویەدا بریتی بوون لە: هاوڕێیان، خوسرەو عەبدوڵڵاهی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، شاهۆ حوسێنی، نوێنەری پێشووی حیزب لە دەرەوەی وڵات‌و سادق زەرزا، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی هولەند.

## ناڕەزایەتی دەربڕین لە شێوەی بەڕێوەچوونی دادگای قەتڵی زارا کازمی

هەواڵدەریی ئاسۆشیتێدپرێس رای‌گەیاند، هولەند سەرۆکی ئێستای یەکیەتیی ئوروپا، نیگەرانیی خۆی بەرامبەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دادگای راگەیشتن بە پەروەندەی زارا کازمیی راگەیاندوە. لە بەیاننامەی تایبەتیی دەوڵەتی هولەنددا، پێشگیری لە بەشداریی دیپلۆماتەکان لە جەلەسەی موحاکەمەکردندا، مەحکووم کردوەو راگەیەندراوە: ئەو هەنگاوە تەنیا نیگەرانیی ئێمە لەو بارەوە بەهێز دەکا کە لەوانەیە عەداڵەت لەبارەی ئەو پەروەندەیەوە بەڕێوەنەچێ‌و هەلومەرجی کوشتنی زارا کازمی روون نەبێتەوە.

"فیلیپ مکینون"، سەفیری کانادا لە ئێران‌و دیپلۆماتەکان دیکە پاش ٩٠ دەقیقە چاوەڕوانی لە دەرەوەی ساختومانی دادگا، رێگایان پێ نەدرا بچنە ژوور. دەوڵەتی کانادا دوای کۆتایی‌هاتنی دادگا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، سەفیری خۆی لە ئێران بانگ کردەوە. خانمی شیرین عیبادی یەکێك لە وەکیلەکانی بنەماڵەی زارا کازمی، رای‌گەیاند بەهۆی بەڕێوەنەچوونی عەداڵەت لەبارەی ئەم پەروەندەیە، لەوانەیە پەروەندەکە بۆ دادگای جیهانیی لاهە بەرێ بکا.

# دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب

# لە ڕێوڕەسمی پازدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا



هاوڕێیانی خۆشەویست!
خوشکو برا بەڕێزەکان!

هەروەك دەزانن ۱۵ ساڵ لەوەپێش، لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، لە شاری ڤییەن، لە کۆبوونەوەیەکدا بە نێوی موزاکەرە، ڕێبەری زاناو مامۆستای گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا قادری، بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران. دوکتور قاسملوو هەڵگری پەیامی ئاشتیو دۆستایەتی بوو، هەڵگری پەیامی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردو گەلانی دیکە لە ئێراندا بوو، چارەسەرێك کە دەیتوانی وڵاتی ئێران بەرەو ئاوەدانیو خەڵکی ئێران بەرەو ڕێفاهو خۆشبەختی بەرێ. بەڵام دوژمنانی ئازادیو ئاشتی کە چاوەڕوان دەکرا مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە حەل بکەن، هەڵگری ئەو پەیامەیان تیرۆر کرد.

ئەوان بەداخەوە هەدەفێکی کە هەڵیان بژاردبوو، هەدەفێکی گرنگ بوو، ئەو هەدەفە هەروا بە هەڵکەوت نەبوو. چونکە دوکتور قاسملوو تەنها سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبوو، بەڵکوو ڕەهبەرێکی هەڵکەوتووو لێوەشاوەی ئێران بوو کە ڕەنگە لە سەد ساڵی ڕابردوودا وێنەی وی لە ئێرانیدا زۆرکەم بووبێ. دوکتور قاسملوویەك بە بیری ڕوونو فکرێکی دوورئەندێش لەگەڵ کۆمەڵێك شەمشەمەکوێرەی خوێنمژو شەڕفرۆش بەرەوڕوو بوو، دوو لایەنی دژ بە یەکتر، ئەوان بەو نەتیجە غەڵەتە گەیشتبوون کە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دەتوانێ جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بێهێز بکاو لە بەینی بەرێو هەروەها دوکتور قاسملوویان وەك مەترسییەکی گەورە دەزانی لە ڕێگای یەکگرتنی گەلانی ئێران، چونکە دوکتور قاسملوو زیاتر لە هەموو شەخسییەتێکی سیاسی هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لەو کاتەدا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز بوو، یەکگرتووی بکا بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە لە ۱۵ ساڵی ڕابردووی جووڵانەوەی خەڵکی ئێرانو گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو، وەزعییەتێك کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ۱۵ ساڵی ڕابردوودا دوچاری بووە، ڕەنگە ئێستا زیاتر لە ڕابردوو هەقانییەتی ویستی دوکتور قاسملووو حیزبی دێموکرات کە ویستێکی ئاشتیخوازانە بوو بۆ خەڵکی ئێرانو خەڵکی دنیا ڕوون بێتەوە. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران شێلگیرانە درێژەی داوە بەو سیاسەتە کوشتو کوشتارەی کە گرتوویەتە بەرو ئێستاش هەر درێژەی دەدا. ئەو سیاسەتە ئێرانی کردوە بە ئێرانێکی پاشکەوتوو، ئێرانێکی تیرۆریستخێز، ئێرانێك کە لەنێو دنیادا وەکوو حکوومەتێکی تیرۆریست نێوو نێوبانگی دەرکردوە. ئێرانێك کە لە هەر شوێنێکی مەنتەقە ئاشتیو سوڵحو برایەتی بێ، هەوڵ دەدا بۆ تێکدانی، بۆ دەستتێوەردانی. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێستاش هەر لەسەر ئەو سیاسەتە دەڕوا کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو، سیاسەتی ئاشتیخوازانەو چارەسەری مەسەلەی کوردو گەلانی دیکەی ئێران لە ڕێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە. ئەو ڕێگا بەرهەقو دروستەی کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە گرتوویەتە بەر، سیاسەتێك نیە کە بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو یا شۆڕشگێڕانی دیکەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بایەخو ئەرزشەکەی کەم بێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانە، دڕندەییو بێبەزەیی کۆماری ئیسلامی زیاتر زەق دەکاتەوە لەنێو خەڵکی ئێرانو گەلانی ئێراندا.

سیاسەتێکی کە حیزبی دێموکرات گرتبوویە پێشو دوکتور قاسملوو هەڵگری بوو، سیاسەتێك بوو کە داوای دابەشکردنی دەسەڵاتی لەنێو گەلانی ئێراندا دەکرد، سیاسەتێك کە دەبوو بەهۆی ئەوە کە گەلانی ئێران بەشێوەی دڵخواز لەگەڵ ئێراندا بمێننەوە، وڵاتەکە بەهی خۆیان بزانن، لە پاراستنو ئاوەدانکردنەوەی بەشدار بن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەی نەدەویست، کۆماری ئیسلامیی ئێران دیاریی شەڕو وێرانیو کوشتاری بۆ خەڵکی ئێرانی بەدیاری هێنابوو، بەتایبەتی کە سەرنج دەدەین شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو هەمزەمان بوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێرانو عێراق، شەڕێك کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوێدا بە میلیۆن لە گەنجەکانو پیرو پەککەوتەو ژنو منداڵی ئێرانی بە کوشت دا، بە سەدان میلیارد خەسارەتی ماددیی بۆ ئێرانێ بەبار هێنا، بەڵام ئەو هەموو وێرانیو کوشتارە چاوی شەڕفرۆشانی کۆماری ئیسلامیی پڕ نەدەکرد، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خومەینی جامی زەهری خواردبۆوەو، لە شەڕی ئێرانو عێراقدا شکستیان خواردبووو ئامادە بوون لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی عێراق دانیشتنو موزاکەرە بکەن، بەڵام نوێنەری گەلێکی کە خەڵکی ئێرانو هاووڵاتیی خۆیان بووو لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە دەیویست موشکلەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی حەل بکا، کوشتیانو، ئەو سیاسەتە درێژەی هەبووە تا ئێستا، لەو کاتەوە تاکوو ئێستا بە سەدان کەس لە خەڵکی ئاگاهو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی ئێرانو کوردستان، لە ڕۆژنامەنووسو حوقووقزانو مافپەروەر کوژراونو شەهید کراون، یان بە سەدانیان لە گۆشەی زیندانەکان دان. بەڵام هەموو ئەوانەو ئەگەر لەوە زیاتریش درێژە پەیدا بکا، ئەوانە ڕێگایەك نین کە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی کە نەتیجەی حەتمیی سیاسەتەکانیەتی، چارەسەر بکەن. کۆماری ئیسلامی بەهۆی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە، ڕۆژ بەڕۆژ قەیرانەکانی نێوخۆی قووڵتر دەکاتەوە، ئەو سیاسەتە بۆتە باعیسی ئەوەی کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خەڵکی ئێران لێی بێزار بن.

ئەگەر سەردەمانێك کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو زۆربەی خەڵکی ئێران وەکوو حکوومەتێکی خۆشەویست قەبووڵ دەکرا، بەهۆی ئەوە کە نەناسرابوو، لەو ڕۆژەوە تاکوو ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ لە ڕادەی لایەنگرانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کەم بۆتەوە، بەجۆرێ کە ئێستا ئەوانەی کە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامییان دامەزراندو لە دامەزراندنی ئەو حکوومەتەدا ئامادەی فیداکاری بوون، بێزارن لە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامیو بەشێکی زۆریان لە گۆشەی زیندانەکان دان، یانی ئەو حکوومەتە نەك هەر بە دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتو ڕێبەرایەتیی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ڕوحمی نەکرد، بەڵکوو حەتتا بەو کەسانەی کە حکوومەتەکەیان بۆ دامەزراند، بەوانیشی ڕوحم نەکردوەو هەر کەسێك بە کەمترین موخالیفەت دەکەوێتە ژێر شەمشێری ڕقو تۆڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئێمە پازدە ساڵە دوکتور قاسملوومان بە جیسم لەگەڵ نیەو کۆماری ئیسلامیی ئێران لێی ستاندین، بەڵام ئەو سیاسەتانەی کە دوکتور قاسملوو میعماری داڕشتنەکەی بوو، ئێستاش سایەیان هەر لەسەر ئێمەیە، ئێستاش دوکتور قاسملوو بە ڕێباز، هەر سەروەرو گەورەمانەو کۆماری ئیسلامییش بێگومان ئێستا ئەو واقیعییەتە باش دەزانێ، چونکە سەرەڕای ئەوە کە دوکتور قاسملووو بەدوای ویدا، دوکتور سەعیدو بە دەیان تێکۆشەری شۆڕشگێڕی دیکەی لە ئێمە شەهید کرد، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستاش هەر لەسەر پێیە، ئێستاش هەر حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەو جێگای هۆمێدی خەڵکی ئێرانە. بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەڕاستیدا بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو، ڕێبەرانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو شۆڕشگێڕانی ئێرانی، هیچ دەسکەوتێکی نەبووەو درێژەی ئەو سیاسەتەش هیچ دەسکەوتێکی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ. بەتایبەتی ئەگەر چاو لێدەکەین ئێستا لە سەردەمی ئینفۆرماسیۆنو ئێرتیباتاتی سەریع، لە سەردەمێکدا کە گەورەترین موشکیلاتی بەینەلمللەلی بە وتووێژو بەحسو گوفتگۆ چارەسەر دەکرێن، سیاسەتی خشوونەتی جمهووریی ئیسلامی، نە دەتوانێ خەڵکی ئێران قانع بکاو ڕازی بکاو نە دەتوانێ بۆ هەمیشە ئوروپاییەکانو وڵاتانی دیکەی دەرەوە کە قازانجو بەرژەوەندییەکانی تیجارەتیی خۆیان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامیدا دەبینن، هەروا پایەدار ڕابگرێ.

ناکرێ ئێمە یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە، بەڵام باسێك لە سیاسەتی موعامەلەگەرانەی حکوومەتی ئەوکاتی ئوتریش کە ئەو جینایەتە لەوێ ڕووی دا نەکەینەوە. ئوتریش وەکوو وڵاتێکی کە مودەعیی دێموکراسییەو لە قەلبی ئوروپادا قەراری گرتووە، لەگەڵ ئەوەی کە ئیدیعای مافی مرۆڤ دەکا، لەگەڵ ئەوەی کە دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزم دەکا، بەڵام کاتێك کە ئەو جینایەتە ڕووی دا، زۆر بە هاسانی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی هەمڕاهی کردو ناردنیەوە تاران، بۆ ئەوەی کە لەوێ پاداشی جینایەتەکانی خۆیان وەربگرن. ئەو شێوە سیاسەتە کە لە ئوروپادا تا ئێستا باو بووە، دوای ئەو ماوەیە زیاتر لە هەموو وەختێك واقیعییەتێکی بەرجەستە کردۆتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دیالۆگی ئینتیقادئامیز ـ ئەوەی کە بۆ خۆیان باسی دەکەن ـ نە تەنها نەیتوانیوە تەئسیراتێکی موسبەت لە ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامیی ئێراندا پێك بێنێو ئەو حکوومەتە بەرەو دێموکراسی هان بدا، بەرەو ڕیعایەتی مافی مرۆڤ هانیان بدا، بەڵکوو تەشویقی کردوون بۆ ئەوەی کە زیاتر مافی مرۆڤ لە ژێر پێ بنێن، ئەوان بە تەئمینی مەنافیعێك کە ئوروپاییەکان تەئمینیان کردوە، ئوروپایان کردۆتە پشتیوانێك بۆ خۆیان، بۆ ئەوەی کە هەر جینایەتێك کە بیانهەوێ بیخوڵقێننو ئوروپاییەکان تەماشاچی بن. بەڵام ئێستا دەبینین کە ئەو سیاسەتەش لە ئوروپادا بەو شکڵە نەماوە، چونکە واقیعیەتەکانی کە ئوروپاییەکان پێشتر دەرکیان نەدەکرد یان پێیان وابوو بە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامیی ئێران بۆ هەمیشە پایەدار دەبێ، بۆ ئەوەی کە مەنافیعی ئەوان تەئمین بکا، ئێستا گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە خەتەری موشتەرەك کە هەموویان تێیدا بەشدارنو لەلایەن ئێرانەوە ئەو خەتەرە سادر دەبێ، زۆر گەورەترە لە مەنافیعێکی تیجارەتی کە ڕەنگە بۆ ئەوان تەئمینی بکا. بۆیە دەبینین کە لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمیدا، ئوروپاییەکان لە سیاسەتی ئامریکا نزیکتر دەبنەوەو، بەگشتی ئەو ناڕەزایەتییە عامەش کە لە خودی ئێراندا بە دژی کۆماری ئیسلامی هەیە، زیاتر لە ڕابردوو ئوروپاییەکان بە نیسبەتی ئاکامی یارمەتییەکانیان بە کۆماری ئیسلامی نائۆمێد دەکا.

ئەوە بەشێك لە مەسەلەکەیە، بەڵام بەشێکی دیکە کە بەشێکی ئەساسییە، ئەویش هێزی خەڵکە. خەڵکێك کە سەردەمانێك بە دەلایلی فریوی مەزهەبی، یان بەهۆی ناشارەزابوون لەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، بە هەر دەلیل بێ لە جمهووریی ئیسلامیی ئێران پشتیوانییان دەکرد یان لانیکەم بێتەفاوت بوون، ئێستا ئەو خەڵکانە بە ئاگاهییەوە موبارێزە دەکەن لەگەڵ جمهووریی ئیسلامیی ئێران. چونکە ئەوان حکوومەتی جمهووریی ئیسلامییان ناسیوە، مافەکانی خۆیان ناسیوەو باش دەزانن کە مافەکانیان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشێل دەکرێن، لەو ماوەیەدا بەچاوی خۆیان دیتوویانە کە تا ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر کار بمێنێتەوە، ئیمکانی ڕیفاهو ئەمنییەتو ئازادی لە ئێراندا خەونێك زیاتر نیە، بۆیە خەڵکی ئێران ئێستا لێبڕاوانە موبارێزە دەکەن بۆ ڕووخانی ئەو حکوومەتە. لەو بەینەدا زیاتر لە هەمووان توێژی ئاگاهو ڕووناکبیری کۆمەڵمان، خوێندکارانو دانیشجووەکان، لەو موبارێزەیەدا بەشدارن، چونکە ئەوان زیاتر ئاگاهنو زانیارییان زیاتر هەیە.

ئێستا تەنیا چەند ڕۆژێك لە هەژدەی تیر ڕابوردووە، هەژدەی تیرێك کە لەوێدا کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەدەستی هێزی دانیشجووو خوێندکارانی ئێران وەلەرزین کەوتو لەو کاتیشەوە تاکوو ئێستا ئەو موبارێزەیە بە شکڵو شێوەی خۆی لەنێو دانشجووەکانو کۆمەڵانی خەڵکی دیکەی ئێراندا بەردەوامە.


ئێمە لەو باوەڕە داین کە خوازیارانی ئاشتیو سوڵحو ڕۆڵەکانی دێموکرات، شاگردو قوتابیی دوکتور قاسملوو کە هەڵگری ئەو پەیامەن بۆ خەڵکی ئێرانو بۆ خەڵکی دنیا لەو موبارێزەیەدا سەردەکەون، ئێمە سەرکەوتنەکەمان حەتمییەو باوەڕمان پێیەتی، چونکە ڕەوتی دنیاو ئاڵوگۆڕەکانی دنیا ئەوەمان پێ دەڵێ. ئێمە زۆر باش دەبینینو کۆماری ئیسلامییش باش دەبینێ کە چۆن حکوومەتە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان یەك بەدوای یەکدا خەریکن مەیدان بەجێ دێڵنو جێگای خۆیان دەدەن بە حکوومەتی دیکەی گەلی. حکوومەتی جمهووریی ئیسلامییش ناتوانێ لەو قاعیدەو لەو ڕەسمە بەدوور بێ.

ئێمە بەم بۆنەوە لەو ڕۆژەدا لەگەڵ هەموو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئێرانو بەتایبەت لەگەڵ خەڵکی کوردستانی ئێران، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە ڕێبازی دوکتور قاسملوو، ڕێبازی موبارێزەمانە، سیاسەتەکانی چرای ڕێگای تێکۆشانمانن، ڕێگایەك کە ئێستا زیاتر لە ڕابردوو ڕووناکایی کەوتۆتێو هەدەفەکانمانو ئامانجەکانمان کە ئازادیی گەلانی ئێرانو یەك لەوان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دایە، زیاتر لە هەمیشەو زیاتر لە ڕابردوو ڕوونو بەرچاوە. تەنها شەڕخوازەکانو دوژمنانی ئازادیو سوڵحو برایەتین کە ئەو ڕووناکاییە نابینن، چونکە ئەوان چاویان لە بەرابەر هەموو واقیعییەتەکان کوێرە. ئەوان لە تاریکایی دانو هەر ئەو لە تاریکاییمانەوەدا باعیس دەبێ کە ئەوان بڕووخێن.

لەڕاستیدا یادی دوکتور قاسملوو یادێك نیە کە ئێمە تەنها لە ڕۆژی ۲۲ی پووشپەڕ، ڕۆژی شەهیدبوونەکەیدا بیکەینەوە. ئێمە تێکۆشەرانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، ڕۆڵەکانی دێموکرات، دوکتور قاسملوو، لە دڵو دەروونمان دایە. هەمیشە بیری دەکەینەوەو جێگای وی لە بەینی خۆماندا بەتاڵ دەبینین، بەڵام دڵخۆشینو، هیوادارین بەوەی کە سیاسەتەکانی کە بنچینەی سیاسەتە کانی حیزبی دێموکرات پێك دێنن، هەروا ڕێگامان دەبێ تا سەرکەوتنی نەهایی.

**سەرکەوتن بۆ میللەتەکەمانە،**
**بۆ گەلەکەمانەو**
**ڕووخان بۆ کۆماری ئیسلامی**

**سوپاستان دەکەم**



## کورتەیەك لە ژیانو خەباتی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب

* سالّی ۱۳۲٤ (۱۹٤٥ز) لە شاری نەغەدە، ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەدایك بوو.
* ساڵی ۱۳٤۲ (۱۹٦۳ز) خوێندنی لە دانشسرای کەشاوەرزی ورمێ تەواو کردو بۆ ئەرکی مامۆستایەتیی قوتابخانە ناردرایە ناوچەی سەقز.
* ساڵی ۱۳٤۷ (۱۹٦۸ز) گەڕایەوە شارەکەی خۆی نەغەدە.
* ساڵی ۱۳٤۹ (۱۹۷۰ز) خوێندنی لە ڕشتەی زمانو ئەدەبیاتی فارسی لە دانشگای تاران دەست پێکردو لە ساڵی ۱۳٥۲ (۱۹۷۳ز) دوای تەواوکردنی دەورەی لیسانس لەو ڕشتەیەدا، جارێکی دیکە گەڕایەوە شاری نەغەدەو لە دەبیرستانەکانو دانشسرای ئەو شارە خەریکی دەرس گوتنەوە بوو.
* لە ڕێکخستنی ڕێپێوانەکانی خەڵکی شاری نەغەدە لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳٥۷دا لە دژی ڕێژیمی شا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.
* لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بۆ نوێنەرایەتیی شارەکانی نەغەدەو شنۆ خۆی کاندیدا کردو بە هێنانەوەی زیاتر لە ۹۰٪ی دەنگی خەڵك، وەك نوێنەری ئەو شارانە هەڵبژێردرا. بەڵام، ئەو هەڵبژاردنە وەك زۆربەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، لەلایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامییەوە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا.
* لە ساڵی ۱۳٥۸ (۱۹۷۹ز) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات هەڵبژێردراو چەند مانگ دواتر بە ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کرا. لەو کاتەوە تا شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە ۲۲ی پووشپەڕی ۱۳٦۸دا وەك ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.
* دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دیاریکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی وەك سکرتێری گشتی، بە جێگری سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا.
* دوای شەهیدبوونی دوکتور سادق لە خەرمانانی ۱۳۷۱دا، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە، وەك سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کراو تا سەرەتاکانی ساڵی ۱۳۷٤، کاتی بەستنی کۆنگرەی ۱۰ی حیزب، ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد.
* دوای ئەو ڕێکەوتە تاکوو کۆنگرەی ۱۲ی حیزب لە سەرماوەزی ساڵی ۱۳۷۹دا وەك جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو ئەندامی دەفتەری سیاسی کاری کردووە.

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی پازدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس

بە ئیبتکاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێدو بە هاوکاریی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس، دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٣ی ژوئیەی ٢٠٠٤، ڕێوڕەسمێکی جوانو بەشکۆ بەبۆنەی یادی پازدە ساڵەی کارەساتی ڤییەن لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە بەشداریی حەشیمەتێکی زۆری لاوانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی سکاندیناوی، بەتایبەتی لە سوئێد کە پاش دوو ڕۆژ ڕێگا گەیشتبوونە پاریسو هەروەها ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی فەرانسە بەڕێوە چوو.

جگە لەوانەش ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆستانی حیزبو کەسایەتییە کوردو ئورووپاییەکان بەدەم بانگەوازی ڕێزلێنان لە یادی قاسملووەوە هاتبوون کە لەنێو واندا دەکرێ ئیشارە بکەین بە دوکتور کەنداڵ نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، کاک کامران جیجیکان، سکرتێری گشتیی ئەنستیتۆ، دوکتور فوئاد حوسێن، سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقیو سەفیری داهاتووی عێراق لە فەرانسە، بەڕێز مەروان عوسمان لە ڕێبەرانی پارتی یەکیەتیی گەلی کورد لە سووریە، پرۆفیسۆر جۆیس بلۆ، مامۆستای زمانو شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسیی پاریس، ژان بێرتۆلینۆ، ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی تەلەفزیۆن لە فەرانسە، مێریلا گالێتی، نووسەرو کوردناسی ئیتالیایی، دوکتور مووسا کەڤاڵ، بەرپرسی پێشووی پێوەندییەکانی دەرەوەی "کۆنگرەی نەتەوەیی"، نوێنەرێکی پارتی دێموکراتی کوردستانو نوێنەرێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە فەرانسە، نوێنەرێکی ڕێکخراوی "بانگەوازی ژنێڤ" بەدژی مینە دژە نەفەرەکان، زۆر تێکۆشەری کوردو ئێرانو ... هتد.


دیمەنێک لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لە پێرلاشێزی پاریس

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا، کەژاوەی لاوانی دێموکرات کە بە جلوبەرگی ڕازاوەی کوردییەوە هاتبوونە دیداری گڵکۆی ڕێبەرانی شەهیدیانو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕیزیان بەستبووو ئارمی حیزبو ئاڵای کوردستانو وێنەی شەهیدانی ڕێبەرو چەندین تاجەگوڵینەیان بەدەستەوە بوو، بەرەو مەزاری شەهیدان کاک دوکتور قاسملووو کاک عەبدوڵڵا قادری وەڕێکەوتنو پاش گەیشتنیان، ئەو شوێنەیان بەشێوەیەکی جوان ڕازاندەوە.

سەعات ٢/٥، بەرنامەی ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی نەمران دەستی پێکرد. ئینجا خاتوو سۆزان فەتحیو خاتوو شیلان عەبدوڵاهی کە بە زمانەکانی کوردیو فەرانسەوی بەرنامەکەیان بەڕێوە دەبرد، داوایان لە بەڕێز ئاسۆی حەسەنزادە، یاریدەدەری نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات کرد تا لەلایەن دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریسەوە، بەخێرهاتنی بەشدارانی ئەو ڕێوڕەسمە بکا. بەڕێز ئاسۆ لە قسەکانیدا، وێڕای ناردنی ئافەرین بۆ لاوانی دڵگەرمو بە ئەمەگی دێموکرات، زیندوومانەوەی یادی قاسملووو ئامانجەکانی لە دڵی نەسڵی نوێدای بە باشترین هۆی هیواداربوون بە سەرکەوتنی ئەو خەباتەی دوکتور قاسملوو لە ڕێگایدا گیانی خۆی بەخت کرد، لە قەڵەم دا. ئینجا پەیامی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن هاوڕێ سەلاح حاجرەشیدییەوە خوێندرایەوە. لە پەیامی هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا هیجریدا وێڕای خۆشحاڵیو دەستخۆشانە لەوە کە ناوی دوکتور قاسملوو هەروا ئیلهامبەخشی لاوانی دێموکراتە، هاتبوو کە "ئەو هەوڵو خەباتەی ئەمڕۆی لاوان، گیانی دوکتور قاسملوو شاد دەکا، چونکە ئەو ڕێبەرە بە توانایە بڕوای تەواوی بە هێزو ئیرادەی لەبڕان نەهاتووی لاوان هەبوو." پاشان نۆرە گەیشتە بەڕێز کەنداڵ نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس. کاک کەنداڵ لە پێشدا بە زمانی فەرانسەوی قۆناغە ئەسڵییەکانی ژیانو خەباتی دوکتور قاسملووی وەبیر هێنایەوەو تایبەتمەندییە ئینسانیو سیاسییە بەرزەکانی وی دەستنیشان کرد. پاشان بە زمانی کوردی ڕووی لە لاوان کردو وێڕای کێشانەوەی پانۆرامایەك لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو، باسی ئەوەی کرد کە دەبێ قاسملوو بۆ ئێوە لاوان نموونەو ئیلهامدەر بێ" دەبێ وەك قاسملوو مێشکتان ئورووپایی، بەڵام دڵتان کوردی بێو وەك وی هەوڵ بدەن هەر لەو کاتەدا لە کۆمەڵی ئورووپاییدا سەرکەوتوو دەبن، ئەو سەرکەوتنە بخەنە خزمەت نەتەوەی خۆتانو پتەوکردنی دۆستایەتیو پشتیوانی لە گەلی کورد.

برگەکانی دیکەی بەرنامەکە بەشێوەی خوارەوە بوون:

ــ پەیامی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد، لەلایەن هاوڕێ مەریوان نستانی، بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە سوئێد

ـ سروودی "ئەی مامۆستای مەزنو زانا" بە دەنگی خاتوو بەهیە حەیدەریو کۆرسی یەکیەتیی لاوان

ــ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپا، لەلایەن هاوڕێ ئەمیر سوڵتانی

ـ سروودی "مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم" بەدەنگی هونەرمەند قادر قوربانیو کورسی یەکیەتیی لاوان

ــ یادداشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپا بۆ سەفیری ئۆتریش لە فەرانسە، لەلایەن خاتوو نیشتمان عەزیزی

ـ مەقامی "لە پێرلاشێز" بە دەنگی کاك یوسف کرمانجی

ـ پەخشانی "شەهید" لەلایەن خاتوو کەژاڵ سوڵتانی

ــ شێعری "بۆ قاسملوو" لەلایەن هاوڕێ چیا عەلیار.

دوای کۆتاییهاتنی بەرنامەکە، لاوانو بەشداران، پۆل پۆل دەچوونە پەنا گڵکۆی شەهیدان قاسملووو قادریو، بە دانانی گوڵو وێنەکێشانو بە دڵی پڕ لە هەستیان، ڕێزو سۆزی خۆیان دەخستە باوەشیان. ئینجا سەرجەم بەشداران پێکەوە چوونە سەر گڵکۆی شەهیدانی بێرلین، دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاك فەتتاح عەبدولیو کاك هومایۆن ئەردەڵانو پەیمانی وەفاو ئیمانیان لەگەڵ وانیش تازە کردەوە.

پێویستە بگوترێ کە لەو کاتەدا کە بەشداران دەچوونە سەر گڵکۆی شەهیدانی بێرلین، هەیئەتێکی لاوانی دێموکرات پێکهاتوو لە بەڕێزان: مەریوان نستانی، موژدە عەزیزیو جەماڵ بایەزیدی، بە پێی قەرارێك کە پێشتر دەفتەری حیزب لە پاریس بۆی ڕێك خستبوون، لەگەڵ ئاسۆی حەسەنزادە، بردرانە سەفارەتی ئۆتریش لە پاریس کە لەوێ لەلایەن ئاغای "هێربێرت پیکلێر" ڕاوێژکاری سەفیرو بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی سەفارەتەوە بە گەرمی وەرگیران. لەو دیدارەدا هەیئەتی نێردراو وێڕای وەبیرهێنانەوەی پارامێترەکانی قەزیەی قەتڵی دوکتور قاسملوو، لەسەر هەققانیەتی ئەو داوایە کە ئۆتریش ڕێگا بە وەدواکەوتنی قەزایی ئەو کارەساتە بدا یان هەر نەبێ ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی لەو پێوەندییەدا بخاتە ڕوو، پێی داگرتو وەها شتێکی بە هەنگاوێك زانی کە لە هەلومەرجی ئێستادا دەتوانێ یارمەتی بە ڕەوتی دێموکراسیخوازی لە ئێراندا بکا.

بەڕێز "پیکلێر" لە قسەکانیدا وێڕای ڕێزلێنان لە باوەڕی لاوانی کوردی ئورووپا بە سەمبولو بەها پیرۆزەکانی ئازادیو مافی مرۆڤ، بەڵێنی دا کە ئەو نامەیە کە لاوانی دێموکرات لەو پێوەندییەدا نووسیبوویان بگەیەنێتە دەستی پایەبەرزترین کاربەدەستانی حکوومەتی وڵاتەکەی.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لاوانی بەهەستی دێموکرات لە کەشێکی هیوابەخشدا ماڵئاواییان لە پێرلاشێزو هاوڕێیانی حیزب لە فەرانسە کردو بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتانی جۆربەجۆری سکاندیناوی وەڕێکەوتنەوە.

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لە پێرلاشێزی پاریس


دیمەنێك لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لە پێرلاشێزی پاریس

**لاوە بەهەستو دڵسۆزەکان!**

**هیوای دوارۆژی وڵاتەکەمان!**

**سڵاوو ڕێزی بێپایان**

دەستی ماندووتان دەگوشم کە لە ڕێگای دوورەوە هاتوون بۆ دیدارو پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ مامۆستاو ڕێبەری هەمیشە زیندوومان دوکتور قاسملووی نەمر لە پێرلاشیز. با کۆماری ئیسلامی ئێران قاتڵی ئەو گەورەپیاوە ببینێ کە چۆن گڵکۆی قاسملووی سەربەرز بۆتە زیارەتگای لاوانی عاشق بە خاكو وڵاتو مەکۆی ئەوینو خۆشەویستی. بە گوێچکەی دڵ سەرنج بدەن!، ئێستاش ئەو مامۆستایە دەرسی نیشتمانپەروەریو فیداکاریتان پێدەڵێ. ئەو ڕێگای سەربەرزیتان نیشان دەدا کە قوربانی بوون لە ڕێگای ئازادی وڵات دایە.

**خۆشەویستان!**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، کاتێك دڵی دوکتور قاسملوو بە گوللەی جەهلو نەزانی لە نێو دڵی ئورووپادا دابێژدابێژ کرا، ئەو هەڵگری پەیامی ئاشتیو بەختەوەری بۆ گەلانی ئێران بوو، بەڵام دوژمنانی دڵڕەشی ئاشتی کە بە واتای ئاشتیو بەختەوەریی مرۆڤەکان نامۆ بوون، هەڵگری پەیامی ئاشتییان شەهید کرد. ئاکامی ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی ڕێژیم لەم کاتەدا زیاتر لە هەموو کاتێك دەرکەوتووە. ئەو ئاکامەش شتێك نیە بێجگە لە دواکەوتوویی وڵات. نائومێدیو بێزاریی خەڵك لە ڕێژیمو ناوزڕانی کۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیمێکی یاغی لە یاسای نێونەتەوەیی کە بە نهێنی چەکی ناوکی بەرهەم دێنێ، پەرە بە تیرۆریزم دەدا، دەست لە کاروباری وڵاتانی دیکەی ناوچە بە تایبەت دراوسێکان وەردەداو مافی مرۆڤ دەخاتە ژێر پێ.

حیزبی دێموکراتیش دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسمووش هەروا سەربەرزانە لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەتەوەو حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە.

**لاوە دڵگەرمەکان!**

ئێوە لە کاتێکدا یادی پازدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە پێرلاشیز دەکەنەوە کە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند ڕۆژێکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهاتووەو چەند ئاڵوگۆڕێکی گرنگی سیاسی لە بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆیدا پەسند کردووە. ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی ئەو کۆنگرەیە هەوڵ دەدا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی پێویست لە ڕێکخستنەوەی دووبارەی حیزبدا بدا کە هەماهەنگو هاوتەریب بن لەگەڵ سەردەمی نوێ کە سەردەمی پێشکەوتنو دێموکراسیو مافی مرۆڤە. یەکێك لەو ئاڵوگۆڕانە گرنگی پێدانی زیاتر بە دەوری لاوانو پەروەردەکردنیان بۆ بەڕێوەبردنی حیزبو وڵاتەکەمان لە داهاتوودایە.

هیوادارین کە ئێوە لاوەکانیش بە هەست بە بەرپرسایەتیکردنی زیاتر لە رابردوو، کارو تێکۆشانتان لە ڕاستای خزمەت بە گەلە ستەملێکراوەکەتانو پێگەیاندنی خۆتان بۆ دوارۆژێکی گەشو ڕوون کە لە ئاسۆدایە چڕ بکەنەوە، کە ئەوە گیانی دوکتور قاسملوو شاد دەکا، چوونکە ئەو ڕێبەرە بەتوانایە بڕوای تەواوی بە هێزو ئیرادەی لەبڕان نەهاتووی ئێوە لاوەکان هەبوو.

بەو هیوایەی هەموومان هەوڵ بدەین قوتابیی ڕاستەقینەی مەکتەبی مامۆستای گەورەمان دوکتور قاسملوو بین.


**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٢ پووشپەڕی ١٣٨٣**

# لە یادی قوتابی‌یەكی شازی مەكتەبی دوكتور قاسملوودا

**كەریم پەرویزی**



پێنج ساڵ پێش‌و لە بەرەبەرەی دە ساڵەی شەهیدبوونی دوكتور قاسملووی مامۆستاو ڕێبەردا بوو كە مۆتەكەی مەرگ، بەرۆكی یەكێك لە هەڵكەوتووترین‌و ئازاترین قوتابی‌یەكانی دوكتور قاسملووی گرت.

شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی، لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی بەغدادا، یەكێك لە قوتابی‌یەكان‌و ڕێبوارانی ڕێگاو ڕێبازی مامۆستای‌نەمر، ماڵئاوایی یەكجاریی لە هاوقوتابی‌و هاوڕێكانی كردو گیانی پاكی بەرەو لای ڕێبەرو مامۆستاكەی هەڵ فڕی.

كاك سەلامی عەزیزی، لەدایك بووی ١٣٢٥ی هەتاوی لە گوندی عەزیزكەندی ناوچەی بۆكان، یەكێك لە قوتابییانی مەكتەبی دوكتور قاسملووی مامۆستاو ڕێبەر بوو كە تا دوایین ساتەكانی ژیانی، دڵی بە عیشقی ڕێبازی مامۆستایەوە لێی دەداو ئەو وانەگەلە كە لە مەكتەبی كاك دوكتوردا فێر ببوو، بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو و خوازیارانی ئازادی‌و دێموكراسیی دەوتەوە.

كاك سەلام لەو كەسانە بوو كە بە هەوڵو ماندووبوونی خۆی‌و بە پشتبەستن بە تواناو بەهرەكانی، خۆی پێ‌گەیاند. ئەو لە پاڵ خوێندنی ئایینی‌دا كە ویستی بنەماڵەكەی بوو، بە ویست‌و ئارەزووی خۆی، لە قوتابخانە خوێندی‌و كە بنەماڵەكەی ناردیان بۆ مەهاباد بۆ خوێندنی ئایینی، لە تەنیشت ئەوەوە، دەورەی دەبیرستانی تەواو كردو لە ورمێ بوو بە مامۆستای قوتابخانە. كاك سەلامی زاناو بلیمەت ساڵی ١٣٥٠ بۆ خوێندن لە ڕشتەی حوقووقی زانستگەی تاران وەرگیراو پاش تەواوكردنی ئەو ڕشتە، لە ورمێ بوو بە قازیی دادگاو دوایە بوو بە سەرۆكی دادگوستەریی بۆكان.

ساڵی ١٣٥٧ شۆڕشی گەلانی ئێران سەركەوت‌و كۆنەپەرستان‌و ڕەشدۆستان دەستیان بەسەر دەسكەوتەكانی شۆڕش‌دا گرت، تەنیا سەنگەری دژ بە تاریكی‌و پارێزەری ئازادی‌و ڕۆشنایی‌و هەقیقەت، كوردستان بوو. لەو كاتەداو لە ئاوا هەلومەرجێك‌دا كە دەبوایە لەسەر دووڕێیانی ئازادی‌و دیكتاتۆری، نوورو تاریكی‌دا، هەمووكەس هەڵوێستی خۆی ڕوون كاتەوە، كاك سەلامی عەزیزی، پشتی لە هەموو پلەو پایەو مەقامێكی دەوڵەتی كردو ڕێگای پڕ لە شانازیی‌و سەروەریی حیزبی دێموكراتی گرتەبەر.

كاك سەلامی ڕووناكبیرو ئازاو بلیمەت، كەسێك نەبوو كە بە نائاگایی‌یەوەو ئەو ڕێگا هەڵ بژێرێ‌و كەسێكیش نەبوو كە لەو كاتە ناسكەدا لە دوورەوە دانیشێ‌و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بەرانبەر بە مێژووی لە حاڵی دروستبوونی گەلەكەی‌دا نەگرێ. هەر وەك هاوڕێی بەڕێزو تێكۆشەر كاك مستەفا هیجری لە كۆڕی پرسەی كاك سەلام‌دا لە ساڵی ١٣٧٨ وتی:

" كاك سەلام یەكێك لەو ڕووناكبیرانە بوو كە بەداخەوە لە نێو ریزی ڕووناكبیران لە وڵاتی ئێمەدا ژمارەیان زۆر نیە. كاك سەلام كاتێك هەنگاوی ناوەتەوە ڕێگای پێشمەرگایەتی‌و لە ریزەكانی پێشمەرگەی حیزبی دێموكرات‌دا دەستی بە تێكۆشان كردوە، بە ئاگاهی‌و لێكدانەوەوە ئەو هەنگاوەی هەڵ هێناوەتەوە. . . كاك سەلام جوزئی ئەو ڕووناكبیرانە نەبوو كە زۆرتر لە پەنجەرەكانڕا چاو لە تەزاهوراتی ئیعترازیی خەڵك دەكەن‌و خۆیان بە دوور رادەگرن،نەكوو ئاورەكەی بیان سووتێنێ. ئەو هاتە نێو كوورەی ئاورەكەوە. . .".

كاك سەلام لە نێو ریزی تێكۆشەرانی دێموكرات‌دا، بە پشتبەستن بە تواناو لێهاتوویی خۆی، هەموو ئەركەكانی پێ‌ئەسپێردراوی بە باشترین شێوە بەڕێوە بردو پلەكانی بەرپرسایەتیی یەك لەدوای یەك بڕی، لە ئەندامەتیی هەیئەتی ئیجرایی كومیتە شارستانەوە تا بەرپرسی كومیتەی شارستان‌و ئەندامی كومیسیون‌و ئەندامەتیی دەفتەری سیاسی. كاك سەلام لە خەبات‌دا لە هەموو جێگەو پێگەیەك‌دا، كوڕی ڕۆژانی تەنگانە بوو:

" كاك سەلام هەروەها یەكێك لەو تێكۆشەرانە بوو كە لە سەختترین مەراحیلی حیزبی‌دا، لەو كاتەدا كە حیزب ئیحتیاجی بە ڕۆڵەی تێكۆشەرو وەفادار بوو، ئانێك‌و بۆ لەحزەیەك قەت شك‌و گومانی لێ پەیدا نەبوو".

كاك سەلام قوتابی‌یەكی زیرەكی مەكتەبی دوكتور قاسملوو بوو و هەتا سەر وەفادار بەو ڕێبازە بوو، بۆیە لە یادی ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوكتور قاسملوودا‌و لە یادی ٥ ساڵەی كۆچی دوایی كاك سەلام‌دا، ڕێزو ئەمەگناسیمان بۆ ئەو شەهیدە سەربەرزانە نوێ دەكەینەوە:

**"جارێكی دیكە لەلایەن هەموومانەوە ئەو بەڵێنە كە بە دوكتور قاسملوومان داوە، بە دوكتور شەرەفكەندی‌و هەموو شەهیدانی حیزبەكەمان داوە، جارێكی دیكە ئەو بەڵێنە لەلایەن هەموانەوە تێكرار دەكەمەوە، بەڵێن دەدەین بە كاك سەلام كە ڕێڕەوانی تا سەری ڕێگاكەی دەبین"[٢].**

ژێدەر:

١ـ بەیاننامەی كومیتەی ناوەندیی حیزب، بە بۆنەی كۆچی دوایی هاوڕێی تێكۆشەر سەلام عەزیزی، ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی

٢ـ قسەكانی هاوڕێی بەڕێزو تێكۆشەر كاك مستەفا هیجری، لە كۆڕی پرسەی كاك سەلامی عەزیزی‌دا، ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی

## نامەی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ ئوورووپا

### بۆ فەخامەتی بەڕێز ئانتۆن پرۆهسكا، سەفیری ئوتریش لە فەڕانسە

سەفارەتی ئوتریش لە پاریس
پاریس، ٢٠٠٤/٧/١٣
جەنابی سەفیر!

ئێمە نوێنەرانی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە وڵاتانی ئوورووپا، ئەمڕۆ هاتووینە فەڕانسە بۆ ئەوەی لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس ڕێز لە یادی پانزدەهەمین ساڵوەگەڕی قەتڵی دوكتور عبدالرحمن قاسملوو بگرین.

دوكتور قاسملوو، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ڕۆژی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن لە كاتێك‌دا لەگەڵ دوو هەڤاڵی‌دا بە دەستی نێردراوانی كۆماری ئیسلامیی ئێران كوژرا كە وەشوێن ڕێگاچارەیەكی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی كورد لە ئێران كەوتبوو. جێگای داخی زۆرە كە ئەو كارەساتە هیچ وەشوێن‌كەوتنێكی قەزایی جیددی‌و كاریگەری لە وڵاتی ئێوەدا بەدواوە نەبوو.

هەموو كۆڕو كۆمەڵو كەسایەتی‌یە سۆسیال دێموكراتەكانی ئوورووپا، قاسملوویان وەك دێموكرات‌و ئاشتیخوازێكی ڕاستەقینە دەناسی. قاسملوو ویترینی بزووتنەوەیەكی ڕەواو پێشكەوتنخوازانە بۆ وەدیهاتنی دێموكراسی، مافی مرۆڤ‌و بە ڕەسمی ناسینی هۆوییەتی گەلی كورد لە ئێراندا بوو.

ئێوە سەر بە وڵاتێكی دێموكراتیك‌و میللەتێكی ئاشتیخوازن. ئێمەش لاوانێكین كە لە هەمان كات‌دا كە بۆ یارمەتیدان بە وەدیهاتنی مافەكانی گەلەكەمان لە كاناڵە قانوونی‌و شارستانی‌یەكانەوە تێ‌دەكۆشین، بەشێك لە دانیشتووان‌و تەنانەت سیتیزێنەكانی ئوورووپاش پێك دێنین. دنیای ئەمڕۆ‌و كێشەكانی لە هەموو كەلێن‌و قوژبنێكەوە پێكەوە گرێ دراون. بنیاتنان‌و سەقامگیركردنی ئاشتی‌و دێموكراسی لە جیهانێكی ئاوادا پێویستی بە پشتیوانیی ئازایانە‌و بێ‌پەردە لە خەباتی خەڵكی وڵاتانی دیكتاتۆری‌و بارباڕی‌لێدراو بۆ ئازای هەیە.

یەكێك لە ڕێگاكانی پشتیوانی‌یەكی ئەوتۆ ئەوەیە كە دەوڵەتانی ئوورووپایی لەو جینایەتانەی سرویسە نهێنی‌یەكانی ڕێژیمی ئێران لەسەر خاكی وان بە دژی جودابیرانیان ئەنجام داون، چاوپۆشی نەكەن. ئێمە پێمان وایە ئێستا كۆماری ئیسلامی لە وەزعییەتێك‌دا نیە كە هەنگاوی لەو بابەتە زیانی ئەوتۆ بۆ قازانجەكانی دەوڵەتانی ئێوەی لێ‌بكەوێتەوە.

هەربۆیە ئیجازەمان بە خۆمان دا كە بەو هەنگاوەمان بە نۆرەی خۆمان داوا بكەین كە كاربەدەستانی دەوڵەتی ئوتریش دەرفەتی كردنەوەی پەروەندەی قەزایی قەتڵی دوكتور قاسملوو بدەن، یان هەر نەبێ لەو پێوەندی‌یەدا لە ڕاگەیاندنێكی ڕەسمی‌دا ئەو ناڕەوایی‌یەی پازدە ساڵ پێش لە وڵاتی ئێوەدا دەرهەق بە گەلی ئێمە كرا وەك بوە مەحكووم بكەن.

ڕیئالپۆلیتیك هەرچی بڵێ، هەنگاوێكی ئەوتۆ نەك هەر پێویستی‌یەك، بەڵكوو ئەركێكی ئەخلاقیشە. سەرەتایی‌ترین چەمكی عەداڵەت، قازانجی داهاتووی ئەمنییەتی خاكی ئوورووپاو ئامانجی فراوان كردنەوەی كەشی دێموكراسی بۆ ئەولاتر لە سنوورەكانی ئوورووپا ئەمە دەخوازێ.

**لەگەڵ سوپاسمان، تكایە جەنابی سەفیر، حورمەتی ئێمە قبووڵ بكەن.**

**یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ ئوورووپا**

***

## بەشێك لە قسەكانی دوكتور كەنداڵ نزان، سەرۆكی ئەنستیتۆی كورد لە پاریس لە ڕێوڕەسمی پازدەساڵەی یادی دوكتور قاسملووو هاوڕێیانی لە پێرلاشێز



ئەمن شانسی ئەوەم بووە كە بۆ ماوەی پازدە ساڵ یەكێك لە دۆستە هەر نزیكەكانی دوكتور قاسملوو بم‌و لەگەڵ وی بەشم هەبێ لە خەبات بۆ ئازادیی گەلی كورد. چلۆن دەكرێ لە وتەیەكی كورت‌دا ژیانی پڕبەرهەمی دوكتور قاسملوو بۆ لاوان‌و بەتایبەتی ئەوانەی دوكتور قاسملوویان نەدیوە، خولاسە بكەینەوە؟ كەسایەتیی دوكتور قاسملوو چەندین لایەنی هەبووو، لە ڕۆژی یادكردنەوەی‌دا تەنیا شتێك كە دەتوانم بیكەم، ئەوەیە كە هێندێك خەت‌و نیشانەی گشتی لەبارەی وی‌دا باس بكەم. پێش هەموو شتێك دەتوانین بڵێین كە دوكتور قاسملوو زۆر بە خەستی لە خەباتەكان، ئاواتەكان‌و هێندێك جار تراویلكەكانی سەردەمی خۆی‌دا بەشدار بوو. ئەو لە تەمەنی چاردە پازدە ساڵی‌دا شاهیدی ئەو ساتە هەرە گرنگەی مێژووی كورد بوو كە دامەزرانی یەكەم كۆماری كورد لە مەهابادە. ئەو ڕووداوە هەتا تەئسیری لەسەر وی دانا. ئەو كە منداڵی بنەماڵەیەكی گەورەی دەرەبەگی ناوچەی ورمێ بوو، بیری شۆڕشگێڕی لە دەروونی‌دا چەكەرەی كرد، لە جیاتی ئەوەی وەك منداڵی چینێكی دەوڵەمەند بچێ، ببێ بە پزیشك یا ئەندازیار، ئەو چووە نێو خەباتێكی شۆڕشگێڕانە.

... ڕووداوەكانی دوایە بەشێك لە مێژوون‌و زیاتریش ناسراون، بۆیە ئەمن باسی ناكەم. تەنیا ئەوەندەتان لەبیر بێ كە لە ئێرانی تازەی ئایەتۆڵڵاكان، قاسملوو ئەوەڵین دەنگ بوو كە مەسەلەی بارمتەكانی سەفارەتی ئامریكای مەحكووم كرد، شتێك كە ئەودەم ئەسڵەن ئاسان نەبوو. وەك خەباتگێڕێكی ئازادی‌و عەداڵەت پێی وابوو كە ئامانج هەموو جۆرە ئامرازێك پاساو نادا، ئەو هەمیشە شانازیی بەو سوننەتە كوردی‌یە دەكرد كە سەرەڕای هەموو چارەڕەشی‌یەكی بەسەری هاتوە، گەلی كورد پەنا بۆ تیرۆریزم نابا‌و خەڵكی بێ‌گوناح بە بارمتە ناگرێ، ئەو پێی وابوو كە بزووتنەوەیەكی ڕەوا نابێ پەنا بۆ مێتۆدی ناڕەوا بەرێ‌و كارێكی وا تەنیا زەبر لە ئیعتباری بزووتنەوەكە دەداو هیچی دیكە.

ئەو باوەڕی بە چارەسەری سیاسیی مەسەلەی كورد هەبوو، بەڵام كاتێك لە مانگی ئووتی ١٩٧٩دا خومەینی شەڕی لە دژی گەلی كورد ڕاگەیاند، بۆ دیفاع لە خۆكردن ناچار بوو بچێتە شاخ. شاهیدانی ئەو سەردەمە یەكجار زۆرن‌و ئەو كاتە زۆر پزیشك‌و هەواڵنێر چوون، هەر هەموشیان جەزبی كەسایەتیی بێ‌هاوتای قاسملوو بوون. ئەو كەسێكی زۆر بە فەرهەنگ بوو كە چەندین زمانی دەزانی، لە بواری مێژووو ئەدەبیات بەتایبەتی شێعردا زۆر شارەزا بوو، كەسێك بوو كە زۆر بە ئاسانی دەی‌توانی لەگەڵ ئەم‌و ئەو پێوەندی‌و دۆستایەتی دابمەزرێنێ. ئێستا زۆر لەو پزیشكانەی ئەوكاتە چوونە كوردستان‌و ئێستا لە دەوڵەت‌و بەڕێوەبەریی فەرانسەدا پۆستی زۆر گرنگیان هەیە دەبینم‌و هەموویان سەفەرەكانی كوردستانیان وەك هەژێنەرترین‌و لەبیرنەكراوترین ئەزموونی ژیانیان باس دەكەن.

قاسملوو هەروەها توانی لە ڕێگای ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە، ڕوخسارێكی مۆدێڕن بە بزووتنەوەی كورد ببەخشێ، ئەو كاتە هەوڵی دا بە دنیای دەرەوە نیشان بدا كە بزووتنەوەی كورد تەنیا لە چەكداری جەمەدانبەسەرو كلاشینكۆف بەدەست پێك نەهاتوە، بەڵكوو ڕۆشنبیرو خوێندەواریشی تێ‌دان. ئەو كاتە نزیكبوونەوەو پەیداكردنی پشتیوانیی پارتە چەپەكانیش بۆ بزووتنەوەی كورد ئاسان نەبوو. قاسملوو دێموكرات بوو، بەڵام سۆسیالیستیش بوو، سۆسیال دێموكرات بوو. ئیدئالی عەداڵەت بۆ وی سوسیالیزمێكی وەك ئەوەی سەدری ئەعزەم "كرایسكی"و دێموكراسی‌یەكی وەك هی وڵاتانی سكاندیناوی بوو. بەڵام بە داخەوە لە زەمینەیەكی وەها نالەباری وەك ئێراندا ئەمە ئاواتێكی دووردەست بوو....

... قاسملوو لە مێژووی كورددا وەك ڕوحێك دەمێنێتەوە كە بۆ مافەكانی هەموو كورد خەباتی كردو پشتیوانیی بەكردەوەی لە كوردی هەموو پارچەكان دەكرد. ناوی وی هەروەها وەك ڕۆشنبیرێكی گەورەی نە تەنیا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵكوو ئوورووپاش دەمێنێتەوە، ئەو هەروەها نموونەی دێموكراتبوون بوو لە سەردەمێك‌دا كە هەموو ڕێكخراوو تاقم‌و گرووپەكانی ناوچە ماركسیست ـ لێنینیست‌و ستالینیست بوون. ئەو تایبەتمەندی‌و ئیدئالانەی قاسملوون كە ئەمڕۆ دەبێ لاوانی كورد هەڵگری بن‌و خۆشحاڵم كە ئەمڕۆ ئەو هەموو لاوە لەسەر قەبری دوكتور قاسملوو دەبینم. ئەوجار نۆرەی وانە كە بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانج‌و ئیدئالانە خەبات بكەن.

***

# ئه‌ی رێبه‌ر!

## مه‌رگ له شكۆتدا، سه‌رشۆڕو شه‌رمه‌زار تێده‌په‌ڕێ

**عیرفان ره‌هنموون**



ئێمه وه‌ك نه‌ته‌وه‌ی کوردو ئه‌ندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاتێ ده‌مانه‌وێ که‌سایه‌تی که‌موێنه‌و به‌رزی رێبه‌ری شه‌هیدمان "کاك دوکتور قاسملوو" شرۆڤه بکه‌ین، ناتوانین وه‌ك که‌سێکی بێلایه‌ن، ئه‌و که‌سایه‌تی‌یه مه‌زنه‌و خزمه‌ته به‌نرخه‌کانی ئه‌و رێبه‌ره زاناو خاکه‌ڕایه بکه‌ینه ته‌وه‌رو به‌رناسێك بۆ ناسینێکی رووتی زانستی‌و به‌دوور له هه‌ر چه‌شنه سۆزداری‌یه‌ك. به‌ڵام ره‌نگه رووداني وه‌ها حاڵه‌تێك سروشتی بێ‌و ده‌توانین بڵێین که مرۆڤ نه ته‌نیا له مه‌سه‌له‌و دیارده مه‌زن‌و چاره‌نووسسازه‌کاندا، ناتوانێ خه‌مسارد‌و بێلایه‌ن بێ، چونکه ده‌روونناسه‌کان له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن که مرۆڤ ته‌نانه‌ت له‌نێوان دوو دیارده‌ی سروشتیشدا که ره‌نگه دوو ره‌نگ، دوو سه‌نگ یان دوو دره‌خت بێت، ناتوانێ خه‌مساردی‌و بێلایه‌نیی خۆی بپارێزێ‌و به‌پێی سروشتی مرۆڤ، به‌لای یه‌کێك له‌و دیاردانه‌دا ده‌شکێته‌وه‌و بێکه‌س گوته‌نی "دوو ریانه‌و نابێ به سێ".

که‌واته بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌کی بنده‌ست، زۆرلێکراوو چه‌وساوه، زۆر سروشتی دێته به‌رچاو که ببێته تاڤگه‌یه‌کی سۆزداری بۆ که‌سایه‌تی‌یه‌کی به‌رزو راستگۆی وه‌ك کاك دوکتور قاسملوو که ته‌مه‌نی خۆی به چه‌شنی مۆمێکی پرشنگدارو کورتخایه‌ن هه‌ڵکرد تا نه‌ته‌وه بنده‌سته‌که‌ی له ژێر رۆشنایی ئه‌و رووناکی‌یه‌دا، رێگای ئازادی، به‌رخۆدان‌و تێکۆشانی بێوچان بگرێته به‌ر. له‌م ده‌رفه‌ته کورته‌دا، زارۆکانه هه‌وڵ ده‌ده‌ین که به‌ره‌و ناسینی مامۆستای دێموکراسی چه‌ند هه‌نگاوێ هه‌ڵهێنینه‌وه، گه‌رچی ره‌نگه ئه‌و هه‌نگاوانه له‌رزۆك بن‌و ته‌نانه‌ت تا بناری ئه‌و قه‌ندیله شکۆداره‌ش رێ نه‌که‌ن.

کاك دوکتور قاسملوو، که‌سایه‌تی‌یه‌کی به‌ربڵاو فره‌ڕه‌هه‌نده، به‌ڵام ئه‌گه‌ر نه‌ختێ به وردی سه‌رنجی بده‌ینێ، به‌له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌و فره ره‌هه‌ندی‌یه‌ی که له‌و که‌سایه‌تی‌یه مه‌زنه‌دا بوونی هه‌یه، که‌سایه‌تی‌یه‌که‌ی وه‌ك یه‌که‌یه‌کی گشتی‌و چڕو پڕ وزه‌و ئه‌ڤیندار به‌شکۆیه‌کی چیایی‌یه‌وه له به‌رامبه‌رماندا خۆی ده‌نوێنێ. له‌م ده‌رفه‌ته‌دا، تیشك ده‌خه‌ینه سه‌ر دوو تایبه‌تمه‌ندیی سه‌ره‌کیی ئه‌و رێبه‌ره هه‌میشه زیندووه، که وێده‌چێ تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌کانی دیکه وه‌ك هه‌زاران هه‌ودای به‌ورشه له‌و دوو تایبه‌تمه‌ندی‌یه گرێ درابن‌و تانوپۆیه‌کی زه‌ڕکه‌فتیان پێك هێنابێ.

### کاك دوکتور قاسملوو، مامۆستایه‌کی دلۆڤان:

کاتێ سه‌رنج ده‌ده‌ینه گوته‌و کرداره‌کانی کاك دوکتور قاسملوو له سه‌نگه‌ره‌کانی خه‌بات‌و به‌رخۆدان‌و له‌نێو ریزی پێشمه‌رگه به بیروباوه‌ڕه‌کانی دێموکرات، له‌نێو شارو گونده‌کانی کوردستان، له کۆبوونه‌وه‌و سمینارو کۆنفرانسه حیزبی‌یه‌کان، له وتووێژو هه‌ڤپه‌یڤینه‌کان‌و ته‌نانه‌ت له وتووێژ له‌ته‌ك دیپلۆمات ـ تیرۆریسته‌کانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئه‌و شه‌هیده وه‌ك مامۆستایه‌کی دلۆڤان ده‌رده‌که‌وێ‌و "شوێن" هه‌ندێجار ده‌بێته قوتابخانه‌یه‌کی ره‌زاسووکی گونده پێپه‌تی‌و قوڕاوی‌یه‌کانی کوردستان‌و برێ جاریش تالاری زانستگه به‌نێو بانگه‌کانی جیهان له هزرماندا چه‌که‌ره ده‌که‌ن‌و برێ کاتیش وێنه‌ی زانکۆی په‌روه‌رده‌کردنی ئه‌فسه‌رانی چاونه‌ترسی شه‌ڕی پارتیزانی له‌گه‌ڵ مۆته‌که‌ی ترس‌و ره‌هێڵه‌ی تاریکی‌دا، پانتایی‌یه‌کانی فانتازیامان ده‌نه‌خشێنێ.

ئه‌و "مامۆستا" بوو، پڕ به واتاو به ته‌واوی یه‌کانگیر له ته‌ك ئه‌و چه‌مکه‌دا. مامۆستایه‌ك که له یه‌ك کاتدا، وانه تیئۆریك‌و قووڵه‌کانی ده‌گوته‌وه‌و گۆرانیی بۆ ژیان ئه‌چڕی‌و له‌گه‌ل ئه‌وه‌دا که دۆزه‌خی ترسی بۆ کاربه‌ده‌سته‌کانی رێژیمی خومه‌ینی‌و پاسدارانی تاریکی‌و نه‌زانی داده‌خست، هه‌میشه نیگای پڕ بوو له ئاماژه‌یه‌کی ئه‌هوورایی بۆ ژیان‌و پێشمه‌رگه چاوتیژو به هه‌ڵمه‌ته‌کانی ئاگادار ده‌کرده‌وه که نه‌خڵه‌تابن دره‌ختێ زویر بکه‌ن‌و چاوی کانیله‌یه‌ك پڕ بکه‌ن له خۆڵ‌و باڵی په‌پووله‌یه‌ك هه‌ڵوه‌رێنن.

ئه‌و "مامۆستا"یه‌کی بیرورد بوو، به‌ڵام به پێچه‌وانه‌ی مامۆستاکانی دیکه‌وه، به ده‌یان قوتابی ده‌وریان نه‌گرتبوو، به‌ڵکوو هه‌زاران قوتابیی تامه‌زرۆ گوێیان بۆ وانه پڕ نێوه‌رۆکه‌کانی هه‌ڵده‌خست. قوتابخانه‌که‌ی به پێچه‌وانه‌ی قوتابخانه‌کانی دیکه، بریتی نه‌بوو له ژوورێکی به‌رته‌سکی چه‌ند مه‌تر له چه‌ند مه‌ترو دیواره‌کان گه‌مارۆیان نه‌دابوو، به‌ڵکوو ئێران‌و کوردستان ببوونه قوتابخانه‌و ته‌نانه‌ت سنووره‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناڤینیشی به‌زاندبوو. ئه‌و مامۆستایه‌ك بوو که به پێچه‌وانه‌ی مامۆستاکانی دیکه‌وه، خانه‌نشین نه‌ده‌بوو،و بۆ به‌ده‌ستهێنانی بژێوی ژیان، پیشه‌ی "مامۆستایه‌تی" هه‌ڵنه‌بژاردبوو، به‌ڵکوو هۆی هه‌ڵبژاردنی "مامۆستایه‌تی" بۆ ئه‌و مرۆڤه هزرڤانه، گۆڕینی ژیان بوو، سڕینه‌وه‌ی ره‌نگه ره‌ش‌و خۆڵه‌مێشی‌یه وه‌ڕه‌زکه‌ره‌کان له ژیان‌و شکاندنی ئه‌و کۆتوبه‌ندانه بوو که ژیانیان له مانا قووڵ‌و ئه‌رخه‌وانی‌یه‌که‌ی به‌تاڵ کردبۆوه. ئه‌و "مامۆستا"یه‌ك بوو که "تیئۆری" نه‌ببووه له‌مپه‌رو ئاسته‌نگ له به‌رامبه‌ر هه‌نگاونانی به‌ره‌و ژیان‌و گۆرانی بۆ چه‌مکێکی ره‌نگاڵه‌یی‌و هیوابه‌خش، چونکه ئه‌و پراگماتیستێکی هزرڤان بوو،و باوه‌ڕی به‌وه هه‌بوو که "تیئۆری" ته‌نیا له کارو کرده‌دا سه‌ر هه‌ڵده‌داو ده‌بێ دووباره ئاراسته‌ی واقیعی کۆمه‌ڵایه‌تی بکرێته‌وه‌و ژێرخانه‌کان هه‌ڵته‌کێنێ، تا سه‌رخانه سیاسی‌و حقووقی‌و که‌لتووری‌یه‌کان زیاتر له گه‌وهه‌ری "بوون"و "مرۆڤ" نزیك‌و نزیکتر ببنه‌وه.

**ئه‌و "مامۆستا"یه‌ك بوو که "تیئۆری" نه‌ببووه له‌مپه‌رو ئاسته‌نگ له به‌رامبه‌ر هه‌نگاونانی به‌ره‌و ژیان‌و گۆڕانی بۆ چه‌مکێکی ره‌نگاڵه‌یی‌و هیوابه‌خش، چونکه ئه‌و پراگماتیستێکی هزرڤان بوو،و باوه‌ڕی به‌وه هه‌بوو که "تیئۆری" ته‌نیا له کارو کرده‌دا سه‌ر هه‌ڵده‌داو ده‌بێ دووباره ئاراسته‌ی واقیعی کۆمه‌ڵایه‌تی بکرێته‌وه‌و ژێرخانه‌کان هه‌ڵته‌کێنێ، تا سه‌رخانه سیاسی‌و حقووقی‌و که‌لتووری‌یه‌کان زیاتر له گه‌وهه‌ری "بوون"و "مرۆڤ" نزیك‌و نزیکتر ببنه‌وه.**

ئه‌و "مامۆستا"یه‌ك بوو که له ره‌وتی کایه کۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسی‌یه‌کانه‌وه به تیئۆریی شۆڕشگێڕانه‌و پێکهاته‌شکێن ده‌گه‌یشت‌و نه ئه‌و تیئۆرییانه‌ی وه‌ك ئامرازێ بۆ به‌ده‌ستهێنانی بژێوی ژیان‌و کات کوشتن ده‌ویست‌و نه به‌چاوی کۆمه‌ڵگای‌دا ده‌دایه‌وه، به‌ڵکوو تیئۆری‌یه زانستی‌و فه‌لسه‌فی‌یه‌کان بۆ ئه‌و، ئامرازێ بوون بۆ گۆڕینی پێکهاته چه‌قبه‌ستووه‌کانی کۆمه‌ڵگاو به‌دیاری‌هێنانی روخسارێکی گه‌شاوه‌ترو هیوابه‌خشتر بۆ ژیانی مرۆڤه‌کان.

ئه‌و مامۆستا پایه‌به‌رزه به قووڵی ده‌رکی به دواکه‌وتوویی‌و له دواکه‌وتوویی‌راگیرانی نه‌ته‌وه‌که‌ی کردبوو، بۆیه هه‌میشه هه‌وڵی ده‌دا، دره‌ختی پڕ میوه‌ی ماریفه‌تی تا ئه‌و ئه‌ندازه‌یه شۆڕ کاته‌وه که هه‌موو چین‌و توێژه‌کانی کۆمه‌ڵگا ده‌ستیان به‌و دره‌خته پڕ به‌رهه‌مه رابگاو هه‌موان به‌له‌به‌رچاوگرتنی پله‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و ئاستی تێگه‌یشتنیان، که‌ڵکی پێویستی لێوه‌ربگرن.

ئه‌و "مامۆستا"یه‌ك بوو که "شوێن"ی نه‌ده‌ناسی‌و هه‌ندێجار ده‌بوو به گه‌رده‌لوول‌و کوڕو کیژانی شۆڕش له‌و گه‌رده‌لووله‌وه ده‌ڕوان‌و برێ جاریش شنه‌یه‌کی هێورو په‌ردیسی بووو ژینگه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تیی پڕ ده‌کرد له نه‌شئه‌و جارجاره‌ش وته‌کانی وه‌ك شه‌ونمێکی ئه‌زه‌لی بۆ بووژانه‌وه‌ی ژیان دایان ده‌کرد.

### کاك دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕێکی شێلگیرو خاکه‌ڕا:

ئه‌گه‌ر سه‌نج بده‌ینه ژیانی پڕ له سه‌روه‌ری‌و خه‌باتی ده‌یان ساڵه‌ی کاك دوکتور قاسملوو، بۆمان روون ده‌بێته‌وه که ئه‌و به‌ڕێزه "شۆڕشگێڕێکی شێلگیرو خاکه‌ڕا" بوو. ئه‌و "شۆڕشگێڕ" بوو، پڕ به واتای چه‌مکی "شۆڕشگێڕبوون"، شۆڕش لای ئه‌و، هه‌ڵچوونێکی کاتی‌و گوزه‌را نه‌بوو،و پڕ نه‌بوو له دروشمی بریقه‌دارو خه‌یاڵی‌و ناواقیعی. به‌ڵکوو ئه‌و مرۆڤه شۆڕشگێڕه به پشتبه‌ستن به میتۆده زانستی‌یه‌کان، پێکهاته‌ی چه‌قبه‌ستووی سیاسه‌ت‌و کۆمه‌ڵگای رۆژهه‌ڵاتی بۆ ده‌رکه‌وتبوو، له‌به‌ر ئه‌وه بزاڤێکی شۆڕشگێڕانه‌ی بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ئه‌و پێکهاته چه‌قبه‌ستووه‌و ئاوه‌ڵاکردنی ئاسۆکانی ئازادی بۆ نه‌ته‌وه چه‌وساوه‌و بنده‌سته‌که‌ی هه‌ڵبژاردبوو. زۆر که‌س‌و تاقمی سیاسی، به‌تایبه‌ت له سه‌روبه‌ندی شۆڕشی گه‌لانی ئێراندا، ده‌مارگرژانه، ئه‌و رێبه‌ره مه‌زنه‌یان به موحافیزه‌کارو سازشکار له قه‌ڵه‌م ده‌دا،و دروشم‌و به‌رنامه‌کانی ئه‌و رێبه‌ره هه‌ڵکه‌وتووه‌یان به دروشمگه‌لێکی که‌منرخ ده‌نرخاند. به‌ڵام شێلگیری‌و شۆڕشگێڕبوون‌و به‌رخۆدانی کاك دوکتور قاسملوو،و مانه‌وه‌ی چیائاسای له مه‌یدانی خه‌باتی ئێران‌و کوردستاندا، راستی‌و دروستیی بیروبۆچوونه‌کانی ئه‌و رێبه‌ره بلیمه‌ته‌یان ده‌رخست‌و دوای تێپه‌ڕینی چه‌ندین ساڵ دوکتور قاسملوو حیزبه پێشڕه‌وو خه‌باتکاره‌که‌ی بوونه یه‌کێك له خۆڕاگرترین‌و قایمترین سه‌نگه‌ره‌کانی به‌رگری له دێموکراسی‌و مافه نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌کانی هه‌موو گه‌لانی پێکهێنه‌ری ئێران.

کاك دوکتور قاسملوو، خووی به ژیانی ساده‌و ئاسایی گرتبووو له‌نێو خه‌ڵکدا ده‌ژیاو له ئازارو خۆشی‌و ناخۆشی‌یه‌کانیاندا به‌شدار بوو،و هه‌رگیز خۆی له کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك دانه‌ده‌بڕی، به‌ڵکوو هه‌وڵی ده‌دا رۆژ له‌دوای رۆژ پێوه‌ندی‌یه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کانی له‌گه‌ڵ کادرو پێشمه‌رگه‌کانی حیزب‌و کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی شارو گونده‌کانی کوردستاندا په‌ره پێبدا. ئه‌و کۆمه‌ڵایه‌تی‌بوون‌و خاکه‌ڕایی‌یه، ببووه هۆی ئه‌وه‌ی که له‌نێو ریزی تێکۆشه‌رانی دێموکرات‌و کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کوردستاندا، رۆژ له‌دوای رۆژ رێزو خۆشه‌ویستیی بچێته سه‌رو کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك‌و قوتابی‌یه به‌وه‌فاکانیشی، وته‌و کرداره‌کانی ئه‌و رێبه‌ره مه‌زنه‌یان کرده مه‌شخه‌ڵێکی پرشنگدارو تا ئه‌مڕۆش، ئه‌و کانگا تیشكپرژێنه، رووناککه‌ره‌وه‌ی رێگای خه‌بات‌و تێکۆشانی رێبوارانی رێگای ئازادیی نه‌ته‌وه‌ی کورده.

**پاش تێپه‌ڕینی پازده ساڵ به‌سه‌ر کاره‌ساتی تیرۆرکردن‌و شه‌هیدبوونی ئه‌و هه‌تاوه تیشكپرژێنه‌دا، سه‌ری رێزو نه‌وازش بۆ رێبه‌ری پایه‌به‌رزمان‌و هه‌موو شه‌هیدانی رێگای ئازادیی کوردستان داده‌نوێنین‌و له‌گه‌ڵ گیانی پاك‌و رێبازه سه‌وزه‌که‌ی قاسملووی رێبه‌ردا، په‌یمان نوێ ده‌که‌ینه‌وه که تا سه‌ر پابه‌ند بین به رێبازه پڕ له شانازی‌یه‌که‌ی‌و هه‌رده‌م تێکۆشه‌رێکی گیانفیدای گه‌ل‌و نه‌ته‌وه‌که‌مان بین.**

❊❊❊

---

# هه‌واڵه‌کانی کوردستان

### چالاکی‌یه ته‌بلیغاتی ـ سیاسی‌یه‌کان له شاره‌کانی کوردستان

له رۆژی دووشه‌ممه ۲۲ی پووشپه‌ڕی ۱۳۸۳ی هه‌تاوی‌دا، هه‌م به بۆنه‌ی ساڵرۆژی شه‌هیدبوونی د.قاسملووی نه‌مرو هه‌م به بۆنه‌ی کۆتایی هاتنی سه‌رکه‌وتووانه‌ی کۆنگره‌ی سێزده‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانی دڵسۆزو نیشتمانپه‌روه‌ری حیزب له زنجیره چالاکی‌یه‌کی ته‌بلیغاتی ـ سیاسی‌دا زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری شه‌قام‌و کۆڵانه‌کانی شارو گونده‌کانی کوردستانیان به وێنه‌ی شه‌هیدانی سه‌ربه‌رزو تراکت‌و دروشمی جۆراوجۆری نه‌ته‌وه‌یی‌و حیزبی‌و سیاسی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هه‌ردوو بۆنه‌که‌دا رازاندبۆوه. لێره‌دا جێی خۆیه‌تی رێز بگرین له هه‌ڵوێست‌و چالاکی‌یه‌کانی سه‌رجه‌م خه‌ڵکی کوردستان‌و ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانی حیزب‌و ئاواتی سه‌رکه‌وتنیان بۆ بخوازین.

### مه‌هاباد
### خنکانی کچێك له لافاودا

رۆژی هه‌ینی ۱۹ی پووشپه‌ڕی ۱۳۸۳ی هه‌تاوی، به هۆی بارینی بارانێکی زۆرو هه‌ستانی لافاو له گوندی خاتوو خاسیی سه‌ر به شاری مه‌هاباد، کچێك به ناوی "حه‌لیمه" کچی محه‌مه‌دئه‌مینی مه‌ده‌دی به‌داخه‌وه گیانی له‌ده‌ست دا.

❊❊❊

### سه‌رده‌شت
### شه‌ر له نێوان دوو بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شتی‌دا

رۆژی هه‌ینی ۱۹ی پووشپه‌ڕی ۱۳۸۳ی هه‌تاوی، دوو بنه‌ماڵه‌ی دانیشتووی شاری سه‌رده‌شت له‌گه‌ڵ یه‌کتری به‌شه‌ڕ دێن‌و به جۆرێك شه‌ڕه‌که ده‌ته‌نێته‌وه‌و خه‌ڵکانێکی دیکه‌ش تێوه‌ده‌گلێن، له ئاکامدا لاوێك به ناوی فه‌ره‌یدوون قادری کوڕی کوێخا که‌ریمی به‌سرێ ده‌کوژرێ. شایانی باسه که شه‌ڕه‌که له نێوان دوو بنه‌ماڵه‌ی ساڵحی محه‌ممه‌د جه‌له‌بارامی‌و تۆفیق نازداردا رووی داوه.

### که‌مین‌دانانه‌وه‌ی هێزه‌کانی رێژیم بۆ کاروانچی‌یه‌کانی ناوچه‌ی سه‌رده‌شت

شه‌وی چوارشه‌ممه ۱۷ی پووشپه‌ڕی ۱۳۸۳ی هه‌تاوی، هێزه‌کانی رێژیم له بێورانی خوارێی ناوچه‌ی سه‌رده‌شت له‌سه‌ر رێگه‌ی کاروانچی‌یه‌کان که‌مین داده‌نێنه‌وه‌و له ئاکامدا هێرشیان ده‌که‌نه سه‌رو که‌سێك به ناوی خدر سۆفی‌عه‌لی باساوێ، بریندار ده‌بێ‌و چه‌ند ولاغیش ده‌کوژرێن‌و باره‌کانیشیان ده‌ستی به‌سه‌ردا ده‌گیردرێ. به‌ڵام خه‌ڵکی خاوه‌ن هه‌ڵوێستی بێوران‌و به تایبه‌ت ژنانی ئاوایی لێیان وه‌ده‌ست دێن‌و باره‌کانیان لێده‌ستێننه‌وه.

❊❊❊

### راپۆرتی به‌ڕێوه‌چوونی رێوڕه‌سمی پازده‌هه‌مین ساڵرۆژی شه‌هیدبوونی د.قاسملوو و هاوڕێیانی، له وڵاتی فینلاند

به بۆنه‌ی ۱۵هه‌مین ساڵرۆژی شه‌هیدبوونی کاك دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی، کۆمیته‌ی شاری "تورکۆی" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له فینلاند، رۆژی چوارشه‌ممه ۲۰۰٤/۷/۱٤، کۆڕێکی به‌شکۆی به به‌شداریی ژماره‌یه‌کی زۆر له ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانی حیزب له فینلاندو نوێنه‌رانی رێکخراوه کوردستانی‌و ئێرانی‌یه‌کان له ناوه‌ندی فه‌رهه‌نگیی شاری تورکۆ پێك هات.

کۆڕه‌که به سروودی نه‌ته‌وایه‌تیی "ئه‌ی ره‌قیب"و یه‌ك ده‌قیقه بێده‌نگی بۆ یادی پێغه‌مبه‌ری ئاشتی‌و هه‌موو شه‌هیدانی رێگای رزگاریی کوردو کوردستان ده‌ستی پێکرد. به‌دوای ئه‌ودا کاك ره‌حمان ره‌سووڵزاده، وتاری کۆمیته‌ی حیزب له شاری تورکۆی پێشکه‌ش کرد. له وتاری خۆی‌دا کاك ره‌حمان، وێڕای ئاماژه به ژیان‌و به‌سه‌رهاتی رێبه‌ری شه‌هید، باسی ئه‌و خه‌سڵه‌ت‌و تایبه‌تمه‌ندی‌یانه‌ی کرد که له شه‌هید دوکتور قاسملوودا کۆ ببوونه‌وه‌و ئه‌ویان کردبوو به رێبه‌رێکی لێوه‌شاوه‌و که‌سایه‌تی‌یه‌کی بلیمه‌ت، نه‌ته‌نیا له راده‌ی کوردستان، به‌ڵکوو له راده‌ی ناوچه‌یی‌و جیهانیش‌دا.

دوای خوێندنه‌وه‌ی چه‌ندین پارچه شێعرو په‌خشانێك له‌لایه‌ن هاوڕێ محه‌ممه‌د بایزی، به‌ڕێوه‌به‌ری پرۆگرام، به‌رپرسی رێکخراوی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ عێراق، د.ده‌هام خدر له وتاری رێکخراوی خۆیان به‌و بۆنه‌وه پێشکه‌ش کرد. دوابه‌دوای ئه‌ودا ئاغای عه‌لی تاجیك له‌لایه‌ن هه‌یئه‌تی به‌شدار له‌لایه‌ن "شووری دێموکراسی" په‌یامێکی به‌و بۆنه‌وه به زمانی فارسی خوێنده‌وه.

له کۆتایی به‌شی یه‌که‌می به‌رنامه‌که‌دا، هاوڕێ مه‌جید حه‌قی به‌رپرسی پێوه‌ندی‌یه‌کانی حیزب له فینلاند، وتارێکی له ژێر ناوی "تیرۆریزم له ئێران، تاکتیك یان به‌شێك له ستراتیژیی ده‌وڵه‌تی کۆماری ئیسلامیی ئێران" پێشکه‌شی به‌شدارانی ئه‌و کۆڕیاده کرد.

له به‌شی دووهه‌می به‌رنامه‌دا، کورته فیلمێك له‌سه‌ر ژیان‌و که‌سایه‌تیی د.قاسملووی نه‌مر پێشکه‌ش کرا، که به گه‌رمی له‌لایه‌ن به‌شدارانه‌وه پێشوازیی لێکرا.

❊❊❊

### ئیسپانیا

رۆژی چوارشه‌ممه، رێکه‌وتی ۲۰۰٤/۷/۲٤، له سه‌ر داوای "Izquieda Unide"(❊) چه‌پی یه‌کگرتوو کۆبوونه‌وه‌یه‌کی سێ قۆڵی له نێوان چه‌پی یه‌کگرتوو (IU)، سازمانی فیدائیانی خه‌ڵق ئه‌کسه‌رییه‌ت‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان له ده‌فته‌ری IU پێك هات.

خۆسه بوبس موونیوز، به‌رپرسی یه‌که‌می پێوه‌ندی‌یه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی IUو ده‌ستیاره‌که‌ی، "پێ پێ کابۆ"و نوێنه‌ره‌کانی ئه‌کسه‌رییه‌ت‌و حیزبی دێموکرات له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا به‌شدار بوون.

بابه‌تی باسه‌کان، ئێران‌و به تایبه‌ت کوردستان (تورکیه، ئێران، عێراق‌و سوریه) بووو ماوه‌ی ۱/۵ سه‌عات له‌و دانیشتنه، زیاتر بۆ کوردستان ته‌رخان کراو هه‌رچه‌ند له‌سه‌ر ئێران‌و نه‌خشی کۆماری ئیسلامی له عێراق‌و ئه‌فغانستاندا قسه کراو بڕیاریش درا که به‌و زووانه کۆبوونه‌وه‌یه‌کی دیکه له‌سه‌ر ئێران پێك بێنن.

★) I.U سێهه‌مین هێزی سه‌راسه‌ری ئیسپانیایه، پاش حیزبی سوسیالیست‌و حیزبی مه‌ردوومی. ❊

**بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**وێڕای سڵاوو ڕێز**

بەختەوەرین بەناوی سەرۆك بارزانیو بەناوی خۆمانو کۆمیتەی ناوەندیی پارتیمانەوە، پارتی دێموکراتی کوردستانو بەبۆنەی بەستنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە خەباتگێڕەکەتانەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی برا، گەرمترین سڵاوو جوانترین پیرۆزبایی بە بەڕێزتانو نوێنەرانی کۆنگرە پێشکەش بکەین. خواستو ئارەزووشمان ئەوەیە کە کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانەو لە خزمەتی جێبەجێبوونی بەرنامەکانی تێکۆشانتانو لە بەرژەوەندیی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردو بەدیهاتنی مافە ڕەواکانیدا کۆتایی پێ بێت.

برایانی بەڕێز!

کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا دەبەسترێ کە دنیا گۆڕانکارییەکی زۆری بە قازانجی دێموکراتییەتو مافی مرۆڤو ئاشتیو سەربەستیدا بەخۆیەوە دەبینێ. ئەمڕۆ ڕۆژگارێکە گەلانی چەوساوەو بێبەش بە ئومێدێکی زۆرەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتو گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانیان، سەردەمی لێك حاڵیبوونو قەبووڵکردنی یەکدیو چارەسەربوونی کێشەکانە بە ڕێگای دیالۆگ. گەلی کوردی براتان لە کوردستانی عێراق لە دوای ساڵانێکی دوورو درێژی خەباتو شۆڕشو ڕاپەڕینو قوربانیدان، بەشێکی بەرچاوی لە مافەکانی بەدەست هێناو لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسیش، لە سایەی یەکڕیزیی گەلو هێزە سیاسییە کوردستانییەکانو یەکگرتوویی گوتاری سیاسیمان، بەشێکی گرنگتر لە مافە ڕەواکان کە خۆی لە چەسپاندنی فیدراڵییەتی جوگرافی ـ مێژوویدا دەنوێنێ، دەستەبەر کردوە. گەلی کوردستان شانبەشانی پێکهاتەکانیتر کاریگەرانە لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێو لەسەر بنچینەی فیدراڵییەتو دێموکراتییەتو فرەییو پەرلەمانیدا بەشدارەو ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ. ئەمە هەموو بەرهەمی خوێنی شەهیدانو خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە کە مستەفا بارزانیی نەمرو پارتی دێموکراتی کوردستانمان لە سەرووی کاروانی ئەو خەباتەدا بوون. دڵنیاین دسکەوتی فیدراڵی بۆ کوردستان مایەی دڵخۆشیو ئومێدبەخشینێکی گەورەیە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. بەدەستهێنانی ئەم دسکەوتە مانای عەدالەتو حەتمیەتی سەرکەوتنی کێشەی کورد لەهەر کوێیەك بێ، دەگەیەنێت لە ڕێگای وەلانانەوەی گشت شێوازەکانی توندوتیژیو بە گرتنەبەری ڕێبازی دیالۆگو چارەسەری ئاشتییانەو سیاسییانەو لەسەر بنەماکانی دێموکراتییەتو مافی مرۆڤو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هەر ئەوەش بۆ حیزبە خەباتگێڕەکەتانو ئەنجامی سەرکەوتووانەی سێزدەهەمین کۆنگرەکەتان دەخوازین.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارەمان**
**مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠٠٤/٤/٢١**

***

**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**بەڕێزان ئەندامانی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات!**
**دوای ڕێزو سڵاو**

پێشەکی سوپاسی هەستی برایانەو دۆستانەی بەڕێزتان ئەکەین کە داواتان لێ کردووین بە پەیامی هاوپەیوەندیو ڕێنوێنی، بەشداریی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بکەینو هیوادارین هەردەم پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوولامان بەرەو پێشتر بڕوا. هەر بەو بۆنەشەوە خۆمان بە شادمان دەبینین کە ئەم پەیامە ئاراستەی کۆنگرەکەتان بکەینو پیرۆزبایی گەرمی مەکتەبی سیاسیو شووڕای ناوەندیی حیزبمان بە ئێوەی بەڕێز پێشکەش بکەین. لە خوای گەورەو میهرەبان داواکارین کە ئەرکو کارەکانی کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگات.

دیارە کە گرێدانی کۆنگرە لە ژیانی حیزبدا، نیشانەی زیندوویتیو گەشەکردنەو لەلایەکیتریشەوە هۆکاری نوێبوونەوەی ستراتیژو پرۆگرامو ئورگانەکانی حیزبتان دەبێ.

ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەك دۆستێکی دڵسۆز بۆ ئێوەی بەڕێزو دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان، وێڕای دوعای سەرکەوتنو مەوەفەقییەت بۆتان، ئومێدەوارین لە باروودۆخی هەستیارو ئاڵۆزی ئەمڕۆی ناوچەکەدا ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە سووربوون لەسەر دەستەبەرکردنی مافە سیاسیو فەرهەنگیو مەدەنییەکانی گەلی کورد، حەقێکی ئایینیو نیشتمانیو نەتەوەییە، پێویستە لەسەر دەوڵەتانی سەردەستی کورد کە بەشێوەیەکی دێموکراتیانەو عادیلانە دانی پێدا بنێنو میکانیزمی شیاو بگرنە بەر بۆ دابینکردنو جێبەجێکردنیان. لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرشانی ڕۆڵەکانی گەلو هێزە سیاسییە ڕەسەنو تێکۆشەرەکانیەتی کە گشت وزەو تواناکان بخرێنەگەڕ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە گرتنەبەری ڕێبازی سیاسیو ئاشتیو مەدەنیانەو دوور لە هەر شێوازێکی توندوتیژو میلیتاریانە بە ڕەچاوکردنی باروودۆخی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا.

لەلایەکیترەوە ئێران وڵاتێکی گەورەو کاریگەری ناوچەکەیەو کێشەو گرفتو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەسەر ئاستی نێوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتیو، بە هەلومەرجێکی ناسكو هەستیاردا تێدەپەڕێت. لەو سۆنگەیەوە گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران پێویستە بۆ هەموو لایەکی ڕۆشن بکەنەوە کە کوردبوونو کوردستانیبوونو ئێرانیبوون مەسەلەیەکی ئاساییەو سروشتییەو هیچ دژایەتیو ناکۆکییەك لەو نێوانەدا نیە.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە دنیای سەردەم دنیای ئازادییەکانی تاكو کۆمەڵو لێك تێگەیشتنی هێزو تێزەو فکرییە جیاجیاکانەو بە فەلسەفەی لێبوردەییو دان بە یەکدانانو یەکترخوێندنەوەو حیوار، لە یەکتر نزیکبوونەوە دروست دەبێ، لە پاشان بەو ڕێگەیەش مافەکان دەستەبەر دەبن، بۆیە دەبێ هەموو ئەو ڕێبازانە بگرینە بەر بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەو بە گیانێکی کۆڵنەدانو کوول نەبوونەوە. ڕەنگە سەردەمی توندوتیژی بەسەر چووبێ، بۆیە ڕێگەچارەی شارستانییانەو مەدەنییانە زووتر بە ئامانجەکان دەگا، ئەڵبەت گوتاری سەردەمیشی دەوێ.

هەر سەرکەوتووبێت هەوڵە
ئاشتیخوازانەکانی گەلەکەمان
هەر مەوەفەق بێت گیانی حەقخوازو
مافخوازیی گەلەکەمان
سەرکەوتوو بێت کۆنگرەی بەڕێزتان
سەرکەوتوو بێت گەلی کوردمان

**مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان**

***

بەناوی خوای بەخشەندەی میهرەبان
بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بەڕێزان بەشدارانی کۆنگرە!

سڵاوو ڕێزی گەرمی برایانەی ئێمەتان پێشکەش بێ

گرتنی کۆنگرە لەم قۆناغە گرنگەدا:

ــ گوڕ بەخشینە بە کاروانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی

ـ هەوڵە بۆ فراوانکردنی مەودای هاوکاریی تاكو کۆمەڵەکان لە مەیدانی خەباتو لە پێناو پیرۆزترین حەزی مرۆڤدا کە ئازادییە

ــ تیشك خستنە سەر ڕێگای پڕمەترسیی شۆڕشە لە داهاتوودا

هەربۆیە پیرۆزباییتان لێدەکەینو هیوادارین بە دەسکەوتی پڕ بایەخو سەرکەوتنەوە کۆنگرەکەتان بگاتە ئەنجامو کۆتایی. دڵخۆشین بەوە کە هەر دەمە نا دەمێك، کۆمەڵێك ڕووناکبیری تێکۆشەری کوردی خاوەن ئەزموون بۆ دۆزینەوەی کورتترینو باشترین ڕێگای خەبات لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوەو پلانو نەخشەی نوێ دادەڕێژن بۆ دەربازبوونی گەلی کورد لە کۆتی داگیرکاری. هیوادارین ئێوە کە لە هەڵبژاردەکانن، بەچاوی کراوەو بە خوێندنەوەی واقعی کۆمەڵگاکەمان کەسی شایانو ڕێوشوێنی شیاو بۆ ڕێبەریی حیزبی دێموکرات هەڵبژێرنو دیاری بکەن.

ئەوەی ئێمە پێمان شك دێ کە دەربڕی دڵخۆشیو دڵپاکیو هاودڵی بێ، دوو خاڵی زەقە کە پێمان خۆشە لەبەرچاو بگیرێ.

ــ بڕیارو ڕاسپاردەکان لە کەشی دڕۆزنەی کاتییەوە هێز وەرنەگرنو ڕواڵەتی باروودۆخی ناجێگیری سیاسیی سەردەم شوێنیان لەسەر دانەنێ.

ـ ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە هەر کامیان کۆمەڵێکیان لە ئەزموون پێیە، لەژێر کاریگەریی ئەو ڕاستییەدا بن کە پەروەردەی کۆمەڵگایەكو ڕێبەریی گەلێك دەکەن کە زۆربەی نزیك بە تەواوی موسوڵمانەو، دەبێ ڕێبازی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران ناتەباییو ناڵێکی لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام نەبێ.

بەڕێزان!

خاڵی سەرەکیی ئامانجی زۆربەی بزووتنەوەکان کەڵێنی دەربڕینی ئیرادەیەو بەدەستەوەگرتنی ئیدارەیە، لە دنیای تەك جەمسەریی ئێستادا بەڕواڵەت کار بۆ ئەوە دەکرێ، بەڵام دژ وەستانێك لە کردارو وتاردا دیارە، هێشتا ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن ئاراستەی ڕاستی خۆی نەدۆزیوەتەوە، سەردەستەی دنیای دەسەڵاتو تێکنۆلۆژی، جارێك لەگەڵ گەلانەو دژ بە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانو، جارێك ڕێك بە پێچەوانە. هەر بۆیە هەڵکردنو گونجان لەگەڵ ئەم ڕەوتە پێویستیی جووڵانەوە بە پێی تاکتیك زیاتر دەکا. ئەمە لە کاتێك دایە کە ئێمەی کورد بەناچاری دەبێ لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا بینو لە دەراویشتەکانی کەڵك وەرگرینو لە ڕیزی گەلو گەلییەکاندا بمێنینەوەو ئامانجمان پاراستنو گەشەپێدانی مافی مرۆڤ بێ.

دیسان سڵاوو، ڕێز لە ماندووبوونتان دەگرین

**کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٣/٢/٦ (٢٠٠٤/٤/٢٥)**

**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**ئەندامانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**سڵاوێکی برایانەی گەرم**

خۆشحاڵین کە بەبۆنەی پێکهێنانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبە تێکۆشەرەکەتانەوە پیرۆزباییتان پێشکەش بکەین. ئاواتەخوازین کۆنگرەکەتان بەسەرو دڵخۆشی دەست پێبکاو بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی بێنێ. هیوادارین بە لێکدانەوەی باروودۆخی نوێی جیهانو ناوچەکەو ئێرانو کوردستانو هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکان، سیاسەتو بڕیاراتێ پەسند بکا کە ڕێگا خۆشکەر بێ بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسیو دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان لەم قۆناغەداو یەکگرتنی هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستان لە ئیئتلاف یان بەرەیەکی کوردستانیدا.

یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ١٣ ساڵ لەمەوبەر فیدرالیزمی وەك باشترین شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد لەم قۆناغەدا هەڵبژارد. بێگومان پەسندکردنی فیدرالیزم لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، قەڵەمبازێکی گرنگ دەبێ لە گەشەو پێگەیشتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەماندا.

هەڵگرتنی دروشمی فیدالی وەك دروشمی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، نەك هەر لەسەر دۆخی سیاسیی کوردستان شوێن دادەنێ، بەڵکوو لەسەر هەلومەرجی سیاسیو هەڵوێستی گەلانی بندەستی دیکەی ئێرانو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە ئاقاری دێموکراتیزەکردنی دەوڵەتو وڵاتی ئێران شوێندانەر دەبێ.

**لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەدا**
**کۆمیتەی ناوەندیی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**٨ی گوڵانی ٢٧٠٤ی کوردی**
**٢٧ی ئاوریلی ٢٠٠٤ی زایینی**

***

**بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**خوشكو برایانی هێژا!**
**بەشداربووانی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی خەباتگێڕ!**

بابەت / بروسکەی پیرۆزبایی

به سڵاوێکی گەرم

سەرەتا بەبۆنەی بەستنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتانەوە (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین، بەو هیوایەی بەستنی ئەم کۆنگرەیەتان لەم هەلومەرجەی ئێمڕۆدا وەك لێی چاوەڕوان دەکرێ، هاندەرێك بێ بۆ پێشەوەبردنی خەباتی ڕەوای حیزبەکەتان لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی.

بەڕێزان!

وەك دەزانن بەستنی کۆنگرەکەتان لە کاتێکدایە کە ناوچەکەو دنیا بە گۆڕانی گەورەدا تێدەپەڕن. هەروەك بەهۆی کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەدا ساڵانێکە دۆزی کوردیش لە تەواوی پارچەکانیدا هەڵسانەوەیەکی باشی بە خۆوە بینیوە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو بەرنامە گۆڕانکارییەی کە دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددامیش بۆ ناوچەکە بەڕێوەیە، دەکرێ کوردو بزاڤی ڕزگاریخوازەکەی لە هەموو شوێنەکاندا سوودی باشی لێوەرگرێت، بەمەرجێك ئەو بزاڤەی کوردیش کراوەییو ریفۆرمی بەرچاو لە نێوخۆو لە دەرەوەی خۆیو لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا نیشان بدا.

لە کۆتاییدا بەستنی کۆنگرەکەتان بە دەرفەت دەزانین کە لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینو ڕاستگۆیانەی نێوانمانو لەسەر پشتگیریمان بۆ خەباتی ڕەوای گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جەخت بکەینەوە.

پیرۆزباییمان دووبارە دەکەینەوەو هەر سەرکەوتوو بن

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**سلێمانی ٢٠٠٤/٥/١**

***

پەیامی حیزبی سوسیالیستی کوردستان

بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا!

دەعوەتنامەی ئێوە بۆ کۆنگرەی سێزدەتان بە دەستمان گەیشت، زۆر سپاستان دەکەم. من زۆرم دەخواست کە لە کۆنگرەکەتاندا، لەگەڵ نوێنەرە تێکۆشەرەکانی حیزبی ئێوە بم. بەڵام لەبەر هێندێك هۆ کە لە توانای ئێمە بەدەرن، نەمتوانی بەشداری بکەم.

کۆنگرەی ئێوە لە هەلومەرجێکی زۆر ناسكدا دەبەسترێ. ئەو ڕووداوانەی کە لە عێراقدا ڕوو دەدەن باندۆر (تەئسیر)ی خۆیان لەسەر ڕەوتی کوردستانی باشوور، لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی لەسەر خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی ئێمە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دادەنێن.

دوژمنانی مافو ئازادیی نەتەوەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان، لەباری میللیو نێونەتەوەییەوە، بۆ پێشگیریکردن لە خەباتی ڕزگاریخوازانەو ڕەوای گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، زۆر هەوڵ دەدەن، ناکۆکییەکانی خۆیانیان لە پەراوێز دادەنین، لەنێو خۆیاندا یەکیەتیو هاوکاری دروست دەکەن، بەڵام ئەو هەوڵانەی داگیرکەران بەفیڕۆ دەچێ، ئەوان ناتوانن پێش بە خەباتی ئێمە بگرن. گومانی تێدا نیە کە خەباتی گەلەکەمان، بە هاوکاریو یەکیەتیی هێزە وەڵاتپارێزەکان، بە هاوکاریی دۆستان سەردەکەوێ.

من دڵنیام کە لە ئاکامی خەباتی سەختو شێلگیرانەی حیزبەکەتانو بە هاوکاریی هێزە نیشتمانپەروەرەکان، گەلی کوردستانی ئێران بە ئامانجە نەتەوایەتیو دێموکراتیکەکانی خۆی دەگا. هیوادارم کۆنگرەی سێزدەتان بەو بڕیارانە کە پەسندیان دەکا، هەنگاوێکی مەزن لە خەبات بەرەوپێش هەڵبگرێ.

من بە نێوی هەموو ئەندامانو لایەنگرانی خۆم، سەرکەوتنی ئێوە بە ئاوات دەخوازمو جارێکی دیکە بە دەنگێکی بڵند ڕادەگەیەنم کە ئێمە پشتیوانی ئێوەین.

بە دڵو بەگیان سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازم
بژی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیو دێموکراتیکەکانی
بژی دۆستایەتیی ئێمە، کە ئێمە هەمیشە بەو دۆستایەتییە سەربڵندین
مردن بۆ زاڵمان
بژی کوردو کوردستان

**مەسعوود تەك**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی سوسیالیستی کوردستان**

***

**بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**سڵاوێکی گەرم**

لە ناخی دڵمەوە، بەو پەڕی ڕێزو شانازیمەوە سڵاوی گەرمی خۆم ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ئەندامانی تێکۆشەری کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبە نەبەزو کۆڵنەدەرەکەتان دەکەمو وەکوو دۆستو دڵسۆزێکی گیانی بە گیانیشتان، بەدڵ خوازیارم ئەم کۆنگرەتان بە ئاکامو دەرئەنجامی ئیجابیو بڕیارو ڕاسپاردەی بەنرخ کۆتایی بە کارەکانی خۆی بهێنێتو حیزبە خەباتکارو تێکۆشەرەکەتان لە سەرجەم ئاستەکاندا زیاتر کاروانی خۆی ڕووەو پێشەوە ببات. هەڵبەت بێگومانیشم لەوەی حیزبێك سەرقافڵەی شەهیدان پێشەوا قازیو قاسملووی نەبەردو شەرەفکەندیی تێکۆشەر بووبێت، لەم قۆناغە چارەنووسسازەشدا گەلەکەمان گوزەری پیادا دەکات، هەر لە ئاستی بەرپرسارێتی مێژوویی خۆی دەبێت، کە ئەویش تێکۆشانە لە پێناوی هێنانە کایەی بەرەیەکی دێموکراتی بەرفراوان لەسەر ئاستی ئێرانو کوردستانەکەی. دیارە ئێوە لە کاتێکدا ئەم کۆنگرەیە ئەنجام دەدەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵیادی ٥٩ ساڵەی دامەزراندنی خۆی نزیك دەبێتەوە. ئەو حیزبەی چەندین ساڵە شەرەفی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانی ئێرانی لە ئەستۆ بووەو بەو پەڕی وەفاداریو لێوەشاوەییش بەنێو تونێلە تاریکو هەورازە سەختەکاندا گوزەری پێدا کردووە، هەر بۆیە ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگاو مایەی ئومێدی نەك هەر کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەموو لایەکمانە. هەر ئەم بۆنەیەی کۆنگرەشتان دەکەمە دەرفەتێك بۆ ئەوەی هیواو ئومێدی خۆم بۆ زیاتر پتەوترکردنو ڕەگداکوتانی ئەزموونی کوردستانی باشوور یان خۆتان گوتەنی "دوو گەرمێن" دەربڕم، چونکە بێگومانم لەوەی زیاتر بەرەوپێشچوونی ئەم ئەزموونە دەبێتە هێزێکی مەعنەوی بۆ ئێوەو هەموو کوردێك.

**هەر شەکاوە بێت ئاڵای بەرزو پیرۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سەرکەوێ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبە تێکۆشەرەکەتان**
**برای دڵسۆزتان، عەزیز محەممەد**

***

**برای تێکۆشەر کاك عەبدوڵڵا حەسەنزادە!**
**برایانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی بەڕێز!**
**ئەندامانی کۆنگرەی بەڕێز!**
**سڵاوێکی گەرم**

پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ ئەکەم بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێکۆشەر.

ئەم کۆنگرەیە لەم کاتەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی عێراقو کوردستانی خوارووو، هەروەها پێشکەوتنی کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانو زیاتربوونی پێوەندیی نەتەوەییو کەمبوونی

کێشه لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا.

ئومێدەوارم کە سەرکەوتوو بن لەم کۆنگرەیەدا بۆ پتەوکردنی ریزەکانی حیزبو هەروەها ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی ئێرانو فراوانبوونو بەهێزبوونی خەباتی میللەتەکەمان لە ئێران بە هاوکاریی گەلانیتری ئێران بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێرانو خۆدموختاری بۆ کوردستان کە دروشمی حیزبە تێکۆشەرەکەتانە.

**جارێکیتر سڵاوو رێز**
**هەر سەرکەوتوو بن**
**براتان د. مەحموود عوسمان**
**۲۰۰٤/٦/۲۲**

٭٭

بسم‌الله الرحمن الرحیم

بەرێزان بەشدارانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرمو گوڕو کوردانەتان پێشکەش دەکەم. لەم کاتەدا کە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرێوە دەچێ، پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هیوادارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوانەتان بێتو دەسکەوتی بەنرخی هەبێ بۆ بزووتنەوەی رەواو بەرهەقی میللەتەکەمان.

کۆنگرەی ئێوە لە کاتێکدا دەگیرێ کە جیهان بەگشتیو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووەو رۆژ بەرۆژ ئاڵوگۆڕەکە دەتەنێتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕەش لە خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسدا دەورو نەخشی گرنگی دەبێ. هەربۆیە پێویستە میللەتی کوردیش بە پێی هەلومەرج سیاسەتی گونجاو بە قازانجو بەرژەوەندیی خۆی بگرێتە بەر.

هیوادارم ئەم کۆنگرە بە پەرۆشەوە سیاسەتی داهاتوی خۆی بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخی تازە دارێژێ.

**جارێکی دیکەش سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازم.**
**شێخ عیزەددین حوسەینی**
**۲۰۰٤/٥/۲٦**

٭٭

## پەیامی بەرێز کەندالّ نزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دۆستانی بەرێز!

بانگهێشتنی من بۆ بەشداری لە سێزدەهەمین کۆنگرەتاندا، بووە هۆی خۆشحاڵیی بێسنووری من.

وێڕای سوپاس لە بانگێشتە خۆمانەو گەرمو گوڕەکەتان، بۆ من جێگای ئەوپەڕی خوشحاڵی‌یە کە دەبینم هەروا بە رێوشوێنە دێموکراتیکەکان لە ژیانی حیزبیتاندا وەفادارن. ئەوە شانازی‌یەکی گەورەیە بۆ حیزبی ئێوەو، لە قووڵایی دڵەوە بەبۆنەی وەفاداریو پابەندیتان بە ئوسووڵی دێموکراسی، پیرۆزباییتان لێ دەکەم. ئەم راستی‌یە هەروەها مایەی هیواداربوون بە داهاتوویە، چونکە حیزبێک کە لە کاتی بوون بە ئۆپۆزیسیۆندا، بەشێوەیەکی دێموکراتیک بجوولێتەوە، لە کاتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، دەستبەرو مایەی پتر بۆ رەچاوکردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا، دادەنێ.

کۆنگرەی ئێوە لە بڕگەیەکی سیاسیو مێژوویی دەگمەندا بەرێوە دەچێ لە بەشێک لە خاکی کوردستاندا. برایانی کوردی عێراقیمان ئازادی‌یەکی کەمڕێنەیان هەیە. ئەوان خەریکی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادو دێموکراتیکن. کۆمەڵگەیەک کە رۆژ بەرۆژ پتر بەرەو پەرەگرتوویی هەنگاو دەنێ. هەمووی ئەمانە دەبنە هۆی پێکهاتنی هیواو هومێدێکی زیاتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا. سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی شۆڤینیزم، ژمارەیەک لە سەرۆکە عەرەبەکانو گەمەی دەسەڵاتە ناوچەیی‌یەکان داهاتووی ئەم ئەزموونە هێشتا بە تەواوی جێی متمانە نیە. ئەرکی هەموو کوردەکانە کە بە هەموو هێزیانەوە بەشداری لە پتەوکردنی ئەزموونی کوردەکانی عێراقدا بکەن. سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە رێگا بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد لە وڵاتانی دیکەدا خۆش دەکاو شکانیشی، بۆ نەتەوەی کورد دەبێتە کارەسات.

ئەزموونی برایانی کوردمان لە عێراق، بە هەر رادەیەکیش شیاوی پێهەڵگوتنو پێوەنازین بێ، نابێ ببێتە کۆسپی خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە پێناوی ئازادیو جێگیرکردنی دێموکراسیدا. باشترین رێگا بۆ خزمەتکردن بە کوردستانی عێراق، خەبات لەپێناوی تورکیەیەکی دێموکراتیک، ئێرانێکی دێموکراتیکو سووریەیەکی دێموکراتیکە. لە وەزعێکی ئاوا دێموکراتیک دایە کە ئەو وڵاتانە نەک هەر خۆ لە کاروباری کوردستانی عێراق هەڵناقورتێنن، بەڵکوو تەنانەت پشتیوانیش لە دێموکراسیی تازە پێهەڵگرتووی کورد دەکەن. ئەوە لە حالێک دایە کە ئێستا، ئەم دەوڵەتانە کە دەوڵەتێکی زۆردارن، هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا ئەزموونی کورد لە عێراقدا تێکبشکێنن.

بۆ خۆتان باشتر لە هەر کەسێکی دیکە دەزانن کە ئێرانی ئەمڕۆ لە حاڵی تەقینەوە دایەو لەگەڵ زۆر گۆڕانی گەورە بەرەوروویە. پێگەی کۆمەڵایەتیی رێژیم رۆژ بەرۆژ پتر لاواز دەبێ، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین لە نێوان رێژیمو نەسڵە تازەکانو بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی ئێران، جیایی تەواو هەیە. هیچ رێژیمێک تەنیا لە رێگای سەرکوتەوە ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر کار بمێنێتەوە. لەسەر بناغەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەیە کە دەتوانین بڵێین کە تەمەنی ئەو رێژیمە بەرەو کۆتایی دەڕوا.

لەم دەورەیەدا کە گۆڕانو ئاڵوگۆڕ لە گۆڕێ دایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەرجێک بتوانێ بە نەریتو رێوشوێنەکانی رێبەرانی مێژوویی خۆی، نەمران قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو وەفادار بمێنێتەوە، دەتوانێ هەم لە کوردستاندا نەخشێکی یەکلاکەرەوەو چارەنووسسازی هەبێو، هەم ببێتە هۆکارێکی گەورە لە بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیکدا.

بۆ ئەم کارە پێویستە کە ئێوە هەم وەک گلێنەی چاوتان پارێزگاری لە یەکیەتیی ریزەکانتان بکەن کە بە نرخێکی گەورە وەدەست هاتوە، هەم لە چوارچێوەی رەفتاری دێموکراتیکدا رێگا بدەن هەموو بیروبۆچوونێک، بەتایبەتی ئەوانە کە رەخنە لە رێبەری دەگرن، بێنە گۆڕێ. بە رەفتارێکی لەم چەشنە ئازادانە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانە کە یەکگرتوویی‌یەکی نوێ دەتوانێ شکڵ بگرێو وەک ئەسڵێکی بناغەیی لەلایەن خەباتگێرانەوە لە خەباتی ساڵانی پێشوودا رەچاو بکرێ. نابێ لەبیر بچێتەوە کە لە کاتی نالەباربوونی هەلومەرجو دوورەدیمەنی هەستپێکراوادایە کە ناکۆکی لەنێو حیزبەکاندا سەر هەڵدەداو رێبەری لە بەرەوپێشنەچوونو نەبوونی سەرکەوتن بە تاوانبار دەزانن. ئەوە لە حالێک دایە کە وەزعێکی ئەوتۆ زۆربەی جارەکان بەرهەمی گیروگرفتە عەینی‌یەکانی ئەو بڕگە زەمانی‌یە سیاسی‌یەیە.

گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی بەهێز، دێموکراتیکو بەکگرتووی پێویستە. سێزدەهەمین کۆنگرەتان هەر لەو کاتەدا کە دەبێ ببێتە شوێنێک بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ لەو کاروبارەی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ئەنجام دراون، دەبێ ببێتە جێگایەک بۆ دیاریکردنی ستراتیژی‌یەکی روونو بەرەوپێشبەری خەباتێکی کاریگەرتر لە دژی ئاخوندەکان، دەبێ ببێتە جیگایەک بۆ بەهێزکردنی ریزەکانی گەلی کوردو بەرەوپێشبردنی داخوازە رەواکانیدا.

من بڕوای پتەوم بەوە هەیە کە کارەکانی کۆنگرەکەتان دەبێتە قۆناغێکی گرنگ لە خەباتی پڕ شانازیتان کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیک بە ٦۰ ساڵە لە رێگای ئازادیی گەلی کورددا، بەرەوپێشی دەبا.

لەسەر بناغەی هەر ئەم بڕوا پتەوە، وێڕای بە ئاواتخواستنی سەرکەوتنی تەواو بۆ کۆنگرە، سڵاو بۆ هەموو نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەدا دەنێرم، سڵاوێکی برایانەو لە قووڵایی دڵەوە.

**کەندالّ نزان**
**سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس**
**پاریس، ۱۱ی ژوئەنی ۲۰۰٤**

# پەیامی رێکخراوو کەسایەتی‌یە خاریجی‌یەکان بۆ کۆنگرەی سێزدەی حیزب

## پەیامی سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست

بەرێز عەبدوڵلا حەسەنزادە

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

هاورێی بەرێز!

بە بۆنەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەوپەڕی خۆشیمەوە، گەرمترین سڵاوی برایانەم پێشکێشی ئێوەو هەموو بەشدارانی کۆنگرە دەکەم.

ئەوە کە، لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانین وەک ئەندامی بنەماڵەی گەورەی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست حیسێب بکەین، بۆ ئێمە مایەی شانازی‌یە. من بەوپەڕی خۆشحاڵی‌یەوە، پشتیوانیو هاوپێوەندیی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی ئێوە لە پێناوی وەدیهێنانی پرنسیپو بایەخە هاوبەشەکانمان، رادەگەیەنم.

هاورێیانی بەرێز! بۆ کۆنگرەکەتانو ئاکامە پڕبەرهەمەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ئاشتی، دیموکراسیو مافی مرۆڤدا کە لە راستیدا ئامانجێکی جگە لە دابینکردنی ژیانێکی باشترو ئاسوودەتر بۆ گەلانی ناوچەی نیە، سەرکەوتنی تەواو بە ئاوات دەخوازم.

**لەگەڵ رێزو سڵاوی برایانە**
**لوئیس ئەیالا**
**سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیونالیستی سوسیالیست**
**لەندەن**
**۳ی ژوئەنی ۲۰۰٤**

٭٭

## پەیامی خاتوو دانیال میتران

ئاغای عەبدوڵلا حەسەنزادە

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

خانمان!

ئاغایان!

دۆستانی بەرێز!

سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبتان لە بڕگەیەکی پڕ هەورازو نشێودا پێک دێو، گەلی کورد جارێکی دیکە لە ناوەندی سەفحەی شەترەنجی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەڵکەوتوە، ئارەزوو دەکەم کە ناوچەو دانیشتوانی، ئاشتیو دیموکراسی، شانبەشانی پاراستنی سەرچاوە حەیاتیو سروشتی‌یەکان بۆ نەسڵەکانی داهاتوو بە خۆیانەوە ببینن.

لە حاڵێکدا وا دێتە بەرچاو کە بۆ کوردەکانی عێراق خەریکە ئاسۆی باشتر وەدیار دەکەوێ، ئارەزوو دەکەم کە هەبوونو پێناسەی گەلی کورد لە ئێران، تورکیەو سووریەشدا بە تەواویو بە کامڵی، بە رەسمی بناسرێ.

بەداخەوە، ئەم جاریش، کۆنگرەی ئێوە لە دەرەوەی کوردستانی ئێران پێک دێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەروا لە لایەن کاربەدەستانی [رێژیمی] ئێرانەوە، بە حیزبێکی قەدەغەکراو دادەنرێ. بەو حاڵەش، کەسانێک کە مێژووی حیزبی ئێوە دەناسن، دەزانن کە ئێوە چەندە ئۆگری پرنسیپەکانی دیموکراسی، ئاشتی ودیالۆگن.

من لەو بڕوایەدام کە ئەم کۆنگرەیە جێگایەکی بەرزی دەبێ بۆ باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕای دیموکراتیک. ئارەزوو دەکەم کە لە کاتی هێنانەگۆڕی باسەکانتاندا، سەرنجێک بدەنە دیاردەی ژێئۆپۆلیتیکی نوێ کە بریتی‌یە لە رەوتێک بە ناوی "ئالتێرمۆندیالیست"، رەوتێک کە لەگەڵ بۆچوونو روانگەکانی حیزبی ئێوەدا دەگونجێ.

سەرکەوتنی تەواوی کۆنگرەکەتان بە ئارەزوو دەخوازم.

**دانیەل میتران**
**سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرتێ**
**پاریس ـ ۱۰ی مای ۲۰۰٤**

٭٭

## پەیامی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە

ئاغای عەبدوڵلا حەسەنزادە،

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

ئاغای سکرتێری گشتیو هاورێیانی بەرێز!

لە رێگای ئێوەوە، لە پێکهاتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئاگادار بووم. هەر بەم بۆنەیەوە، بە ناوی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەوەو، بە ناوی شەخسی خۆمەوە، باشترین سڵاوەکانم پێشکەشی شەخسی جەنابتو هەموو بەشدارانی کۆنگرە دەکەمو بۆ کۆنگرەکەتان، راستگۆیانە ئارەزووی سەرکەوتنم هەیە.

ئاگاتان لە ئۆگریی ئێمە بە مافەکانی کوردەکان لە هەموو وڵاتە پێوەندیدارەکاندا هەیە. ئێمە ئاڵوگۆڕی وەزعەکە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی لە ئێرانو عێراقدا، بە سەرنج پێدانێکی زۆرەوە، خستۆتە ژێر چاوەدێری. دەستێوەردانی نیزامیی یەک لایەنەی ئەمریکا، عیراقی تووشی ناسەقامگرتوویی کردوەو مەترسیی ئەوە هەیە کە ببێتە هۆی ئاڵۆزیو ناسەقامگرتوویی زیاتر لە تەواوی ناوچەکەدا. ئەم دەستێوەردانە، نەتەنیا یارمەتی بە مەسەلەی ئاشتیو پەرەپێدانی دیموکراسی لە ناوچەدا نەکرد، بەڵکوو هەلومەرجێکی پێک هێنا کە لە ئێراندا، رێگای بە هێزە کۆنەپارێزو تەنانەت تاریک بیرەکان دا کە مافو ئازادی‌یەکانی هاووڵاتیان کە لەم ساڵانەی دوایی دا وەدەستیان هێنا بوو، بەرتەسک بکەنەوە.

من دڵنیام کە حیزبی ئێوە وەک حیزبێکی وەفادار بە بایەخەکانی ئەنترناسیونال سوسیالیست لەم هەلومەرجە دژوارەدا یارمەتی بە جێگیر بوونی ئاشتیو دیموکراسیو پێشکەوتنی دەکا کە داخوازی بنەڕەتیی گەلانی ناوچە، وەک گەلانی هەموو جیهانە.

ئاغای سکرتێری گشتیو هاورێیانی بەرێز!

تکایە باشترین هەستو رێزو سڵاوم فبووڵ بکە.

**پیێر مۆسکۆویس**
**دەبیری پێوەندیە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو وەزیری پێشووی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا لە دەوڵەتی ئاغای ژوسپەن دا**
**پاریس ـ ۲ی ژوئەنی ۲۰۰٤**

٭٭

## پەیامی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستیی ژنان

ئاغای عەبدوڵلا حەسەنزادە،

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

هاورێی بەرێز!

لەوەکە منتان لە پێکهاتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبتان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئاگادار کردەوە، سوپاستان دەکەم.

بە سەرنجدان بە وەزعی ئێستا لە ناوچەدا، من بە تەواوی تێدەگەم کە ناتوانن من بۆ بەشداری لە کۆنگرەکەتاندا بانگهێشتن بکەن. بەو حاڵەش، لە قووڵایی دڵمەوە سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازم.

راستگۆیانە ئارەزوو دەکەم کە هەلومەرجی ناوچەکەتان بەرەوباشی بچێو داهاتوو بۆ گەلەکەتان زۆر لایەنو بەرهەمی باشو گونجاوی پێ بێ.

لە کۆتاییدا، وێڕای دەربڕینی هاوپێوەندیو پشتیوانی، هیوادارم کە هەوڵەکانتان سەرئەنجام بە ئاکام بگاو ببێتە هۆی جێگیربوونی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

**لەگەڵ دەربڕینی هاوپێوەندیماندا**
**مارلین هاس**
**لەندەن ٤ی ژوئەنی ۲۰۰٤**
**سکرتێری ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستی ژنان**

٭٭

## پەیامی بەرێز کریس کۆچەرا

ئاغای عەبدوڵلا حەسەنزادە،

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

عەبدوڵلای بەرێز!

بۆ من جێگای ئەوپەڕی خۆشحاڵی‌یە کە بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوتن بە ئاوات بخوازم. مەرجێکیشم هەیەو ئەویش ئەوەیە کە کۆنگرە سەرئەنجام بەرنامەی فیدرالیزم پەسند بکا.

لە سەفەرێکدا کە مانگی مای بۆ کوردستانی ئێران هەمبوو، لە ژمارەیەکی زۆر لە رووناکبیرانی کوردم بیست لەوە کە حیزب هێشتا داکۆکی لە خودموختاری بکاو تەلوویزیۆنی نیە، رەخنەو نارەزایەتییان هەبوو.

هیوادارم کە ئەندامانی کۆنگرە ئەم هەڵانە، راست بکەنەوە.

**لەگەڵ رێزی دۆستانەم**
**کریس کۆچەرا**
**رۆژنامەنووس، نووسەرو کوردناسی فەرانسەیی**
**پاریس ۷ی ژوئەنی ۲۰۰٤**

٭٭

## پەیامی خاتوو نەسرین قاسملوو بۆ کۆنگرەی ۱۳ی حیزب

دۆستانی خۆشەویستم!

بە بۆنەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە بە ناچاری لە دەرەوەی نیشتمان دا پێک دێ، سڵاوتان بۆ دەنێرم.

بە زوویی ٥۹ ساڵ لەو رۆژە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی خۆی لە پێناوی ئازادیدا دەست پێکرد، رادەبرێ. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، باشترین رۆڵەکانی نەتەوەی دێرینی کورد لەم خەباتەدا، ژیانی خۆیان لە پێناوی بەختیاریی هەمووان دا، لەدەست دا.

رووداوەکانی ئەم دوایانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەلومەرجێکی ئاڵۆزیان پێک هێناو خەڵکی ئەم گۆشەیەی جیهان، دووبارە ترسو فشاری شەڕ لە سەر شانی خۆیان هەست پێدەکەنو ئاکامەکەی ناروونە. بەڵام پاش ساڵانێکی زۆر بێبەشیو بەدبەختی بەشێک لە نەتەوەی کورد، لە کوردستانی عێراق، خودموختاریی وەدەست هێناوەو ئاکامی کارەکەو هەوڵەکانی لەم ماوەیەدا، بێوێنە بووە. ئەوە نیشان دەدا کە ئازادی تا چ رادەیەک هێز بە نەتەوە دەبەخشێو، ئەو نەتەوەیە چ هێزێکی هەیە.

کوردەکانی عێراق لە رێگای خزمەت بە نیشتمانی خۆیاندا بەرپرسانە جووڵاونەوەو، ئەمە نیشانەی تێگەیشتنی بەرزی نەتەوەی کوردە کە چلۆن داکۆکی لە خۆی دەکا، بە مەرجێک لە چوارچێوەی وڵاتێکی ئازاد دا، مافی خودموختاریی هەبێ. بەداخەوە کوردستانی ئێران تا گەیشتن بە خودموختاری، هێشتا رێگایەکی زۆری لەپێشە. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم نەسلێک کە تا ئەمڕۆ خەباتی بەسەربەرزی‌یەوە بەرەوپێش بردووە، بە گوێزتنەوەی زانیاریو ئەزموونی خۆی بۆ نەسلی لاو، بەردەوامیو سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد دەستەبەر دەکا.

بە بڕوای تەواوەوەو بە هیوای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە زوویی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەستو بگا بە ئاسوودەییو بەختیاری.

**دۆستی بەوەفای نەتەوەی کورد**
**نەسرین قاسملوو**

٭٭

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سوسیال دیموکراتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بۆنەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەستی هاوپێوەندیو دۆستایەتیی خۆیان لە ئاست ئەو حیزبەدا دەردەبڕن. ئێمە ئافەرین بە گەلی کورد دەڵێین کە لە جیهانێکی خەمساردەوە بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا خەبات دەکا. لە عێراق هێزەکانی پێشمەرگە شان

به شانی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی وڵاتەکەیان شەڕیان کرد. دڵنیاین کە کوردەکانی ئێران‌و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش لێبڕاوی‌و ئازایی خۆیان بۆ جێگیرکرانی ئازادی‌و دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا دەسەلمێنن. ئاواتە خوازین کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێ‌و لەوەش گرینگتر لە خەبات بۆ بەدەست هێنانی عەداڵەت بۆ گەلی کورد دا سەرکەون.

**جۆویڵ فریدمان**
**سەرۆکی کومیتەی کاروباری نێونەتەوەیی پارتی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمریکا**
**٩ی ژوئەنی ٢٠٠٤**

**

## پەیامی "جەك لەیتۆن" ڕێبەری حیزبی دیموکراتی نوێی کەنەدا

بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

لەلایەن حیزبی دیموکراتی نوێی کەنەداوە ئاواتەخوازی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم.

ڕاسپاردەم بۆ حیزبی دیموکرات‌و ئەندامانی ئەوەیە لەسەر ئیمان‌و باوەڕیان بە گەیشتن بە دیموکراسی لە ئێران سوور بن. چونکە ئامانجە ڕەواکانی حیزب جێگای پەسندی هەموو ئەو کەسانەن کە لە ئاستی جیهان دا پشتیوانی لە بەرابەریی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری لە نێو ژنان‌و پیاوان دا لە جیهان دا دەکەن.

هیوادارین کە کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٤ بەرنامەکانی حیزب بەرەوپێش بباو ئەندامانی نوێنەر هان بدا بۆ بەرەوپێش بردنی کاروباری حیزب لە ئێران‌و هەم لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکان، دەوڵەتەکان، ئاژانسە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان لە دەرەوە.

دووبارە لەگەڵ ئارەزووی سەرکەوتن

**

## پەیامی دوکتور مێرێلا گالێتی

**بولون ٢٠٠٤/٥/٣**

ڕۆژنامەنووس، نووسەرو کوردناسی ئیتالیایی

ئاغای عەبدوڵڵا حەسەنزادە،

سکرتێری گشتیی خۆشەویست!

بەبۆنەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبتان، باشترین سەرکەوتن لە کارو تێکۆشانتاندا بە ئاوات دەخوازم.

هیوادارم کە کۆنگرەکەتان لەسەر ڕێچکەی نەریتە دیموکراتیکە هەمیشەیی‌یەکانی ئێوەو لە گونجاویی تەواو لەگەڵ ڕووحی ئەو ڕێوشوێنانەدا کە هاوڕێیان عەبدوڵڵا قادری، مەحموود فازل ڕەسوول، سادق شەرفکەندی‌و فەتاح عەبدولی گیانیان لە ڕێگایاندا بەخشی. بە تایبەتی لە وەفاداری بە دەرسە بەنرخەکانی دوکتور قاسملووی نەمرو خۆشەویستدا بەڕێوە بچێ.

بە هیوای داهاتوویەك کە مزگێنیی وەدیهاتنی مافە فەرهەنگی‌و دیموکراتیکەکانی نەتەوەی کوردی پێ بێ.

گەرمترین سڵاوەکانم قبووڵ بکەن.

**

ئاغای عەبدوڵڵا حەسەنزادە،

سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی خۆشەویست!

لە سەروبەندی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتاندا، بۆ ئێمە شەرەفێکی گەورەیە پەیامی دۆستایەتی‌و پشتیوانیتان بۆ ڕەوانە بکەین. ئاواتە خوازین لە بەڕێوەبردنی ئەو ڕووداوە گرینگەدا سەرکەوتووبن. ئەگەرچی ناتوانین لە کۆنگرەکەتاندا بەشدار بین، هەستمان لەگەڵ ئێوەیەو پشتیوانیی خۆمان‌و ڕێزمان بۆ ئازایەتیتان دەردەبڕین.

**وێڕای هاوپێوەندیی دووبارە.**
**پرۆفسۆر ئالێکساندر ڤاندرێلن**
**سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش**

***

# پەیامی حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە ئێرانی‌یەکان بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزب

## پەیامی
## دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە

دۆستانی خۆشەویست لە حیزبی دێمۆکراتدا، پەیام بۆ کۆنگرە

دۆستانی ئازادیخوازم لە حیزبی خاوەن شکۆی دێمۆکراتی کوردستاندا‌و مامۆستای تێکۆشەر ئاغای حەسەنزادە، سڵاوو درووودگەلی بێکۆتایی لە دڵێکەوە کە هەرسات لەگەڵ ئێوە دایە، هەر کاتێك زەمانی گرتنی کۆنگرەی حیزبی گەورەی ئێوە دەگا، نیگەران دەبم کە نەکا ئەوجارەش لە دەسپێکی پێکهێنانی کۆنگرەدا، دەستی ناپاکانی سەربازانی بێناونیشانی ئیمامی زەمانی سەڵتەنەت ئاواو لوێزان‌و هەروەها شەقامی ئازەربایجان‌و گەڕەکی ڕێبەری لە قوڵی جینایەت بێتەدەرو سەروێك لە سەروە باڵابەرزەکانی کوردستان بخاتە سەر هەردەوە. بەڵام چۆن دەزانم ئەو سەروستانە هەمیشە سەوزە تا ئاسۆ ڕوونەکانی بەیانی ئازادی‌و دێموکراسی بەردەوامە، ئارام دەبمەوەو قەڵەمەکەم دەست دەدەمێ‌و پەیامێکتان بۆ دەنێرم.

بەڵام ئەمساڵ حکایەت بە شێوەیەکی دیکەیە. کوردەکان لە سەراسەری دنیادا ئەڵبەت لە عێراق‌و سوریەو تورکیەو ئێراندا سەلماندیان، کە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان چەندە خۆش فیکرو بەردەوام‌و خۆڕاگرن. لە هەمان کاتدا ئەو ئیددیعایەی نەیارانی ئازادییان بێئیعتبار کرد کە دەڵێن کورد لە هەر کوێ بێ جیایی‌خوازە. چاولێکەن ئەمڕۆ کوردەکانی عێراق یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی یەکیەتی‌و یەکپارچەیی عێراقن. تەنانەت لە تورکیەدا کە لە هەمبەر کوردەکان زاڵمانەترین سیاسەتەکان پەیڕەو کردوە یا لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە هۆی جیاوازی مەزهەبی زۆرترین زوڵمیان پێ ڕەوا بینراوە. کوردەکان هەرگیز ئاڵای جیابوونەوەیان بەرز نەکردۆتەوە، بەڵکوو لە چوارچێوەی نیشتمانێکی هاوبەشدا داوای مافە ڕەواکانی خۆیان کردوە. ئێرانی ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردایە. ئەمڕۆ بە بوونی دوژمنانی ئازادی‌و خەڵکسالاری لە لووتکەی دەسەڵاتداو یەکلابوونەوەی کار لەگەڵ مەجلیسێك کە خەریکی پەسەنبێژی‌و پێداهەڵگوتن بە وەلی فەقیە و پەیڕەوی‌کردن لە دەستووراتی جێگرانی ئیمامی زەمانیان کردۆتە سەرمەشقی کارەکانیان‌و ڕادیۆو تەلەفیزیۆنێك کە بە دەستەخوێناوی‌یەکانی پاسدارێك هەڵدەسووڕێ‌و چاپەمەنی‌یەك کە سەرلێکۆڵەری وەزارەتی ئیتلاعاتی پێشوو و حیفازەتی ئیتلاعاتی دەزگای قەزایی بەرپرسی یەکەمیی‌و ئەڵبەت سەرکۆماریش کە ٢٤ میلیۆن دەنگی لە کەشفی بێهێزی‌دا پێشکەش بە ڕێبەری ولایەتی فەقیە کرد، ئەگەر ساتێك لە هەمبەر کردەوەو ئەرکەکانی خۆمان‌و ناسینی بەرپرسارەتیکی قوورسی کە لەسەر شانی هەمووماتە کەمتەرخەمی بکەین. بێگومان ئەو کارەساتە درێژەی دەبێ‌و دەبێ لە قیامەتدا ماڵی باوکانمان زیارەت بکەین. ئەمڕۆ ئەو پەیامە نەنووسراوەیەی کە هەموو هێزە ئازادیخوازو ئازادبیرەکان بە یەکتری دەگەیەنن، لە بیرۆکەی ئێمەدا بوونێکی پڕدەنگی هەیە، گرفتەکە ئەوەیە کە کاتی لەبەریەك دانانی بیرۆکەو واقعییەتەکان‌و هێنانەدی ئاواتەکانمان، جارێکی دیکە لە ڕێڕەوی هەزاران دیوی ئیدئۆلۆژی‌و بەرژەوەندیە حیزبی‌و گرووپی‌یەکاندا گیر دەخۆن. ئەوە تەنیا ئێوە بوون بە تەوەرییەت دان بە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران لە کردەوەدا سەلماندتان کە ئازادی‌و دێموکراسی بۆ ئێوە بە قەرا گەیشتن بە مافە ڕەوا گەلی‌یەکانی خۆتان گرینگی هەیە. هەربۆیەش هەرگیز لە دانیشتن لەگەڵ هەمووی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خەڵکسالاری هەبووە گومان‌و ترسێکتان نەبووە.

جارێکی دیکە لەگەڵ پێشکەشکردنی سڵاوو درووود بۆ شەهیدانی سەربەرزی کوردستان‌و لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، بەردەوام بە قەڵەم‌و زمانێکی کە تەنیا سەرمایەی منە بە مەبەستی پشتیوانی لە مافی ئێوە شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەم کار دەکەم، بگرە ڕۆژێکی نە هێندە دوور جارێکی دیکە لە بۆکان‌و مەهاباد‌و شنۆ و سنەو پاوەی خوێناوی‌و. . هتد سوژدە بەرم بۆ خاکی ماڵی باوانمان‌و ئەو خاکەی ماچ کەم کە پیاوان‌و ژنانی دلێری وەکوو ئێوەی پەروەدە کردوە.

**لەندەن ـ عەلی ڕەزا نووریزادە**
**٢٤ی مەی ٢٠٠٤**

**

## پەیامی یەکیەتیی عەشایری باشوور به بۆنەی کۆنگرەی سێزدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

هاوڕێیانی شۆڕشگێڕ بە بۆنەی گرتنی کۆنگرەی سێزدەی حیزبەکەتان، دۆستانەترین پیرۆزبایی‌یەکانی یەکیەتیی عەشایری باشوورتان پێشکەش دەکەین. هیوادارین ئەو کۆنگرەیە ڕێخۆشکەرێك بێ بۆ یەکگرتوویی سەرجەم گەلانی ئێران بە مەبەستی ڕۆخاندنی ڕێژیمی شوومی کۆماری ئیسلامی‌و چەسپاندنی دێموکراسی لە کۆمەڵگادا، کە ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی سەقامگیرکردنی سیستمی فیدراڵی لە کۆمەڵگای فرەنەتەوەیی ئێراندا دێتە دی!

هاوڕێیانی خۆشەویست! گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی بەربەرەکانێ بە دژی دیکتاتۆریی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، چ لە ڕابردوودا‌و چ لە ئێستادا قوورسترین نرخی داوەو مافی خۆیەتی ئەمڕۆ وەك لکۆمۆتیوی خەباتی گەلانی ئێرانی بناسرێ. ئێمە هەموومان دەزانین کە ڕێگەچارەی کێشەکانی ئێران بە دەست گەلێك‌و حیزب‌و ناوچەیەکەوە نیە، بەڵکوو یەکیەتیی گەلان‌و هێزو حیزب‌و لایەنگرانی دێموکراسی‌و فیدرالیزم تەنیا دەربازگەیەکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

هاوڕێیانی بەڕێز! هۆی ئەوە کە ناوی خۆمان ناوە یەکیەتیی عەشایری ئەوەیە کە عەشایر لە ڕۆژهەڵاتدا بنیاتێکی خاوەن ڕیشەیەو بەداخەوە ئێمە خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی، مۆدێرنیزم‌و پێشکەوتن وەك ڕووخێنەری بنیاتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خۆمان چاو لێدەکەین، لەحاڵێکدا دەبێ فۆرمی مۆدێرن‌و نوێ بەو بنیاتانە بدەین کە هۆکاری دواکەوتوویی ئێمەن. بە بۆچوونی ئێمە، عەشایر لە ئێراندا بنیاتێکی بەهێزو خاوەن ڕیشەیەو سڕینەوەی یەکجارەکی، ئێمە بەرەو پوچی پاڵ پێوەدەنێ، نەك گەشەو پێشکەوتن، هەمان ئەو شتەی کە ناویان ناوە سڕینەوەی کەلتوور.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە سڕینەوەی یەکجارەکیی کۆماری ئیسلامی‌و هێنانەئارای دێموکراسی تەنیا بە دەستی هێزی گەلانی ئێران دەکرێ، ئەمڕۆ هەموومان ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕوو دەدەن دەبینین، پاشەکشەی دیکتاتۆرەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستۆتە لەرزەو ئێرانیش جیا نیە لەو مەسەلەیە، بەڵام نابێ لەو بەربەرەکانێ‌یەدا پشت بە بێگانە بسپێردرێ تا هاوکاریمان بکا، ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بین کە تەنیا ڕێگەی نەجاتی کۆمەڵگا لە دەست کۆماری ئیسلامی، گەیشتن بە دێموکراسی‌و چەسپاندنی فیدرالیزم‌و ئەوەی کە خەڵکی خۆیان جۆری حکوومەتی داهاتووی خۆیان لە ڕێگەی دەنگی خۆیانەوە هەڵبژێرن، بەوە دەگەین کە هیچ ڕێگەیەك جیا لە یەکیەتیی گەلانی ئێران نابێتە نووکی نێزەی ئەو بەربەرەکانێ‌یە. جارێکی دیکە پیرۆزبایی دۆستانەی خۆمانتان پێشکەش دەکەین‌و دڵنیاین کە ئەو کۆنگرەیە پڕنێوەرۆکتر لە هەمیشە، ڕێگەی یەکیەتیی خەبات دەخاتە بەردەم هەموانەوە.

**یەکیەتیی عەشایری جنووب**

**

## پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەی کورد!

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران، پیرۆزبایی لە خەڵکی تێکۆشەری کوردو ئەندامانی ئەو حیزبە دەکەین. هیوادارین نەتەوەی شۆڕشگێڕی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوهەنگاو لەگەڵ نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێراندا بە سەرکەوتن‌و ئاواتەکانی بگا.

بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران‌و نەتەوەی بەلوچ، هەمیشە خۆی بە هاوڕێ‌و هاوسەنگەری خوشك‌و برا تێکۆشەرە کوردەکان دەزانێ، هیوادارین هاوکاری‌و هاوڕێیەتی‌و هاوخەباتیی نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەیە بۆ دەستەبەرکردنی دێموکراسی لە ئێران‌و گەیشتنی نەتەوە چەوساوەکانی دیکە بە مافە ڕەواکانیان لە ئێرانێکی دێموکرات، ئازادو سەربەخۆو فیدراڵدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە بستێنێ. جارێکی دیکە ئاواتەخوازین کۆنگرەکەتان پڕشکۆو سەرکەوتووانە بەڕێوەبچێ‌و بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە ئێوەو نەتەوەکەتان دەکەین.

**کومیتەی ڕاپەڕاندنی بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران**
**دووشەممە ٤ی جۆزەردانی ١٣٨٣**

**

## بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز

هاوڕێیان، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بێشك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و تێکۆشەرە قارەمانەکانی لە ئێراندا، لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا پێشڕەوانی خەبات بە دژی ئیستبداد‌و شۆڤێنیزم‌و بێعەداڵەتی‌و مەزنخوازی‌و حاکمییەتی نیزامەکانی حاکم بەسەر ئێراندا بوون‌و لە پەنا قارەمانەکانی دیکەی نەتەوەی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی‌دا جمهووری مەهابادیان دامەزراند. ئەو ئەزموونە بەنرخە لە خەباتی نەتەوەی کورد لە پەنا خەباتی چەوساوەکانی دیکەدا، ئەمڕۆ بۆتە چرای ڕێ ڕوونکەرەوەی خەباتی نەتەوەکانی ئێران‌و هیوادارین حیزبی دێموکرات‌و قارەمانە خەباتگێڕەکانی لە کۆنگرەی ١٣دا بە سەرکەوتنەوە چرای ئەو خەباتە هەروا بە ڕووناکی ڕابگرن‌و بەردەوام باسکی بەهێزی خەبات بۆ ڕزگاری‌و ئازادیی نەتەوە زۆرلێکراوو بێبەشەکانی ئێران بن‌و دەست لە ناو دەستی نەتەوەکانی دیکەدا بە زوویی بە ماف‌و ئازادی‌یەکانی بگا.

بە ئاواتی سەرکەوتن‌و ئازادی بۆ نەتەوەی قارەمانی کوردو نەتەوە چەوساوەکانی دیکەی ئێران

**بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز**
**٢٠٠٤/٥/١٨**

**

## پەیام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی گرتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی خۆی

هاوڕێیانی خۆشەویست!

بە بۆنەی گرتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان، پیرۆزباییتان پێ دەڵێین‌و هیوادارین لەو کۆنگرەیەدا بڕیاراتێکی گرینگ بێتە ئاراوەو بە مەبەستی چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران‌و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی پراکتیزەیان بکەن. ئێمەو ئێوە بەردەوام کێشەو گرفتی هاوشێوەو ڕۆژگەلی دژواری تا ڕادەیەك هاوشێوەمان ئەزموون کردووە.

ئێمە داهاتووی وڵاتەکەمان لە چەسپانی دێموکراسی‌و سەقامگیرکردنی کۆمارێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای تایبەتمەندیە گەلی‌یەکاندا دەبینین. ئەوەش ئەو کاتە پراکتیزە دەکرێ کە حیزب‌و ڕێکخراوە نەتەوەیی‌یەکانی وڵاتەکەمان لەسەر بنەمای بەرنامەو پرنسیپێکی دیاریکراو ڕێککەون‌و چالاکی‌یەکانیان هاوتەریب‌و هاوئاهەنگ بکەن.

ئێمە هیوادارین کە ئێوە لە کۆنگرەکەتاندا ڕێگەچارەیەك لەو پێوەندیەدا بدۆزنەوەو ڕێگەچارەگەلێکی نوێ بە دەستەوە بدەن.

**کانوونی فەرهەنگی ـ سیاسی گەلی تورکەمەن**
**٢٦ی جۆزەردانی ١٣٨٣**

**

## پەیامی بەڕێز ئەبولحەسەنی بەنی‌سەدر

بەڕێز ئاغای عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لە وەڵامی نامەکەی بەڕێزتان‌و ڕوو لە کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم‌و دەڵێم:

ئێمە ئێرانی‌یەکان، بە هۆی هەڵکەوتەیی‌مانەوە، لە ڕەوتی مێژوودا، هەم خۆمان ئەزموونگەلی بێژمارەمان هەیەو هەم لە ئەزموونی کۆمەڵگاکانی دیکە ئاگادارین‌و ڕەنگە کەڵکمان لێوەرگرتبن. مێژوو کە ڕەوتێکی بەردەوامەو کۆمەڵگاکانی دیکەی فێری ئەوە کردووە کە گۆڕان لە دەرووندا، ئەو کاتەی کە ئامانج خەڵك سالاری‌یە پێویستی بە سەربەخۆیی هەیە. سەربەخۆییش بەو مانایە کە هیچکەس‌و هیچ کۆمەڵێك لە حاکمییەتی ئێراندا شەریك‌و بەشدار نەبێ‌و هەم بەو مانایەیە کە نیاز بە ئازادبوونی لە پێوەندی نێوان زۆردارو زۆرلێکراوادا هەیە، بۆ ئەوەی هێز وەگەر حەز لە نێوخۆی وڵاتدا لە پێناو گەشەکردندا وەکار بکەون. دیارە ئازادی بەبێ سەربەخۆیی ڕواڵەتێکی بێنێوەرۆکە، ئەسڵێکە کە هەرکات خەوشدار بێ، گۆڕان بەلای خەڵك سالاری‌دا نامومکن دەبێ. فەرهەنگی خەڵك سالاریی خەڵکەکانی ئێران، دەبێ لە نێو کۆمەڵ‌داو لە نێوەوە بێتە دی. هەر دەستێوەردانێك لە دەرەوەڕا لەلایەن هەر کۆمەڵ‌و لایەنێکەوە بێ، گۆڕان لە نێوخۆدا دەوەستێنێ. چوونکە دەبێتە هۆی بێهێزو بێدەسەڵات بوونی کۆمەڵ لە گۆڕان بە لای خەڵك سالاری‌دا. کۆمەڵێك کە حەقە دان بە هێزی خۆیدا بێنێ، لەڕاستی‌دا دانی بە نەبوونی فەرهەنگی خەڵك سالاری‌دا هێناوەو بێهێزی خۆی بۆ گەشەکردن سەلماندوە. ئێستا لەسەر ئێمەو ئێوەیە ئوسوولی خەڵك سالاری‌و فەرهەنگی خەڵك سالاری لە نێو کۆمەڵدا پەرە پێبدەین، لە بیرو لە کردەوەدا بەدوای سەربەخۆیی‌و ئازادی‌دا بگەڕێین‌و ئێران لە ئیستیبداد ڕزگار بکەین.

**شادو هیوادارو سەرکەوتوو بن**
**ئەبولحەسەنی بەنی‌سەدر**

**

## په‌یامی ڕێکخراوی فیدائیانی گه‌لی ئێران (ئه‌کسه‌رییه‌ت)

بۆ کۆنگره‌ی سێزده‌هه‌می حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هه‌ڤاڵانی هێژا!

ده‌سته‌ی سیاسی ـ ڕاپه‌ڕێنه‌ری ڕێکخراوی فیدائیانی گه‌لی ئێران (ئه‌کسه‌رییه‌ت)، ئه‌و شانازییه‌ی پێ‌بڕاوه که له‌لایه‌ن ڕێکخراوه‌که‌مانه‌وه، سڵاوگه‌لی گه‌رمی فیدائیانی گه‌لی ئێران (ئه‌کسه‌رییه‌ت) پێشکه‌ش به کۆنگره‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاو ئاواتی سه‌رکه‌وتن‌و به‌خته‌وه‌ری بۆ ئێوه هه‌ڤاڵانی خه‌باتگێڕ له‌م کۆنگره‌یه‌دا، بخوازێ.

هاوڕێیان!

کۆنگره‌که‌تان له هه‌لومه‌رجێکدا به‌ڕێوه‌ده‌چێ که خه‌ڵکی ئێران پاش وه‌ده‌ستهێنانی ئه‌زموونێکی به‌نرخ له ڕووداوه سیاسی‌یه‌کان له‌م چه‌ند ساڵه‌دا، هاتوونه‌ته سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه که ڕێگای چاره‌سه‌ری کێشه قووڵ‌و که‌ڵکه‌بووه‌کانی وڵات، ته‌نیا له دامه‌زراندنی سیستمێکی دێموکراتیك له جێگای کۆماری ئیسلامی دایه.

پێکهاتنێك که له‌سه‌ر بنه‌مای کۆماری، دێموکراسی، سکۆلاریزم‌و فیدرالیزم دامه‌زرا بێت. هێزی وه‌دیهێنه‌ری ئه‌م پێکهاته‌ش، بزاڤی سیاسی‌و دێموکراتیکه که تێیدا ڕۆشنبیران‌و بیرمه‌ندان، کرێکاران‌و خاوه‌نکاره پێشکه‌وتنخوازه ده‌ستی‌و هزرییه‌کان، خوێندکاران‌و ژنان‌و بزاڤه نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌کانی نه‌ته‌وه بنده‌سته‌کانی ئێران که داوای دێموکراسی له‌گه‌ڵ دابه‌شکردنی ده‌سه‌ڵات ده‌که‌ن، پێك دێن. ئه‌م هێزانه به کرده‌وه‌و به هێزه‌کی له لایه‌ن ڕێکخراوه سیاسی‌یه دێموکراتیکه‌کانه‌وه نوێنه‌رایه‌تی ده‌کرێن که به شێوه‌یه‌ك له شێوه‌کان له گۆڕه‌پانی سیاسیی وڵاتدا چالاکن‌و یا خه‌ریکی پێکهێنان‌و ده‌رخستنی ئیراده‌ی خۆیانن.

هاوڕێیانی به‌ڕێز!

کۆنگره‌ی نائاسایی حیزبه‌که‌ی ئێمه له ڕه‌زبه‌ری ساڵی ڕابردوودا به هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕه‌وته سیاسی‌یه‌کانی وڵات به‌و ئاکامه گه‌یشت که دڵی گۆڕانکارییه سیاسی‌یه‌کان له دیمه‌نی داهاتوودا ڕاست له نێو ئه‌م هێزانه‌دا لێ ده‌دا. به گوێره‌ی ئه‌م ئاکامه، پشتی به یه‌کیه‌تیی سه‌رجه‌م ئه‌و هێزو لایه‌نه دێموکرات‌و سکولارانه‌ی وڵات به‌ست که خوازیاری کۆمارێکی دێموکراتیك له جێگای کۆماری ئیسلامین. ئێمه به ئه‌و شاره‌زایی‌یه له‌مێژینه‌یه‌ی که له‌سه‌ر هه‌ستی به‌رپرسایه‌تیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانه هه‌مانه، به دڵنیایی‌یه‌وه هیواداربن که کۆنگره‌که‌تان، هه‌نگاوی پتر له پێناوی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌م پێویستی‌یه هاوبه‌شه‌ی ئێستای گه‌لانی ئێران هه‌ڵده‌گرێ. ئێمه له دڵه‌وه ئاواتی کۆنگره‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوو بۆ ئێوه وه‌ك یه‌کێك له هاوپه‌یمانانی له‌مێژینه‌ی خۆمان له ئامانج‌و خه‌باتی هاوبه‌شمان ده‌خوازین. دۆستانه‌و هاوڕێیانه ده‌ستی یه‌ك یه‌کی ئێوه به‌شداران له کۆنگره‌ی سێزده‌هه‌می حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ده‌گوشین.

**له‌گه‌ڵ ڕێزماندا**

**ده‌سته‌ی سیاسی ـ ڕاپه‌ڕێنه‌ری ڕێکخراوی فیدائیانی گه‌لی ئێران (ئه‌کسه‌رییه‌ت)**

**١٩ی جۆزه‌ردانی ١٣٨٣**

**

## کۆمه‌ڵه‌ی داکۆکی له مافی مرۆڤ له ئێراندا

## Ligue Pourla Defense des Droits' Homme in Iran (FIDH)

دۆستی هێژا جه‌نابی ئاغای عه‌بدوڵڵا حه‌سه‌نزاده

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پیرۆزبایی گیرانی سێزده‌هه‌مین کۆنگره‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له جه‌نابتان‌و سه‌رجه‌م ئه‌ندامانی ئه‌و حیزبه ده‌که‌م. ئه‌م کۆنگره‌یه هه‌روه‌ك کۆنگره‌و دانیشتنه‌کانی پێشووی حیزبه‌که‌تان، نیشانه‌یه‌که له ڕێوشوێن‌و پێوه‌ندییه دێموکراتیکه‌کانی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هه‌روه‌ها جێگای هیوایه‌کی زۆر بۆ داهاتووی دێموکراسی له ئێراندا.

یه‌کێك له هۆیه‌کانی به‌رده‌وامبوونی نزیکه سه‌ده‌یه‌ك سه‌ره‌ڕۆیی‌و ته‌کڕه‌وی له ئێراندایه، سه‌ره‌ڕای به‌رپابوونی دوو شۆڕشی دژی سه‌ره‌ڕۆیی، که ده‌بێ له نه‌بوونی نه‌هاده‌کانی کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی‌و له‌وانه له حیزب‌و ڕێکخراوه سیاسی‌یه دێموکراتیکه‌کاندا بدۆزرێته‌وه. ڕێکخراوه سیاسی‌یه‌کانی ئێمه چ له سه‌رده‌می سه‌ره‌ڕۆیی پاشایه‌تی‌دا‌و چ له‌سه‌رده‌می کۆماری ئیسلامی‌دا، له جیاتیی ئه‌وه‌ی که خه‌ریکی فێرکردن‌و په‌ره‌پێدانی فه‌رهه‌نگی دێموکراسی‌و به‌رفراوانکردنی پێوه‌ندیگه‌لی دێموکراتیك بن‌و بایه‌خ به به‌ڕێوه‌بردنی هه‌ڵبژاردن بۆ ڕه‌چاوکردنی ئه‌سڵی ده‌ستاوده‌ستکردنی ده‌سه‌ڵات له نێو ڕێکخراوه‌ی خۆیاندا بده‌ن‌و تا به‌م شێوه که‌لتووری پێوه‌ندیی دێموکراتیك له نێو کۆمه‌ڵگای ئێراندا جێ بگرێ، به‌داخه‌وه ستراتیژیی خۆیان له‌سه‌ر بنه‌مای دژایه‌تی‌و ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه له‌گه‌ڵ حکوومه‌ت‌و چڕکردنه‌وه‌ی خه‌بات له پێناوی وه‌ده‌ستهێنانی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی‌دا به‌رته‌سك‌و پاوان کردووه.

به‌و هیوایه که کۆنگره‌ی سێزده‌هه‌می حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سه‌رکه‌وتووانه به دوماهی و خه‌باتگێڕانی ئازادیخوازی حیزب‌و ڕێکخراوه دێموکراتیکه‌کان ببێته هۆی جێگیرکردنی دێموکراسی له ئێراندا.

له‌گه‌ڵ ئه‌وپه‌ڕی ڕێزمدا

**عه‌بدولکه‌ریم لاهیجی**

**سه‌رۆکی کۆمه‌ڵه‌ی داکۆکی له مافی مرۆڤ له ئێراندا**

**جێگری سه‌رۆکی فیدراسیۆنی نێونه‌ته‌وه‌یی کۆمه‌ڵه‌کانی مافی مرۆڤ**

**٢٣ی گوڵانی ١٣٨٣**

**١٢ی مای ٢٠٠٤**

**

## په‌یامی

## یه‌کیه‌تیی کۆماریخوازانی ئێران

بۆ کۆنگره‌ی سێزده‌هه‌می حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دۆستانی هێژا!

به‌شدارانی به‌ڕێزی کۆنگره!

له به‌ره‌به‌ری کۆنگره‌دا سڵاوه گه‌رمه‌کانی ئێمه قبووڵ بکه‌ن!

کۆنگره‌ی ئێوه له هه‌لومه‌رجێکی ناسکی گۆڕانکاری‌یه‌کانی نێو کۆمه‌ڵگای ئێمه ده‌به‌سترێ. خه‌ڵکی وڵاته‌که‌ی ئێمه له ماوه‌ی چه‌ندین ساڵی ڕابردوودا به ئه‌زموون بۆیان ده‌رکه‌وتوه که له ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، ده‌نگ‌و ئیراده‌ی خه‌ڵك پێوه‌ر نیه، به‌ڵکوو ئه‌وه ئیراده‌ی تاقمێکی سه‌ره‌ڕۆیه که ده‌سه‌ڵاتی له ده‌ست دایه‌و، به بێ خه‌بات بۆ گۆڕینی پێکهاته‌ی ده‌سه‌ڵات‌و نیزامی سیاسیی وڵات، دامه‌زراندنی سیستمێکی سیاسی که پشتی به ده‌نگی خه‌ڵك‌و ویست‌و داخوازی ئه‌وان به‌ستبێ ده‌ست نادا.

ئێستا که له‌لایه‌ن هێزه سیاسی‌یه‌کان، تێکۆشه‌رانی بزاڤه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کان، خوێندکاران، نووسه‌ران، هونه‌رو چاپه‌مه‌نی، ژنان، لاوان‌و بنیاته شارستانی‌یه‌کانه‌وه هه‌وڵێکی به‌ربڵاو ده‌درێ بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاریگه‌لێکی قووڵ‌و جێگیرکردنی سیستمێکی سکۆلار.

هه‌ڤاڵانی هێژا!

ئێستا یه‌کیه‌تیی بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی‌و کۆمارێکی خه‌ڵکی له وڵاته‌که‌ماندا، بۆته پێویستی‌یه‌کی به‌په‌له بۆ گه‌شه‌کردن‌و هه‌ڵدانی خه‌باتی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵك‌و کردنه‌وه‌ی ده‌رگایه‌کی نوێ. ئێمه گشتمان خوازیاری ئێرانێکین که تێیدا مافی به‌رامبه‌ری هاووڵاتیان، سه‌ر به هه‌ر ڕه‌گه‌ز، قه‌ومییه‌ت، جینسییه‌ت‌و مه‌زهه‌بێك بن دابین کرابێ. ئازادییه مه‌ده‌نی‌یه‌کان‌و مافه ئینسانی‌یه‌کانی نێو جاڕنامه‌ی مافی مرۆڤ، سه‌ر به ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان مسۆگه‌ر بکرێ. حکوومه‌ت هه‌ڵبژێردراوی خه‌ڵك‌و وه‌ڵامده‌ری ئه‌وان بێ، بۆ گه‌یشتن به داهاتوویه‌کی ئه‌وتۆ، یه‌کیه‌تی‌و هاوکاریی سه‌رجه‌م هێزه‌کان، حیزبه سیاسی‌یه‌کان، که‌سایه‌تی‌یه‌کان‌و تێکۆشه‌ره سیاسی‌و مه‌ده‌نی‌یه‌کانی ئێران، گرنگی‌یه‌کی ژیانه‌کیی هه‌یه.

ئێمه ڕێز له تێکۆشانی حیزبی ئێوه بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی‌و دابینکردنی مافه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان له چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکراتدا ده‌گرین‌و له خه‌باتی هاوبه‌ش بۆ ئاواکردنی ئێرانێکی ئازادو پشت ئه‌ستوور به ئیراده‌ی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك، ده‌ستتان توند ده‌گوشین.

له به‌ستنی کۆنگره‌که‌تاندا ئاره‌زووی سه‌رکه‌وتنتان بۆ ده‌خوازین.

**له‌گه‌ڵ ڕێزماندا**

**ده‌سته‌ی ڕاپه‌ڕێنه‌ری یه‌کیه‌تیی کۆماریخوازانی ئێران**

**جۆزه‌ردانی ١٣٨٣**

**

## په‌یامی ریکخراوی یه‌کیه‌تیی فیدائیانی گه‌لی ئێران

بۆ کۆنگره‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هه‌ڤاڵانی هێژاو هاوسه‌نگه‌رانی به‌وه‌ج!

به سڵاوێکی گه‌رم

به‌ستراتی سه‌رکه‌وتووانه‌ی کۆنگره‌که‌تان ئاواتمانه. ئێمه شانازی به دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ حیزبی ئێوه‌و هاوکاری‌و هاوهه‌ڵوێستی له‌گه‌ڵ ئێوه له خه‌باتی هاوبه‌شمان دا بۆ دروستکردنی ئێرانێکی ئازادو دیموکراتیك، ده‌که‌ین. ئه‌م هاوکاری‌یه وه‌ك بناخه‌یه‌کی پته‌و، بۆ یه‌کیه‌تیی گشت ئازادیخوازانی وڵاته‌که‌مان ده‌زانین.

دۆستانی هێژا!

حیزبی ئێوه نموونه‌یه‌کی ده‌گمه‌ن له حیزبه‌کانی وڵاته‌که‌مانه که له ماوه‌ی خه‌باتێکی دوورو درێژدا له ڕێگای سه‌ره‌کیی خۆی "دیموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاریی بۆ کوردستان" دا، پێ له‌سه‌ر ئه‌سڵه دیموکراتیکه‌کان له نێوخۆی‌دا داگرتوه‌و له ماوه‌ی خه‌باتی خۆی‌دا، ـ تێکۆشاوه، پێوه‌ندییه نێوخۆیی‌یه‌کانی خۆی له‌سه‌ر شێوازه دیموکراتیکه‌کان، بکاته حیزبی. له هیچ هه‌لومه‌رجێکدا واته چ له ده‌ورانی خه‌باتی نهێنی‌و چ له‌و ماوه‌یه‌دا به ئاشکرا به‌ره‌نگاری دوژمنانی خه‌ڵکی کوردستان بۆته‌وه، ته‌نانه‌ت له ژێر بۆمبارانه‌کانیش‌دا ئه‌سڵه دیموکراتیکه‌کانی خۆی نه‌خستۆته ژێر پێ‌و خۆی تووشی مه‌ترسی کردوه، به‌ڵام ئه‌سڵه‌کانی خۆی به بیانووی بوونی مه‌ترسی، پشتگوێ نه‌خستوون. کۆنگره‌کانیشی له ناخۆشترین هه‌لومه‌رجدا به‌ستوون‌و ڕێزی له بیروڕای ئه‌ندامه‌کانی گرتوه.

ئێمه پیرۆزبایی درێژه‌دانی ئه‌م نه‌ریته دیموکراتیکه‌تان لێ‌ده‌که‌ین.

هه‌ڤاڵانی به‌ڕێز!

حیزبه‌که‌تان هه‌ر له کاتی دامه‌زرانی‌یه‌وه هه‌وڵی داوه ببێته په‌یڤدارو نوێنگه‌ی ویست‌و داخوازی‌یه‌کانی کۆمه‌ڵگای کوردستان. هێزی حیزبی ئێوه به‌رده‌وام له پشتبه‌ستن به خه‌ڵکه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتوه‌و متمانه‌ی خه‌ڵك به حیزبه‌که‌ی ئێوه، سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌کیی سه‌رکه‌وتن، مانه‌وه‌و به‌رده‌وامی‌یه‌که‌ی سه‌ره‌ڕای سه‌رکوت‌و ئێعدامه‌کان، تیرۆرو کوشتنی ڕێبه‌رانی به درێژایی مێژووی پڕ له که‌ندو له‌ندی بووه. حیزبه‌که‌تان یه‌که‌م کۆماری خودموختاری گه‌لی کوردی دامه‌زراندوه‌و ڕێبه‌رایه‌تیی کردوه‌و، ئه‌م ئه‌زموونه‌ش بۆته ڕێنیشانده‌ری خه‌باتگێڕانی کورد له‌وده‌مه‌ڕا هه‌تا ئێستا. ئێوه له هه‌موو که‌س پتر ئاگاداری ئه‌و ڕاستی‌یه‌ن که هیچ حیزب‌و ڕێکخراوێك به‌بێ پشت به‌ستن به ئیراده‌و ده‌نگی خه‌ڵك، ناتوانێ ته‌نانه‌ت هه‌نگاوێکی بچووکیش هه‌ڵبگرێ. هه‌نگاوگه‌لێکی گه‌وره‌ی وه‌ك پێکهێنانی ده‌وڵه‌تێکی نه‌ته‌وه‌یی، درێژه‌دان به نزیکه‌ی شه‌ش ده‌یه خه‌بات به‌بێ پشت به‌ستن به ئیراده‌ی خه‌ڵکی کوردستان نه‌ده‌لوا. واته ئه‌و سه‌رمایه زۆرو زه‌وه‌نده‌ی که حیزبه‌که‌ی ئێوه هه‌یه‌تی‌و به ئه‌زموون بۆی ده‌رکه‌وتوه که ئه‌و ته‌نیا خه‌ڵك له چاره‌نووسی گۆڕانکارییه بنه‌ڕه‌تی‌یه‌کان دیاری ده‌که‌ن‌و هیچ هێزێك ناتوانێ جێگای خه‌ڵك بگرێته‌وه. تێکۆشانی ئێوه له پێناوی ڕه‌نگ پێدانه‌وه‌ی ئیراده‌ی خه‌ڵکی کوردستان له به‌رنامه‌و سیاسه‌ته‌کانتاندا به‌رز ده‌نرخێنین.

هاوسه‌نگه‌رانی به‌وه‌ج!

حیزبه‌که‌تان واقعبینانه پێی له سه‌ر دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان داگرتوه‌و داده‌گرێ. به‌بێ جێگیرکردنی سیستمێکی دیموکراتیك له سه‌رانسه‌ری ئێراندا، به دڵنیایی‌یه‌وه ئازادی‌و خۆبه‌ڕێوه‌به‌ریی گه‌لانی ئێران دابین نابێ. له لایه‌کی دیکه‌وه به‌ڵام، داڕشتنی بناخه‌ی ئێرانێکی دێموکراتیك ته‌نیا له ڕێگای یه‌کیه‌تیی ئاره‌زوومه‌ندانه‌و دڵخوازانه‌ی سه‌رجه‌م گه‌لانی نیشته‌جێی ده‌وێ‌و ئه‌م دوو شته‌ش واته ئازادیی نه‌ته‌وه‌کانی ئێران له دیاریکردنی چاره‌نووسی نێوخۆیی خۆیان، پێوه‌ندییه‌کی پته‌وی له‌گه‌ڵ جێگیربوونی دیموکراسی له سه‌رانسه‌ری ئێراندا هه‌یه. ئێستا که سه‌باره‌ت به جۆره‌کانی ئه‌م دیموکراتیزاسیونه، بیروڕای جیاواز له ئارادان، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که له سه‌رووی هه‌موو ئه‌و شێوانه‌وه‌یه، ده‌رباره‌ی پاشه‌ڕۆژی پێوه‌ندییه نێوخۆیی‌یه‌کانی تێکڕای ئێرانی‌یه‌کان، نه‌هێشتنی نابه‌رابه‌ری‌یه‌کان‌و بێ‌دادی‌یه‌کان‌و هه‌روه‌ها سته‌م‌و هه‌ڵاواردنی زاڵ‌و پێکهێنانی پێوه‌ندیگه‌لی نوێ له سه‌ر بنه‌مای ماف‌و ئازادییه دیموکراتیك‌و مه‌ده‌نی‌یه‌کان له ئێران دایه. جیاوازیی بیروڕا سه‌باره‌ت به شێوازه‌کانی ئه‌م پێوه‌ندییانه‌و یا ناونیشانیان ده‌بینرێ‌و که ئه‌مه‌ش نابێ کاربکاته سه‌ر چاره‌سه‌ری هه‌میشه‌یی مه‌سه‌له‌ی نابه‌رابه‌ری‌و سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی له ئێرانداو ئامانج بکاته قوربانیی ئامراز. بابه‌تگه‌لی وه‌ك فیدرالیزم، خودموختاری‌و... . گه‌نگه‌شه له سه‌ر شێوازی چاره‌سه‌ری هه‌میشه‌یی کۆبوونه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات له ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندی‌داو ئه‌سپاردنی به‌ڕێڤه‌به‌ریی کاروباری ناوچه‌کان به ئیراده‌و بیروڕای دانیشتوانه‌کانیانه. ئه‌سڵی یه‌که‌م به ڕه‌سمی ناسینی فره‌نه‌ته‌وه‌یی‌و فره قه‌ومی بوونی ئێران‌و دابینکردنی مافه دیموکراتیکه‌کانی هه‌موانه. دوایین شێوه‌ی به‌ڕێڤه‌به‌ریی وڵات له پاش ڕزگاری له شه‌ڕی حکوومه‌تی ئیسلامی، به ده‌ستی نوێنه‌رانی هه‌ڵبژێردراوی خه‌ڵك له نێو نه‌ته‌وه‌و قه‌ومه‌کانی ئێراندا، دیاری ده‌کرێ. بابه‌ته په‌سندکراوه‌کانی کۆنگره‌ی ئێوه له‌و بواره‌دا ڕێخۆشکه‌رن.

دۆستانی هێژا!

هاوکاریی ئێمه له کومیته‌ی یه‌کیه‌تیی کرده‌وه بۆ دیموکراسی له ماوه‌ی چه‌ندین ساڵی ڕابردوودا، ئه‌و ڕاستی‌یه‌ی له بزووتنه‌وه‌ی سیاسی ئێراندا ڕوون کردۆته‌وه که حیزبه سیاسی‌یه‌کان، به پشت به‌ستن به شێوازه دیموکراتیکه‌کان‌و به پشت به‌ستن به پرنسیپه هاوبه‌شه سیاسی‌یه‌کانیان ده‌توانن پێکه‌وه هاوکاریی به‌رده‌وام بکه‌ن‌و سه‌ره‌ڕای ئه‌وه که به‌رنامه‌ی سیاسیی جیاجیایان له ڕێگای خه‌باتی هاوبه‌ش هاوبیری‌و هه‌نگاوگه‌لی هاوبه‌ش خۆش بکه‌ن. به‌ڵام ئه‌م یه‌کیه‌تیی کرده‌وه‌یه له چوارچێوه‌ی ئێستای خۆی‌دا سه‌ره‌ڕای سه‌رجه‌م ده‌سکه‌وته ئه‌رێنی‌یه‌کانی ته‌نیا له سێ لایه‌نی پێکهێنه‌ری‌دا کورت کراوه‌ته‌وه، که ئه‌مه‌ش ناتوانێ وه‌ڵامی پێداویستی‌یه‌کانی هه‌لومه‌رجی سیاسی ئێستای وڵاته‌که‌مان بداته‌وه. ئێستاکه‌و به‌تایبه‌ت پاش ڕووداوه‌کانی عێراق‌و ئه‌فغانستان، وڵاته‌که‌مان له ڕه‌وشێك دایه که جیا له سێبه‌ری نه‌گریسی کۆماری ئیسلامی، مه‌ترسی گه‌لی ده‌ستێوه‌ردانی بیانیش بوونه‌ته باری سه‌رباری سیاسه‌ته چه‌وته‌کانی کۆماری ئیسلامی‌و مه‌ترسی‌یه‌کانی ئه‌م ڕێژیمه له سه‌ر داهاتووی ئێران زۆر جیدیتر بوونه‌ته‌وه. ڕزگاریی له شه‌ڕی کۆماری ئیسلامی‌و دابینکردنی به‌رژه‌وه‌ندی‌و سه‌ربه‌خۆیی وڵات‌و خه‌ڵکی ئێران به یه‌کیه‌تیی هه‌موو هێزه ئازادیخوازه‌کان به دیموکرات‌و چه‌په‌وه له چوارچێوه‌یه‌کی دیموکراتیك‌و هه‌روه‌ها مافی حاکمیه‌تی خه‌ڵکی ئێرانه‌وه به‌ستراوه‌ته‌وه. له‌م ده‌ست‌و داره‌دا ده‌ربازبوون له یه‌کیه‌تیگه‌لی به‌رته‌سك‌و پێکهێنانی یه‌کیه‌تیگه‌لی به‌رفره‌ترو گشت لایه‌نتر پێویستیی هه‌نووکه‌یی‌یه بۆ ڕێ خۆشکردن بۆ گۆڕانکاریی گه‌وره له وڵاته‌که‌ماندا. دروشمی یه‌کیه‌تی‌یه‌کی ئه‌وتۆ ده‌بێ نه گه‌ڕانه‌وه بۆ سیستمی پاشایه‌تی‌و نه پاراستنی ته‌نانه‌ت موویه‌ك له ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، به‌ڵکوو پێداگرتن له سه‌رکۆمارێکی پشت به‌ستوو به ده‌نگی خه‌ڵك‌و داکۆکی له مافه‌کانی مرۆڤ، جیایی ئایین له ده‌وڵه‌ت، لابردنی ئاشکرای هه‌ڵاواردنی جینسی، مه‌زهه‌ب، نه‌ته‌وایه‌تی‌و دابینکردنی مافی هه‌موو ئێرانی‌یه‌کان‌و مسۆگه‌ر کردنی مافی کارو دابینکردنی کۆمه‌ڵایه‌تی بۆ هه‌موان بێ.

پێداگرتنی کۆنگره‌ی ئێوه له سه‌ر ئه‌و سیاسه‌ته زه‌لالانه که تا ئێستا گرتووتانه‌ته‌به‌ر، هه‌نگاوێکی گرنگه بۆ کردنه‌وه‌ی ڕێگای ئه‌م یه‌کیه‌تی‌یه به‌رفراوانه.

هه‌ڤاڵانی هێژا!

جارێکی دی سڵاوتان بۆ ده‌نێرین‌و ده‌ستتان له خه‌باتی هاوبه‌شماندا بۆ دروستکردنی ئێرانێکی ئازادو پشت به‌ستوو به ئیراده‌ی خه‌ڵك، به‌گه‌رمی ده‌گوشین‌و هیوای سه‌رکه‌وتن بۆ کۆنگره‌که‌تان ده‌خوازین.

**کومیته‌ی ناوه‌ندیی ڕێکخراوی فیدائیانی گه‌لی ئێران**

**جۆزه‌ردانی ١٣٨٣**

**

## په‌یامی حیزبی میلله‌تی ئێران بۆ سێزده‌هه‌مین کۆنگره‌ی هاونیشتمانان له حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانانی کورد، هاوڕێیانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارێزه‌رانی ڕاسته‌قینه‌ی سنوورو خاکی ئێران!

گه‌لێك سڵاوان له ئێوه هاونیشتمانانی دوور له نیشتمان‌و سێزده‌هه‌مین کۆنگره‌ی پڕبایه‌ختان! و له‌گه‌ڵ سڵاو بۆ گیانی پاکی سه‌رجه‌م کورده ئازاو گیان به‌ختکردووه‌کانی ڕێگای خه‌ڵك سه‌رداری، سه‌ربه‌خۆیی‌و سه‌ربه‌رزیی تێکڕای قه‌ومه ئێرانی‌یه‌کان له ئێرانێکی یه‌کگرتوودا، بۆ ڕێزگرتن له خوێنی سه‌رجه‌م شه‌هیده به‌وه‌جه‌کانمان له هه‌موو شوێنێکی ئێران داوا له هاوڕێیان ده‌که‌ین هه‌ستنه سه‌رپێ‌و ده‌قیقه‌یه‌ك بێ‌ده‌نگی ڕاگرن.

"تا جه‌للاد بزانێ خوێن هه‌رگیز نافه‌وتێ"

هاونیشتمانان! کاتێك که ئاگادار بووینه‌وه تا له نێوخۆی وڵاته برینداره‌که‌مانه‌وه په‌یامی پیرۆزبایی حیزبی میلله‌تی ئێران پێکه‌شی ئه‌و ئازیزانه بکه‌ین، خۆشحاڵ بووین که نه‌مامی هاوپێوه‌ندیی میللی له ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وی نیشتمان به‌و هیوایه که هه‌ڵ بدا.

ژنان‌و پیاوانی ئازا، کوردانی گورد!

هاونیشتمانانی ئێوه له حیزبی میلله‌تی ئێراندا به درێژه‌دانی ڕێگای ڕێبه‌رانی له‌خوێن شه‌ڵاڵی خۆیان داریوش فرووهه‌ر، ئه‌م عاشقه‌ی ئێران‌و قه‌ومه ئێرانی‌یه‌کان‌و، په‌روانه‌ی فرووهه‌ر، ئه‌م شێره ژنه، هه‌روه‌ك جاران به دوور له توندوتیژی‌یه ماڵوێرانکه‌ره‌کان، له پێناوی پێکهاتنی هاوپێوه‌ندیی میللی وه‌ك هه‌نگاوی یه‌که‌م به‌ره‌و خه‌ڵك سه‌رداری پێ‌ده‌ده‌گرن.

هه‌ڤاڵان! تا زوڵم هه‌یه خه‌باتیش هه‌یه. ئه‌وه‌ی جێگای سه‌رنجه، ئه‌زموون وه‌رگرتن له تاقیکردنه‌وه پڕبایه‌خه‌کانی میلله‌ته‌و، ئه‌ویش ڕاست "من من"و "تۆ تۆ"یه. کێشه‌که لێره‌وه‌یه‌و "ئێمه" کێشه‌که چاره‌سه‌ر ده‌کا.

ئه‌وه‌ی مایه‌ی خۆشحاڵی‌و چاوه‌ڕوانیی هه‌ڤاڵانه له نێوخۆی نیشتمانه به‌خت ڕه‌شه‌که‌ماندا، ئه‌وه‌یه که ناکۆکی‌و به‌رچاوته‌نگی وه‌لانێین‌و ئه‌م کۆنگره‌یه ببێته سه‌ره‌تای بزاڤێك بۆ هاوپێوه‌ندیی میلیی نیوان ئه‌و هێزه خه‌باتگێڕانه‌ی که تاکه ئامانجیان سه‌ربه‌خۆیی، ئازادی‌و خه‌ڵك سه‌رداری له ئێرانی ئازیز دایه.

ئازیزان! له پێناوی نیشتمانه‌که‌ماندا، له پێناوی خه‌ڵکه‌که‌ماندا، بۆ ڕێزگرتن له خوێنی شه‌هیده‌کانمان با له یه‌کتر نزیك بینه‌وه‌و ڕیزه‌کانمان هه‌رچی زیاتر یه‌ك بخه‌ین‌و به‌بێ په‌نابردنه‌به‌ر هه‌رچه‌شنه توندوتیژی‌یه‌کی ماڵوێرانکه‌ر، به ئاواته‌که‌مان واته خه‌ڵك سه‌رداری بگه‌ین.

هاونیشتمانانی کورد!

له سه‌ره‌تای هه‌زاره‌ی سێیه‌م‌دا، ده‌سه‌ڵاتی میلله‌تان پادگانه‌کان‌و سه‌ربازه بێ‌ئه‌ژماره زۆره‌کان هه‌ر به‌ته‌نیا دیاریی ناکه‌ن. ده‌بێ زۆر باش له هه‌لومه‌رجی ئه‌م سه‌رده‌م‌و به‌رفره‌ترکردنی ئه‌و تایبه‌تمه‌ندی‌یانه له ئاستی میللی‌دا، به هه‌موو شێوه‌یه‌ك که‌ڵك وه‌رگرین. ده‌بێ له‌وه تێ‌بگه‌ین‌و بڕوامان پێی بێ که به په‌نابردنه‌به‌ر شێوازه کۆنه‌کان "هیچکام له خه‌ونه‌کانمان نایه‌نه دی"و ژیانمان ئازادی‌و ڕووناکی به‌خۆیه‌وه نابینێ. ده‌بێ ڕێکخراوه سیاسی‌یه‌کان له سه‌ر گرنگیی دۆزینه‌وه‌ی شێوازێکی گونجاو له‌گه‌ڵ پێکهه‌ڵکردنی فه‌رهه‌نگی سیاسی ڕێك که‌ون. چونکه ئێرانه‌که‌مان له ده‌ورانی فه‌زیله‌ت کوژی ده‌رباز ده‌بێ.

حیزبی میلله‌تی ئێران، سه‌رکه‌وتن‌و سه‌ربه‌رزیی کوردانی ئازا له تێکڕای دنیا به سه‌رکه‌وتنی میلله‌تی ئێران ده‌زانێ.

هیوای سه‌رکه‌وتن‌و به‌خته‌وه‌ری بۆ کۆنگره‌که‌تان‌و یه‌ك یه‌کی ئێوه ده‌خوازێ.

سه‌رکه‌وێ هاوپێوه‌ندیی میلیی ئێرانی‌یه‌کان له نێوخۆو ده‌ره‌وه، به هیوای ئێرانێکی ئاوه‌دان‌و به‌بێ کۆت‌و زیندان، هه‌ڵاواردن‌و ئه‌شکه‌نجه.

**ده‌بیرخانه‌ی حیزبی میلله‌تی ئێران**

**تاران ٢٦ی گوڵانی ١٣٨٣**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 393 21 Jul 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com

بەر لە ماڵاوایی

## "زینوێ بەتەم"

## داستانی راخوشینی

ع. وریا

## چەند ئەستێرەیەك لە تاریكستاندا

**"كوێستان شڵەژا بوو، سەدان ژاندارمو پیاوی ئاغایان بە شاخانەوە بوون، فەوج فەوجو دەستە دەستە دەهاتن، لە خانێ ڕا، لەسەردەشتێ ڕا، لە سابلاغێو ورمێ، تەواوی رێگاو بانیان گرتبوو، دەوڵەت بە تەواوی هێزی هاتبووە مەیدان، تەواوی پاسگاكان ئامادەباشیان درابوویە، دەستەی چریكیان ساز كردبوو، سەدان دێهاتی لە گەڵیان كەوتبوون، ماڵ بە ماڵ دەگەڕان، لادێییەكان وردو درشت، پیرو جحێڵ كەوتبوونە بەر پەلاماریان، سۆسەیان لەهەر شوێنێكی كردبا وەك مووروو مەلەخ تێدەورووكان.**

**نێوبانگی مرادو مستەفاو هاوالانیان دەماودەم رۆیبوو، سنووری پەڕاندبوو، زاویتە بوو، بە تەوژم رۆیبوو، چوارقوڕنەی كوردستانی داگرتبوو، ئەرتەش بۆ یاریدەی ژاندەرمان هاتبوو، رۆژ نەبوو فڕەفڕو ورەوڕی هێلیكۆپتێرو تەیاران نەیە. ئاورێك بوون، دووكەڵێك بوون، كەوتبوونە هێلانە زەرگەتان، هارووژاندبوونی، لە تەواوی ناوچەی لاجانو پیرانو دەشتی گەلۆانێ نێوی مرادی كەوتبۆ سەرزاران".**

ئەمە دوو پاراگراف لە فەسڵی ٤٤، لاپەڕەی ٢٦٣ی رۆمانێكن كە ئەگەرچی ساڵی ١٣٧٩ چاپو بڵاو بۆتەوە، من ئەم رۆژانە كەوتە بەردەستمو خوێندمەوە. "زینوێ بەتەم" رومانێكی ٣٢٥ لاپەڕییە، "كامران حامدی" نووسیویەتیو "انتشارات محمدی" لە سەقز چاپی كردوە. ئەم رۆمانە شیرینە، سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی لە باری وشەی كوردییەوەو هەوڵی ئاشكرای نووسەر بۆ ئەوەی زۆرترینو جوانترین وشەكانی زمانەكەی بە تایبەتی ئەو وشەو زاراوانەی خەڵكی ناوچەو شوێنی لەدایكبوونی رووداوەكان پێی دەدوێن، بەكار بێنێ، پێداچوونەوەیەكی وردی زمانەوانیی كوردیزانێكی شارەزای پێویستە. لە بارای تێكنیكی رۆماننووسییەوەش ـ ئەگەرچی لەو بارەوە خۆم بە خاوەن نەزەر نازانم ـ هەر لە یەكەم خوێندنەوەدا هەست دەكەی هێندێك رووداو، لەسەر رۆیشتنی پتری پێویست بوو، ئاڵقەی پێوەندیی ژمارەیەك لە رووداوەكان دەبوایە زیاترو پتەوتر بانو هتد. بەڵام لێرەدا بە هیچ جۆر مەبەستم هەڵسەنگاندنی رۆمانو رەخنە گرتن لە كاری كاكی رۆماننووسو نیە. بە پێچەوانەوە، دەمەوێ لە دوورەوەو لە قووڵایی دڵمەوە دەستخۆشی پێ بڵێمو پیرۆزبایی لێ بكەم.

من هیچ شتێك لە باری كاكی رۆماننووسەوە نازانم، ئەوەندە نەبێ كە بیستوومە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لە بارەی قارەمانانی رۆمانەكەیو چۆنیەتیی رووداوەكان، گەشتو گەڕانێكی باشی بە زۆر ناوچەو گوندو كوێستاندا كردوە. نازانم تەمەنی چەندە، چی خوێندوەو چەندەی خوێندوە؟ لە رابردوودا بە چییەوە خەریك بووەو ئێستا خەریكی چییە؟ بەڵام دەزانم ئەم كارە گەورەو پیرۆزەی گەیاندوویەتە ئەنجام لە لایەكەوە بەرهەمی ئۆگری بە كاری ئەدەبیو هەبوونی مایەو توانای چیرۆكنووسییە، لەسەرێكی دیكەشەوە نیشانەی رێزدانانی بۆ خەباتو تێكۆشانی دژ بە ستەمو ئازادیخوازانەی شۆڕشگێڕانی نەتەوەكەیەتی. ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە لە زۆر ئەدیبو نووسەری كوردی چەند دەیەی رابردوودا هەبوون كە بۆ خۆیان لە نێو جەرگی رووداوەكان دابوون، یان لە نزیكانو دۆستانی قارەمانانی رۆمانی "زینوێ بەتەم" بوون. بەڵام نەك هەر بە نووسینی رۆمان، بەڵكوو بە گێڕانەوەی ئاسایی رووداوەكانیش، ئەركی خۆیان لە ئاست مێژووو نەسڵەكانی داهاتوو بەجێ نەگەیاندوە. "مراد" [شێریژ ]قارەمانی سەرەكیی رۆمانی "زینوێ بەتەم"و "سلەیمان"، "عەبدوڵڵا"، "سمایل"، "قادرخان"، "مینە"و چەندین خەباتگێڕی دیكە، بە بۆنەی راپەڕینیان لە رێژیمیزۆرداری پاشایەتیو بەشدارییان لە خەباتی چەكدارانەی ساڵەكانی ٤٦و٤٧دا، لە مێژە ناویان لە گوێی مەماناندا دەزرینگێتەوەو خۆشمان دەوێن، بەڵام نە خۆمان هەوڵمان داوە شتێكی ورد لە بارەی چۆینەتیی هاتنیان بۆ نێو كۆڕی خەباتو، كەسایەتیو تایبەتمەندییەكانیان، هەڵسووڕانو تێكۆشانیانو هەلومەرجی راست بوونەوەیان لە رێژیمی زۆرداری پاشایەتیو ئەو هەموو بەكرێگیراوەیو، بارودۆخی سەردەمەكەیان بزانین، نە ئەوانەش كە بەشدارو شاهیدی رووداوەكان بوون، زەحمەتی تێگەیاندنی نەسڵەكانی دوێنێو ئەمڕۆ لە قووڵاییو بەرینایی ستەمو زۆرداریی ژاندارمو ئاغاكانو دڕدانی كۆمەڵێك مرۆڤی ئازاو خۆبەختكەرو ئازادیخواز بە تاریكیی ئەنگوستە چاوی ئەو سەردەمەیان، بە خۆیان داوە.

دەبێ "زینوێ بەتەم" بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بە ناخی هەلومەرجی سیاسیو كۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی كوردستان داشۆر بینەوەو بە دەم رامان لە درەوشانەوەو راخوشینی پۆلە ئەستێرەیەك لە تاریكستانی نیوەی دووهەمی دەیەی ٤٠ی هەتاویدا، دەیان دیمەنی سەرنجڕاكێش لە واقیعی ژیانی ئەو رۆژگارەی خەڵك ببینین، هەر لە بێرو هاوێرو چیغو چادرو هۆبەو هەوارو مەڕدارییەوە بگرە تا دەگاتە دڵداریی نێوان كچانو كوڕانی لادێیی مەحكووم بە بێمرادیو پێ نەگەیشتن. هەر لە رێگریی چەتەكانو باج ستاندنی رەئیس پاسگاكان لەكاروانچییەكان ڕا بگرە تا زوڵمو زۆری ئاغاكان لە دێنشینانو ڕاییكردنی كاری خۆیان لەلای دەوڵەت بە بەرتیلو دەم چەوركردن. بەڵام فەرامۆش نەكراوترین دیمەنەكان، دیمەنەكانی مەرگی سەربەرزیی قارەمانە لە ستەم یاخی بووەكانن. بۆ نموونە:


**"مراد زەبری دا بە خۆی. چاوی هەڵێناوە. حاجی شەفیع لە حاست خۆی سەری بەردابۆوە، ویشك هەڵاتبوو، مراد بزێكی لێداو بەحاڵ قامكە بێهێزەكانی جووڵاندەوە، قامكی شەمێی بە قامكی خوێناویی گرتو چاوی دەچاوی بڕی، بادیناوێ دەگوڕێنێت، سووڕ دەخواتو لوورەی دێ، هێروی دیت دەچاوی لە پێڵی شەمدا بۆ لای دەهات، ئاخرین وزەی دەكار گرتو دەستەكەی دیكەی بڵیند كردو بۆ لای چاوی شەمی برد، نەگەیشتێو بەڕبۆوە. سەری سووڕاوە، چاوی لەسەر قەندیلی مابۆوە، زینوێ بەتەم بوو.**

**ئەسپە كوێت لە دوورەوە هەستا سەرپاشوان، پڕ بە وڵات حیلاندی، حیلەی پشتی قەندیلی لەزراندەوە، قەندیل گریاو گریا، فرمێسكی گوڕ گوڕ لە چاو هاتنە خوار، دەستیان دا بە یەكو خۆیان لە باوەشی بادیناوێ هاویشت، بادیناوێش بە وێنەی ئەسپە كوێتی حیلاندی، سەری لە دارو بەردان داو شێتو هار بەرەو وڵاتی بێوار لنگاری دا".**

# قاسملوو

# پیاوێك لە گوڵ هەنار!





### شێركۆ بێكەس

ئەو دەمە، شاخ و دەراڵ و گەوەكان، ماڵی بەردین و
هەواری بەچریكەی ئازادیخوازان بوون. پەیام: كوردایەتی و
دیموكراتی بوو، خۆشەویستی، بەژن زرافی چاو پڕ
لە هەتاوتەوێڵ بەفرینیش، بۆ هەمووومان هەر كوردستان بوو.
لە یەك دۆڵ و لێرەواردا، عاشقانی رۆژهەڵاتی پڕ لە
سەدای سەید عەلی ئەسغەر و عاشقانی جەستە شەلاڵ،
بەشێعری نالی و دڵۆپە شەونمی وشەی وەفایی ئەژیان.
ئێمە لە بەرگەڵووی تەنگەبەری پێچێكی نسرما بووین و
دیموكراتیش لە گەورەدێی هەڵزناو بەقەدی زیوینی
شاخێكداو هەرچەند سەعاتێ بەڕۆیشتنی تەتەرێكی خێرا
لە یەكترەوە دوور بووین
بەڵام نزیك بەڕۆح و
نزیك بەرەنگ و بۆی یەكتر و
نزیك بە پاشەڕۆژی ئازادیمان!
ساڵ ساڵی (١٩٨٥_١٩٨٦)ی فەرەنگی بوو!.
من ئەوكاتە هەمووی چەند مانگێك بوو بە خۆم و كۆڵەپشتی
پڕ لە كەشكۆڵی شێعرو پڕ لە بارانی وشەوە هاتبوومە شاخ
و
لە ژوورێكی لاتەریكداو لە زاری گەلیەك دا ئەژیام و شەو و
رۆژ خولیای شێعر و جوانیی چۆن لاولاوێ تێمەوە ئەئالاو
خەم و تەنیایی و شەهید و دووكەڵی جگەرەو سروشتی
دەوروبەرو پاشەڕۆژێكی نادیار هەموویان پێكەوە
خەیاڵی منیان كردبوو بە دارستانێكی پڕوپۆداری بێ ئۆقرەی
هەمیشە لە وژەوژدا دەم بە ئازار.
لە گەڵ چەند هاوڕێیەكی ئازیزدا
ڕوومان كردە گەورەدێ
پێشوازیی گەرم و، وەفاداری پڕ لە گوڵ و
پڕ لە پەپوولەی دیموكرات، خۆشەویستیی بۆكردین بە سابات.
من ئەوە یەكەم جار بوو
بە دیداری گەشی
"قاسملو" شادبم!
هەر لەیەكەم بینین دا هەستم كرد
پیاوێك ئەبینم لە پیاوانی تر ناچێ.
مێرگێك ئەبینم لە مێرگی تر ناچێ.
شەوقێك ئەبینم لە شەوقی ئاوێنەكانی تر ناچێ!.
پیاوێك ئەبینم: ئۆمێدی تیا هەڵ ئەقوڵێ و نێو چاویشی پڕە
لە خۆرەتاو!.
هەر بەسەر پێوە
كە كەوتە دووان
قسەی شیرینتر بوو لە هەناری گەورە دێ و
جوانتریش بوو لە باخچەكەی بەردەممان!.
كە بە چوارمشقیش لە سەر بانیژەكە دانیشتین و كەوتینە ناو
شەپۆلەكانی شێعر و سەر ڕێگاكانی چیرۆك و ناو جیهانە
بەرینەكەی ئەدەبەوە
ئەو پیاوە بەگەنجینەیەك لە بیرەوەریی پاراوو خوێندنەوەی
شێعرو زانیاریی ڕەنگاڵەی هونەر و ناو هێنانی كەڵە نووسەرانی
دنیاوە
كۆڕەكەی وەك مانگەشەوی حەپەساو سەر سام كرد!
هەر لەو دیدارە جوان و پاكە دابوو
"قاسملو" دڵداری شێعر و ڕاستی
تەواوی گەشتی هەورامان و قەرەداخی
"گۆران"ی نەمری لەبەر خوێندەوە
خوێندنەوەیەك ئەتوت ئاوی ڕەوانی
تەنیشتمانە و بەڵام بە هەناومانا گوزەر ئەكا!.
**********
پیاوێك لە زەینی ڕوون
بە وێنەی كانیەكی بەركاوی بەهاران.
پیاوێك لە بژوێنی ژیان
بە هەمو ئە و ڕەنگانەوە
كە باوەش ئەگرنەوە بۆ ئاسمان.
پیاوێك سادە وەك وەنەوشە
چرو پڕ چۆن نزارو
خۆشەویست بە وێنەی ئاوو
گرنگ وەك نان و
ئێسك سووك وەك گوڵ هەنار!.
**********
سومبولێ لە پرشنگ وەختی بەیانیان
سومبولی لە ئازاری سەوز و
گۆرانیی ژیان.
**********
" قاسملوو" سیاسییەكی وشك و برنگ و چرو مۆچ
نەبوو!
كراوە بوو: وەك ئاسۆ، سانابوو وەك گوڵە گونم
پڕ پڕ بوو لە وردە ئەستێرەی پەندو
لە پرژە پرژی قەڵبەزەی پێكەنین و لە پاكژی بەفرو
منداڵ و كۆترو
ئاسمانێك بوو لە پەلكە ڕەنگینەی جریوەدار!
**********
لە ماوەی یەك ساڵ دا، پێنج شەش جاری تر،
دیدەنی برایمۆكەكانی
دیموكرات و سەردانی گەورە دێی عاشقانی
كوردایەتیمان كردەوە.
جار لە دوای جار. باوەشمان پڕ تر ئەبوو لە هەڵاڵەو
خۆشەویستیمان
گەورەترو بەرینتر باوەشی ئەكرد بە چرای قاسملوو دا.
**********
دوا جار من لە "پاریس"ی ئاوێنە بەندی شێعردا
كۆڕێكم هەبوو،
لەوێ سیامەندەكانی دیموكراتم
بینیەوە بە باوەشی پڕ لە گوڵی تازەوە هاتبوون
وتیان: ئێوارە هەر لە دەفتەری خۆمان
"قاسملوو"ی ئازیزی شێعرو
هاوڕێی سروود و بینایی چاوان
چاوەڕێتانە!.
**********
دیمەوە، هەروەكوو ئەوسای شاخ، لێوان لێو بوو لە
هیوا
ئەتوت یەكەم جارە لە ئازادی ئەدوێ و یەكەم جارە
عاشقی ووشەی
نوێ ئەبێ. هێشتا هەر ئاونگی كازیوەی پێوە بوو.
لە دالانەكەی
دەفتەردا لە هاتووچۆدا بوو. لەباڵا
ئاوێنە ئەچوو. ئەوە دواجار
بوو، دوای ئەوشەوە ئیتر هەرگیزاو
هەرگیز نەمدیەوە
هەور بردی؟! یان بای وشك و
ئەستێرە؟!
كاروان كوژە كردی بە میوانی پاییز، وا
ڕۆیی.
یان سەفەری كورت خایەنەو
هاكا لە گەڵ گزینگیبەیانی دا
گەڕایەوە بۆ ئێرە!
************
هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا، ئەیبینمەوە
بووە بەگوڵ خەندەران،
یان بەكلووی بەفری سەر شاخ، یان بە
چرای بەر هەیوان.
ئەیبینمەوە، شێعرە و خەونە و گۆرانییە
و لە سەرزاری لاوانە
پەیامێكە بەرێگاوە ئەسوتێ و،
شەوقیش ئەیدا، لە بەژنی ئەو
كێوانە. لە سەر شەقام ئەو گڵۆپە و، لە
ماڵاندا گوڵدانە و
لە دەفتەری منداڵیش دا پەروانەیە و لە
هەركوێوە بۆی بڕوانی
ژیانە. هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
ئەچێتەوە كوردستان.
لە فرمێسكدا پێئەكەنێ و
لە ناو دڵی هەژاران دا میوانە
************
باڵای شاهۆ والە باڵای ئەودایە
دەریاچەكەی ورمێش لە چاویا
بۆیە هەتا بەردو ئاوێ بمێنێ
وەكوو بەهار
قاسملوومان ئەمێنێ و
ئەم ئەوینە چۆن گوڵ و دار
كۆتایی نایە!

٢٠٠٤/٧/٢٨